ڕووداو
RUDAW
ژمارە (502) دووشەممە 2018/4/23 – 3ی گوڵان 2718 (750) دینار

## نەوەی مەلیک مەحموود بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕەوتی حیکمەیە



**ڕووداو– سلێمانی**

نەوەیەکی مەلیک مەحموودی حەفید، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی سەر بە عەممار حەکیمە لە سلێمانی. کەسێکی بنەماڵەکەی دەڵێ لەسەر ئەو کارەی، پەیوەندییان لەگەڵی بڕیوە.

ئەو نەوەیەی شێخ مەحموودی حەفید ناوی مستەفا شێخ کاوەیە، شێخ سالاری حەفید، کە سەرپەرشتی مەزارگەی کاک ئەحمەدی شێخ و مەلیک مەحموود دەکات لەنێو مزگەوتی گەورەی سلێمانی، نیگەرانە لەوەی ڕۆژانە کەسانێک بەناوی بنەماڵەی حەفیدەوە خۆیان دەناسێنن و قسە دەکەن.

لەبارەی شێخ مستەفا شێخ کاوە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی نووسینگەی ڕەوتی حیکمەی وەرگرتووە لە سلێمانی، شێخ سالار ڕەتیکردەوە بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە شێخ مستەفا ڕاوێژی لەگەڵ ئەوان کردبێ.

لە سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵەوە، نووسینگەی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە سلێمانی کرایەوە و چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیش، لیستی ئەو ڕەوتە ڕاگەیێندرا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە ژمارەیەک کوردی پارێزگای سلێمانی پاڵێوراون و سەید عیسا بەرزنجی، سەرۆکایەتی لیستەکە دەکات.

نازەنین شێخ کاوە حەفید، نەوەی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید، نیگەرانە لەوەی شێخ مستەفا چووەتە نێو ڕەوتی حیکمە و دەڵێت "لەسەر ئەوە پەیوەندیمان لەگەڵی پچڕاندووە".

4«

دەنگ و قورسایی ئیسلامییەکان لەم هەڵبژاردنەدا 14

کوردە ئێزدییەکانی عەفرین بەزۆر دەکرێنە موسوڵمان 6

پارتی:
حیزبەکان لە کەرکووک داوای دەنگمان لێدەکەن 5

### پێشبینی ناوەندێکی ئەمریکی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق:

# حیزبە نوێیەکانی کوردستان 26%ی دەنگەکان دەبەن



3

ڕاپۆرتەهەواڵ 2

گەنجان بۆ "پاڵێوراوە شۆخەکە" دەبنە خۆبەخش



ڕاپۆرت 4

پێنج حیزب چاویان بڕیوەتە کورسییەکەی یەکێتی لە بادینان

ڕاپۆرتەهەواڵ 2

ژنەکەی خۆی بە وایەر دەخنکێنێ



تاراوگە 11

ئەڵمانیا یەکگرتنەوەی خێزانی کۆچبەران زەحمەت دەکات



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (502) - دووشەممە 2018/4/23



## دوو ملیار دینار بۆ مووچەی پاسەوانان زیاد دەکرێ

**ڕووداو – هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا دەستکاری بڕی پاشەکەوتی مووچەی پاسەوانان بکرێت، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەش مانگانە بڕی دوو ملیار دینار دابیندەکات.

ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانگانە بڕی دوو ملیار دینار بۆ وەزارەتی ناوخۆ زیادکرا، بەمەبەستی باشکردن و دەستکاریکردنی بڕی پاشەکەوتی مووچەی پاسەوانان. بەپێی سیستەمی نوێی مووچە کە تەنیا پلەباڵاکان ناگرێتەوە، پاشەکەوتی مووچە لەنێوان 10% بۆ 30% دەبێت.

# نرخی ماچکردنی پۆستەری ژنەکە بووە 100 ملیۆن دینار

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**ڕووداو– هەولێر**

"نەفرەت لە باب و باپیرم ئەگەر دەنگ بە تۆ نەدەم، ماشەڵڵا ماشەڵڵا لەو دەم و لێوە جوانە.." گەنجێک لەبەردەم پۆستەری کاندیدێکی ئافرەتدا بە سەرسامی دێت و دەچێ و چەند جارێکیش پۆستەرەکە ماچ دەکات" پاشان پەنجەی تەڕ دەکات و لەسەر دەموچاوی ئافرەتەکەی دەدات و دەڵێت "ئەوەش پەنجەمۆری من بۆ تۆ، بە نەفرەت بم ئەگەر دەنگ نەدەم بە تۆ". بەڵام نرخی ئەو ماچە 100 ملیۆن دینار لەسەر هۆزی گەنجەکە کەوت.

هەر لە سەرەتای دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، پۆستەری کاندیدە ئافرەتەکان، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی جوان و بەرچاون، بەر تیر و توانج کەوتن، تەنانەت گەیشتە ئاستی ماچکردنی پۆستەری کاندیدەکان.

لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، گرتەی ڤیدیۆیی گەنجێک لە هۆزی ئەلمەجاتیم لە شاری نەجەف بڵاوکرایەوە کە پۆستەری هەدبا ئەلحەسناوی، لە هۆزی ئەلبوو عزێب کە کاندیدی لیستی "ئەنسارولحەق"ـە لە پارێزگای نەجەف، ماچ دەکات.

دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەکە، هۆزی ئەلبوو عزێب داوای ڕادەستکردنی ئەو کوڕەی هۆزی بەرامبەریان کرد کە پۆستەرەکە ماچ دەکات، دەنگۆی ئەوەش بڵاوکرایەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە داوای 40 ملیۆن دیناریان کردووە، بەڵام دواتر هەدبا حەسناوی ڕوونکردنەوەیەکی لە فەیسبووکەکەی خۆیەوە بڵاوکردەوە و ڕەتیکردەوە کە بۆ ئەو بابەتە پارەی وەرگرتبێت. ئەو پاڵێوراوە ژنە گوتی کە کەسانێک پاڵنەری ئەو گەنجە بوونە بۆ ئەوەی زیان بە دەنگەکانی لە هەڵبژاردن بگەیێنێت.

لەنێوان دەنگۆ و ڕاستیدا، گرتەی ڤیدیۆیی چارەسەرکردنی کێشەکە بڵاوکرایەوە و کەسوکاری هەردوولا قسەیان لەسەری کرد و ئەوەشیان پشتڕاست کردەوە کە بە پارە کێشەکەیان چارەسەر کردووە، بڕی پارەکەش 100 ملیۆن دینارە. دواتر کەسوکاری کوڕەکە بە بەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە داوای لێبوردنیان لە هۆزەکەی هەدبا حەسناوی کرد.

### باوکی کوڕەکە

### سوپاسیان دەکەین کە تۆڵەیان لێنەکردینەوە

وەرگرتنی ئەو پارەیە کاردانەوەیەکی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان بەدوای خۆیدا هێنا و دەیان هەواڵ و ڕاپۆرتی لەسەر کرا و زۆر کەس ڕەخنەیان لەو پاڵێوراوە گرت، یەکێک لە فەیسبووک بە توانجەوە لە هەدبا دەپرسێ "ئەگەرتۆ ببیتە پەرلەمانتار هەر بەم شێوەیە کێشەی خەڵکی چارەسەر دەکەیت؟". یەکێکی دیکە نووسیویەتی: "پارەی بانگەشەکەی لەو داماوە وەرگرت". هەروەها یەکێکی دیکە ڕەخنە لە هۆزەکەی هەدبا دەگرێ و دەنووسێ: "ئەگەر ئەو هۆزە پێیانوایە ناموسیان ئەتککراوە، بۆچی لەسەر دیوارەکان ناموسیان هەڵدەواسن!". یەکێکی دیکەش نووسیبووی "ئەگەر دەنگیش نەهێنێت، تازە مووچەی شەش مانگی پەرلەمانی وەرگرت".

هەدبا حەسناوی، لە دوای ئەو سوڵحەی هۆزەکەی لەگەڵ کەسوکاری کوڕەکە کردیان، ڕایگەیاند "سەرەڕای ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر پۆستەرەکەم، بەڵام لە کارەکەم بەردەوام دەبم، ئەوانەی یاساش نازانن، فێریان دەکەین یاسا چییە و چۆن ڕێزی لێدەگرن".

باوکی ئەو کوڕەی پۆستەرەکەی هەدبای ماچ کردووە، دەڵێت: "بێگومان ئەو پارەیە شتێکی ڕەمزییە، هۆزی کچەکە لەسەر حەقن و ئەوان مافیان هەیە چۆن سزای بەرامبەرەکەیان بدەن، سەربارى ئەوەش سوپاسیان دەکەین کە بڕیاری تۆڵەکردنەوەیان نەدا".



ئەو گەنجەی پۆستەری هەدبا ئەلحەسناوی ماچ کرد خەریک بوو شەڕ لەنێوان دوو هۆزدا هەڵبگیرسێنێ

# گەنجان بۆ "پاڵێوراوە شۆخەکە" دەبنە خۆبەخش



**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

کچێکی شۆخ و شەنگی کوردی ئێزدی لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دهۆک خۆی کاندید دەکات و بە ماوەیەکی کەم پەیجەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لایکباران دەکرێ.

ڕووناک عەلی کچێکی کوردی ئێزدیی دانیشتووی سوێدە، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دهۆک بەربژێر کراوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانی، ڕووناک بووە جێی سەرنجی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیجەکەی لە فەیسبووک لە ماوەی هەفتەیەکدا 23 هەزار جار لایک کرا. هەندێک گەنجی موسڵمانیش بڕیاریانداوە خۆبەخشانە بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ بکەن.

### به هەفتەیەک 23 هەزار لایکم بۆ هاتووە

ڕووناک عەلی

ڕووناک عەلی دەڵێت نازانێ جوانییەکەی تا چەند سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، بەڵام دەڵێت ئەو لەبەر جوانییەکەی خۆی کاندید نەکردووە، بەڵکو ژیانە ئارام و خۆشەکەی سوێدی جێهێشتووە بۆ ئەوەی لە پەرلەمان بەرگری لە کوردی ئێزدی بکات.

سەبارەت بەوەی جوانییەکەی تا چەند ڕۆڵ دەبینێ لە دەرچوونی، ڕووناک گوتی: "ڕاستە جوانی کاریگەری هەیە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە چەند گروپێکی گەنجانی موسوڵمان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بانگەشەم بۆ بکەن، جگە لەوەش بەردەوام تەلەفۆنم بۆ دەکەن".

گوتیشی: "پەیجەکەم لە ماوەی هەفتەیەکدا 23 هەزار جار لایک کراوە، جگە لەو نامانەی لە ڕێگەی مەسنجەرەوە بۆم دێن".

ڕووناک عەلی، دەرچووی کۆلیژی یاسای زانکۆی دهۆکە، خەڵکی شارۆچکەی شاریایە، 10 ساڵ لەمەوبەر چووەتە دەرەوەی وڵات. باوکی ڕووناک سەرمایەدارێکی ئێزدییە و ڕووناک دەڵێت هاوکارییەکی زۆری ئاوارە ئێزدییەکانی کردووە.

ڕووناک لەبارەی ژیانی خێزانی، بە پێکەنینەوە گوتی "لە وێنەی پۆستەرەکانم زۆر گەنج دیارم، بەڵام تەمەنم 34 ساڵە و هاوسەرگیرم کردووە و دایکی دوو منداڵم".

لیستەکەی پارتی لە دهۆک لە 22 کاندید پێکدێ کە هەشتیان ژنن، ڕووناک لەبارەی ئەوەی کە تا چەندە بەهیوای سەرکەوتنە لەم هەڵبژاردنە، دەڵێت: "متمانەم بەخۆم هەیە و دەنگی پێویست دەهێنم".

# دۆستی ژنەکەی دەکوژێ و خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

هەرێم کە هەشت ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ شنۆ خێزانیان پێوە نابوو، دوای گەڕانەوەی لە دەوامی فەرمانگەکەی، هاوژینەکەی لەگەڵ پیاوێک دەبینێ و دەستبەجێ پیاوەکە دەکوژێ، ئێستا بکوژەکە و ژنەکەی لەدەستی پۆلیسدان.

شنۆ هەموو گیانی دەلەرزی، بە ترس و گریانەوە باسی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا و پەشیمانم". ئەو دەڵێت لەگەڵ هەرێم بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردووە، لە ژیانی هاوسەرگیریشی هیچ کێشەیان نەبووە!

شنۆ هەروەها دەڵێت: "من ژنی ماڵ بووم ئەویش فەرمانبەر بوو، بەردەوام لەگەڵ کچە هاوڕێکانی پەیوەندی دەکرد و نامەی دەگۆڕییەوە، تەواو بێزار ببووم، دڵنیابووم پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتدا هەیە، شەوانە تێلی دەکرد، ئەمانە هەمووی لە دڵمدا کۆببووەوە".

شنۆ باسی ناسینی ئەو کوڕە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ داناوە و دەڵێت: "هەرێم مۆبایلەکەی فرۆشتبوو، ژمارەکەی من لە نێو مۆبایلەکەی ئەو مابوو، ڕۆژێکیان کەسێک تەلەفۆنی کرد و دواتر چەند جارێک پەیوەندی کردەوە، منیش وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە هاوژینەکەم بڕیارمدا ببمە هاوڕێی، چەند جارێک یەکدیمان بینی و هەفتەیەک لەمەوبەر بانگم کرد بۆ ماڵەوە".

شنۆ باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات کە ئەو کوڕە هاتووەتە ماڵیان و دەڵێت "پیاوەکەم لەدەوام بوو، هەموو ڕۆژێ کاژێر دووی پاشنیوەڕۆ دەگەڕایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە زوو گەڕایەوە. لەناکاو دەرگای ژووری نووستنەکە کرایەوە و هەردووکمانی پێکەوە بینی، ئیتر لەناکاو دەمانچەی دەرهێنا و چەند گوللەیەکی تەقاند و هەڵهات".

شنۆ پەشیمانە و بەردەوام ئەوە دووبارە دەکاتەوە "خۆزگە هیچکات بیرم لە تۆڵەکردنەوە لە هاوژینەکەم نەدەکردەوە، بەدەستی خۆم ژیانی خۆمم تێکدا".

دوای چەند ڕۆژێک هەرێم کە زانی هاوژینەکەی خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە، ئەویش بڕیار دەدات خۆی ڕادەست بکات، لە کاتی وەرگرتنی وتەکانی لە بنکەی پۆلیس، هەرێم گوتبووی: "ئەو ڕۆژە زوو لە دەوام گەڕامەوە، لەبەر دەرگای ژوورەوە پێڵاوی پیاوێکم بینی، پێموابوو کەسێکی خۆمان بێ، بەڵام دەنگێک لە ژووری نووستنەکە دەهات، ڕاستەوخۆ دەمانچەکەم هەڵگرت و بەرەو ژوورەکە ڕۆیشتم، بینیم لە جێگای من، پیاوێک بە ڕووتی ڕاکشاوە، بۆیە بەرچاوم ڕەش بوو، یەکسەر تەقەم لێکرد و کوشتم".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "هەفتەی ڕابردوو ئافرەتێک بەتۆمەتی ناپاکیکردن خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد و هاوژینەکەشی سەرەتا هەڵهات بەهۆی ئەوەی کەسێکی کوشتبوو کە لەگەڵ هاوژینەکەیدا بووە، بۆیە دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر بەپێی مادەی 406 فەرمانی گرتنی بۆ تاوانبار دەرکرد، دوای کەمتر لە هەفتەیەک تاوانبار خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد و هاوژینەکەشی بەپێی مادە 377 ی ناپاکی دەستبەسەر کراوە".

# ژنەکەی خۆی بە وایەر دەخنکێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

ساڵێک بوو خلود بەهجەتی تەمەن 36 ساڵ قسەی لەگەڵ مێردەکەی نەدەکرد، بڕیاریاندا بۆ ئاشتبوونەوە لە ئارایشگەکەی خلود یەکدی ببینن. بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام و هەر لەوێ ئەحمەدی هاوژینی بە وایەری موجەفیفە خلودی خنکاند.

خلود کوردی ڕۆژئاوا بوو، ساڵێک و شەش مانگ بوو لە هەولێر دەژیا، خاوەنی دوو کوڕ بوو، بەڵام بەردەوام کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبوو.

ئەحمەد حەسەن، تەمەنی 38 ساڵان، پاش خنکاندنی هاوژینەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "لەگەڵ هاوژینەکەم نەدەگونجاین، بڕیارمان دا جیاببینەوە، بەڵام هێشتا کێشەکەمان لە دادگا کۆتایی نەهاتبوو، من گەڕامەوە بۆ سووریا، خلود لە ماڵی براکەی بوو لە هەولێر، ئارایشگایەکی لە نزیک ئەوان دانابوو، دوای گەڕانەوەم داوام لێکرد قسە بکەین و کێشەکەمان یەکلابکەینەوە، بۆیە ویستمان یەکدی ببینین، لە ئارایشگەکەی ئەو یەکدیمان بینی، من بەردەوام داوام لێدەکرد بگەڕێینەوە لای یەکتر، خلود پێیگوتم هیچ شتێک وەک جاران لێنایەتەوە و من ئێستا هاوڕێیەکی کوڕم هەیە و ئەوم خۆشدەوێت، ئاگادارم تۆش هاوڕێی کچت هەیە، بەو قسانەی زۆر تووڕە بووم، تەواو سەرخۆشیش بووم، ئاگام هیچ لە خۆم نەمابوو، موجەفیفەی ساڵۆنەکەم بەردەست کەوت، لە ملیم توند کرد تا خنکا".

خەدیجە خوشکی خلودە و لە هەولێر دەژیت، ئەو بە گریانەوە باسی ژیانی خوشکەکەی کرد و بە (ڕووداو)ی گوت: "خوشکەکەم 14 ساڵە لەگەڵ ئەحمەد هاوسەرگرییان کردووە، ئەحمەد خراپ بوو لەگەڵی و لێیدەدا، بژێوی ژیانیشی بۆ دابین نەدەکرد، پەیوەندی لەگەڵ کچی دیکە هەبوو، دڵیشی لە خلود پیس بوو نەیدەهێشت بچێتە ماڵی کەس، تەنانەت من کە خوشکی بووم بە ساڵ نەمدەبینی، بۆیە خلود بڕیاری جیابوونەوەی دا، ئەحمەد جێیهێشتن و گەڕایەوە سووریا، دوایی کە گەڕاوەتەوە بەزۆر داوای لە خوشکەکەم کردووە یەک ببینن و بە سەرخۆشی خوشکەکەمی بەشێوەیەکی دڕندانە کوشتووە".

موقەدەمی مافپەروەر کاروان مامەند، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی عەنکاوە بە (ڕووداو) ی گوت: "ڕۆژی 2018/4/16 پەیوەندیمان پێوەکرا کە کەسێک بە بێهۆشی لەبەردەم ئارایشگایەکدا کەوتووە، دەستبەجێ چووینە شوێنی ڕووداوەکە و بینیمان گەنجێک کەوتووە و بێهۆشە، دواتر چووینە نێو ئارایشگاکە و بینیمان ژنێک لەسەر زەوی کەوتووە و بە وایەری موجەفیفەی ئارایشتگاکە خنکێنراوە".

کاروان مامەند گوتیشی: "دوای ئەوەی پیاوەکە بەهۆش خۆی هاتەوە، دانی بەوەدا نا کە ئەو ژنەکەی کوشتووە و هۆکاری کوشتنەکەشی بۆ تووڕەبوون و سەرخۆشبوونی گەڕاندەوە".



تەرمی خلود بەهجەت لەنێو ئارایشتگاکەیدا

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (502) - دووشەممە 2018/4/23





## سەرکردەیەکی هاوپەیمانی پشتیوانی کاندیدێکی پارتی دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

دڵشاد عەبدولڕەحمان، بەرپرسی پەیوەندییەکانی لیستی هاوپەیمانی دیموکراسیی و دادپەروەری دوای تەماشاکردنی بەرنامەی کاندیدی ژمارەی 2ی لیستی پارتی لە دهۆک لە بەرنامەی 10 پرسیاری ڕووداو، دەڵێت "جێی خۆیەتی دەنگدەرانی سەرجەم لیستەکان کەسانی وەک ئەحمەد سەفار بنێرنە بەغدا". دڵشاد عەبدولڕەحمان لە فەیسبووکی خۆی نوسیوویەتی "بینەری بەرنامەی 10 پرسیاری ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکاری بەتوانا ڕەنج سەنگاوی بووم. میوانی بەرنامەکەی بەڕێز د. ئەحمەد سەفار بوو، کە کاندیدی پارتییە لە دهۆک و پسپۆڕی بواری دارایی و زانستی ژمێریارییە. سەرەڕای سەرنجە سیاسییەکانم لەسەر کاندیدی ناوبراو، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی جێی خۆیەتی دەنگدەرانی سەرجەم لیستەکان کەسانی وەک ئەحمەد سەفار لە لیستەکانیانەوە بنێرنە بەغدا".

## پێشبینی دەزگایەکی ئەمریکی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق:

# حیزبە نوێیەکانی کوردستان 26%ی دەنگەکان دەبەن

**ڕووداو– هەولێر**

ڕۆژی 12ی ئایار خەڵکی عێراق بۆ چوارەم جار لە 15 ساڵی ڕابردوودا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و چارەنووسی 329 کورسی پەرلەمان و کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراق دیاری دەکەن. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و بەشداریی خەڵک و لێکەوتەکانی دەخاتەڕوو.

### ڕێژەی بەشداری نزم دەبێ

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا باس لە ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکەدا دەکرێ و دەڵێت 60%ی کورد ئامادەن بەشداریی دەنگدان بکەن. ڕێژەی بەشداری عەرەبە سوننەکانیش دەگاتە 60%. بەڵام تەنیا 51%ی شیعەکان ئامادەییان دەربڕیوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا دەنگ بدەن. بەو جۆرەش پێشبینی دەکات ڕێژەی گشتیی دەنگدان تەنیا 55% بێت.

### بۆچی دەنگ نادەیت؟

بەشێکی ڕاپۆرتەکەی (CSIS) تەرخانە بۆ پرسیاری "بۆچی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەی؟". لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا 56%ی کورد گوتوویانە: "هەڵبژاردنەکان هیچ ئامانجێک ناپێکن"، 21%ی بەشداربووان دەڵێن: "بەربژێرەکان چاویان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانە. لە کاتێکدا 6.3%ی بەشداربووان ڕایان وایە "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پێشوەخت دیارە". هەر لەو ڕووەوە 66%ی عەرەبی سوننە و 58 %ی عەرەبی شیعە وەهای دەبینن کە "هەڵبژاردنەکان هیچ ئامانجێک ناپێکن"، هەروەها 28 %ی عەرەبە سوننەکان و 30%ی عەرەبە شیعەکان وای بۆ دەچن کە "بەربژێرەکان چاویان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانە"، لە کاتێکدا 4.4%ی عەرەبە سوننەکان و 6.1%ی عەرەبە شیعەکان پێیانوایە "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی پێشوەخت دیارە".

ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردن 55 % دەبێ

### دەنگ بە کێ دەدەیت؟

ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە بەسەر دوو دەستەدا دابەشکراوە، دەستەی یەکەم بەپێی ژمارەی هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دەستەی دووەم بەپێی ژمارەی ئەوانەی بە دڵنیاییەوە دەنگ دەدەن. بەو پێیەش دوو پێشبینی هەتا ڕادەیەک جیاواز بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ژمارەی دەنگی هەرکام لە لایەنەکان خراوەتە ڕوو. لەو بەشەدا لەسەر بنەمای 211 کورسی، پێشبینی ژمارەی کورسی لایەنەکان کراوە کە بەو جۆرەیە:

پارتی و یەکێتی پێکەوە 18 کورسی، گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و کۆمەڵی ئیسلامی (لیستی نیشتیمان) هەشت کورسی، نەوەی نوێ 4 کورسی و یەکگرتوو دوو کورسی.

### پێشبینییەکان بۆ لیستە عەرەبییەکانیش بەو جۆرەیە:

نەسری حەیدەر عەبادی 72 کورسی، دەوڵەتی یاسای نووری مالیکی 19 کورسی، فەتحی هادی عامری 37 کورسی، سائیرونی ڕەوتی سەدر 27 کورسی و وەتەنییەی ئەیاد عەلاوی 15 کورسی و حیکمەی عەممار حەکیم 5 کورسی.

لەو بەشەی کە فۆکەس لەسەر ئەو دەنگدەرانەیە کە یەکلابوونەتەوە، ژمارەکان هەندێک گۆڕانکارییان بەسەردا دێ و پێشبینییەکان لەسەر بنەمای 220 کورسی بەو شێوەیەیە:

پارتی و یەکێتی پێکەوە 21 کورسی. گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، کۆمەڵی ئیسلامی و نەوەی نوێ هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت. لە لیستە عەرەبییەکانیش نەسر دەبێتە 78 کورسی، وەتەنییە 14 کورسی و سائیرون 29 کورسی.

پارتە ئیسلامییەکان لە ناوچە شیعەکان لە شکاندان

لە هەڵبژاردنەکانی 2014 دا پارتە ئیسلامییەکان 89% ی دەنگەکانیان لە ناوچە شیعەکان بەدەستهێنابوو. پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا پارتە ئیسلامییەکان تەنیا 65%ی دەنگی خەڵکی ئەو ناوچانە ببەن، 35%ی دەنگەکانیش بۆ پارتە نائیسلامییەکان دەچێ.



بەپێی ڕاپرسییەک حیزبە بچووکەکانی کوردستان 4%ی دەنگەکانی هەڵبژاردن دەبەن (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### پاسەوانانی کۆن و دەموچاوە نوێیەکان

وەک ڕاپۆرتەکە بەبیری هێناوەتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵ لەمەوبەردا 82%ی دەنگەکان بۆ پارتە لەمێژینەکانی کوردستان چوون و 18%ی دەنگەکان بۆ پارتە نوێیەکان چووە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی 2018دا چاوەڕێ دەکرێ 26%ی دەنگەکان بۆ پارت و گرووپە نوێیەکان بێ، 70%ی دەنگەکانیش بۆ پارتە کۆن و لەمێژینەکان و 4%یشی بۆ پارتە بچووکەکان بێ.

### سیناریۆی هاوپەیمانییەکان

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی، دوو سیناریۆی پێکهێنانی هاوپەیمانی لە دوای هەڵبژاردنەکان هەن. لە هاوپەیمانێتی یەکەمدا نەسر، وەتەنییە، قەرار، سائیروون، حیکمە، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، نەوەی نوێ و هاوپەیمانێتی عەرەبی هەن.

لە کۆی ئەو 218 کورسییەی کە ڕاپۆرتەکە وەکو بنەمای لێکدانەوەکانی خۆی وەریگرتووە، 141 کورسی بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە دەبێ.

هاوپەیمانیی دووەم لە نێوان فەتح، دەوڵەتی یاسا لەگەڵ پارتی و یەکێتی دەبێ. ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات ئەو هاوپەیمانێتییە لە کۆی 218 کورسی 77 کورسی ببات.

## دەنگیان بۆ کاندیدی تورکمانی حیزبەکان دەچێ

# تورکمانەکانی هەولێر بە 50 هەزار دەنگەوە ناگەنە پەرلەمان

**سیروان عەباس**
**ڕووداو– هەولێر**

تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان چاویان لەوەیە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراقدا بەبێ نوێنەر نەبن، بەڵام دابەشبوونی کاندیدەکانیان بەسەر حیزبە کوردی و تورکمانی و عێراقییەکان، ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی نەتوانن نوێنەر بنێرنە بەغدا، پەرلەمانتارێکی کوردستانی بەرەی تورکمانیش پێیوایە ئەمجارە نوێنەریان لە پەرلەمان دەبێت و کاندیدەکانیان دەتوانن زۆرینەی دەنگی پارتە تورکمانییەکان ببەن بەوانەشی کە لە پارتییەوە نزیکن.

بەرپرسانی تورکمان لە هەولێر دەڵێن نزیکەی 50 هەزار دەنگدەریان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە کورسی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بهێنن، ئەمجارەشیان ئەگەری هێنانی کورسی کەمە، بەهۆی دابەشبوونی کاندیداکانی تورکمان بەسەر حیزبە تورکمانی و ناتورکمانییەکاندا، بەڵام بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی بە دڵنیاییەوە دەڵێت کە ئەمجارە دەنگدانی تورکمانەکان بەفیڕۆ ناڕوات.

ئایدن مەعرووف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەرەی تورکمانی لە بازنەی هەولێر پێنج کاندیدی هەیە، بەڵام هەموویان کادری بەرەی تورکمانی نین و یەکێکیان ئەندامی دەستەی زانایان و ئەوی دیکەشیان کادری حیزبی هەولێری تورکمانە، بەڵام لەژێر یەک چەتردا کۆبوونەتەوە".

ئایدن مەعرووف پێیوایە دەنگی تورکمانەکان وەکو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو پەرتەوازە نابێت و دەڵێ: "جگە لە بەرەی تورکمانی، حیزبە تورکمانییەکانی دیکە نە بەشدارن و نە کاندیدیان هەیە، ئەمەش وا دەکات دەنگەکانیان بۆ بەربژێرەکانی بەرەی تورکمانی بێت، تەنانەت دەنگی ئەو حیزبانەش بەدەستدێنین کە لە پارتییەوە نزیکن".



تورکمانەکانی هەولێر 10 کاندیدیان لە سێ لیستدا هەیە

گورزە گەورەکە ئەگەر بە حیزبە تورکمانییەکان بکەوێ، ئەوە بەهۆی مەلا بەشیر خەلیل حەدداد دەبێ کە کەسایەتییەکی دیاری تورکمانییە و کاندیدی پارتییە بۆ ئەم هەڵبژاردنە. بەڵام ئایدن مەعرووف دەڵێت: "مامۆستا بەشیر خۆی بە تورکمان نازانێت و ئێمەش ئەو بە تورکمان نازانین، بەڵام لە ڕاستیشدا نەوەی باوانێکی ڕەسەنی تورکمانە، پێشتریش ئەدایەکی حیزبییانەی هەبووە، نەک نەتەوەییانە، بەڵام بڕوا ناکەم دەنگی تورکمانەکانی هەولێر ببات".

مەلا بەشیر خەلیل حەدداد کە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کاندیدی پارتی بوو، دەنگێکی زۆری هێنا و گەیشتە پەرلەمان. مەلا بەشیر بە (ڕووداو)ی گوت: "دەنگدەرەکانی من هەولێرین، تورکمان و کوردیشن". ئەو پێیوایە ئەگەر تورکمانەکان بە لیست و کاندیدی کەمتر بەشداری هەڵبژاردنیان کردبا، کاریگەرییان زیاتر دەبوو، چونکە بە گوتەی ئەو "زۆریی کاندید و لیست دەنگەکان پەرتەوازە دەکات".

جگە لە کاندیدەکانی بەرەی تورکمانی و پارتی، چوار تورکمانی دیکە لە هەولێر لە لیستی هاوپەیمانێتی نەسر کە حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکات، لە بازنەی هەولێر خۆیان بەربژێر کردووە. هیمان ڕەمزی کە یەکێکە لە کاندیدەکانی لیستی عەبادی بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆکاندیدکردنم لەسەر داوای هاوپەیمانێتی نەسر بوو، من وەکو تورکمانێک دەمەوێ بچمە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایین".

ڕەمزی هۆکاری خۆکاندیدکردنی لەو لیستە عەرەبییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە سێ خولی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا تورکمانەکانی هەولێر نوێنەریان نەبووە و کۆتاشیان نییە، وەک خۆی دەڵێت دەیەوێ لە فراکسیۆنێکی بەهێز خۆی کاندید بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەو ئامانجەی بگات.

جگە لە هیمان ڕەمزی، سێ تورکمانی دیکەی هەولێر کاندیدی هاوپەیمانێتی نەسرن، هیمان ڕەمزی دەڵێت کەسیان ناناسێت و لەنێو لیستەکەدا ناویانی بینیوە، بەڵام متمانەی بەوەیە کە فراکسیۆنەکەی هۆکارێک بێ بۆ چوونە بەغدا.

تورکمانەکانی هەولێر بە خەڵکی ڕەسەنی شاری هەولێر هەژمار دەکرێن و 40-50 هەزار دەنگدەریان هەیە و پێنج کورسی کۆتایان لە پەرلەمان هەیە، بەڵام لە پەرلەمانی عێراق کۆتایان نییە، لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا هیچ تورکمانێک لەسەر لیستی حیزبە تورکمانییەکانی کوردستان نەگەیشتوونەتە پەرلەمانی عێراق. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش 10 کاندیدی تورکمان کێبڕکێ لەسەر دەنگی تورکمانان دەکەن، لەوانەش 5 کاندیدی بەرەی تورکمانی، چوار کاندیدی هاوپەیمانێتی نەسر و کاندیدێکیش لە لیستی پارتی.

# لەعنەتی قاعیدە و داعش لە کاندیدا سوننەکان نابێتەوە

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**ڕووداو– هەولێر**

ئەو کاندیدا سوننانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوسۆزی ڕێکخراوە توندئاژۆکانی وەکو قاعیدە و داعش بوونە، لەعنەتی ئەو هاوسۆزییە لەدوایان نابێتەوە و ئەم ڕۆژانە کە هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن گەرمە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەوتوونەتە بەر هێرشێکی توند.

ڕەعد سلێمان، ساڵی 2014 سەرۆکی دەستەیەک بوو بەناوی "دەستەی هاوئاهەنگی بۆ سەرپەرشتیکردنی شۆڕشی سوننەکان". ڕەعد دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕێکخستنی سوننەکاندا لە سەردەمی ناڕەزایەتییەکانی هەردوو پارێزگای ئەنبار و نەینەوا. بەڵام ئێستا کاندیدە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

ڕەعد ئەو کاتەی داعش لە بەغدا نزیک دەبێتەوە، لە لێدوانێکدا دەڵێت: "ئەمڕۆ شەڕ دەچێتە نێو بەغدا، ئێمە دەوڵەتی ئیسلامیمان ئاگادار کردەوە کە پێویستمان بە ڕاگەیاندنی ویلایەتی ڕوتبە و گەرمەیە، ئێمە چارەنووسێکی هاوبەشمان هەیە، ئەگەر تۆ پشتیوانیمان بکەیت.. دەبێ ئێمە بڕۆین بەغدا ئازاد بکەین". ئەو لێدوانە ئێستا وەکو بەڵگەیەک لە دژی ڕەعد بەکاردەهێنرێتەوە و بەشێکی زۆر لە میدیاکان هەڵمەتێکی گەورەیان لە دژی بەرپا کردووە. لە سۆشیاڵ میدیاشەوە هاشتاگی "تیرۆریست خۆی هەڵدەبژێرێ" بۆ ئەو دروستکراوە.

هێشتا بابەتی ڕەعد سلێمان کۆتایی نەهاتبوو کە هێرشی سووکایەتی و جنێو بۆ سەر لەیس دلێمی، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا دەستی پێکرد. ساڵی 2012 وەزارەتی ناوخۆی عێراق گرتەی ڤیدیۆیی دانپێدانانی لەیس دلێمی بڵاوکردەوە کە دان بەوەدا دەنێت پەیوەندی بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەبووە و ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدادا تەقاندووەتەوە.

دوای 5 ساڵ مانەوە لە زیندان، ڕۆژی 30ی ئاداری 2017 دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری ئازادکردنی لەیس دلێمی دا، ئەو ئێستا یەکێکە لە کاندیدەکانی هەڵبژاردن.

حازم ئەلڕدینی، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو دوو کەسایەتییە هیچ کێشەیەکیان نییە و دەستەی دەستپاکی و دەستەی لێپرسینەوە و دادوەریی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران هیچ تێبینییەکی لەسەریان نەبووە".

ئەو دوو کاندیدە لە چەند شوێن و لە دوایین بەیاننامەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە چەند لایەنێکی سیاسی دەیانەوێت کار لەسەر دەنگدەرانیان بکەن، تاوەکو جارێکی دیکە سوننە لە عێراق بەشخوراو بن.



## پەرلەمانتارێکی مالیکی: ئەمریکا هانی یاخیبوونی پێشمەرگە دەدات

**ڕووداو– هەولێر**

پەرلەمانتاریکی هاوپەیمانی دەولەتی یاسا رایگەیاند ، پێشکەشکردنی هاوکاریکردنی دارایی ئەمریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هاندانی ئەو هێزەیە بۆ یاخیبوون، داواشی لە سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد لەئاست ئەم پرسە بێدەنگ نەبێت. فیردەوس عەوادی ، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی دەولەتی یاسا دەڵێت "وەرگرتنی هاوکاری دارایی پێشمەرگە لەرێگەی هەژماری بانکێک لە ئەمریکا، رێزنەگرتنە لە سەروەری عێراق و هاندانی هێزەکانی پێشمەرگەیە بۆ یاخیبوون لە حکومەتی عێراق" .پەرلەمانتاری هاوپەیمانی دەولەتی یاسا گوتی: "ئەو برە هاوکاریە داراییەی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی 2016 لە نێوان مەسعود بارزانی و بۆب وورک یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا و دوور لە حکومەتی عێراق رێککەوتنی لەسەر کراوە" .

# نەوەیەکی مەلیک مەحموود لە سلێمانی بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕەوتی حیکمەیە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

نەوەیەکی مەلیک مەحموودی حەفید، بەڕێوەبەری نووسینگەی رەوتی حیکمەی نیشتمانی سەر بە عەممار حەکیمە لە سلێمانی. کەسێکی بنەماڵەکەی دەڵێ، بەهۆی ئەوەی نوێنەرایەتی لیستێکی عەرەبی دەکات پەیوەندییان لەگەڵی بڕیوە.

سوپرایزەکانی دەسپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەو لیستە عەرەبییانە بوون کە لە شارەکانی باشووری کوردستانەوە ئاڵا و لۆگۆ و دروشمە سیاسییەکانی خۆیان پیشانی خەڵک دا. یەکێک لەو لیستانەش رەوتی حیکمەی نیشتمانییە کە نەوەیەکی مەلیک مەحموودی حەفید بە ناوی مستەفا شێخ کاوە، بەڕێوەبەری نووسینگەکەیەتی. ئەو مەلیکەی تاوەکو دواهەمین ساتەکانی ژیانی دەستبەرداری هیوای دەوڵەتێک نەبوو بۆ کورد.

(ڕووداو) چەند جارێک هەوڵی دا پەیوەندی بە مستەفا شێخ کاوە، بکات و نەیتوانی، بەڵام پاڵێوراوێکی لیستەکە لە سلێمانی، دەڵێت تێگەیشتنێکی هەڵە لەوبارەیەوە هەیە و حەز ناکات لیستەکەیان وەک لیستێکی عەرەبی بناسێنرێ "ئەمە لیستێکی عێراقیە و ئێمەش بەهەموو پێوەرەکان عێراقین و ئامانجمان خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە".

سەید عیسا بەرزنجی کە کاندیدی رەوتی حیکمەیە لە سلێمانی، رەتیدەکاتەوە ئەوان رکابەری هیچ هێز و لایەنێک بن و دەڵێ، بڕواشیان بە "مۆدێلی هەڵا هەڵا و چەلەحانێ" نییە بۆ بانگەشە و خۆناساندن "هەموومان نەوەی شێخ مەحموود و بنەماڵە نێودارەکانی کوردستان و هۆز و عەشیرەتە سەنگینەکانین و لە هەموو چین و توێژەکانمان تێدایە و هاتووین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوچەیەک و شوێنێک خزمەت بکەین".

ئێستا هیچ لایەنێک لە باشووری کوردستان و تەنانەت عێراقیش دەستناکەوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان رازی بێت. هەموو کاندیدەکان بەڵێن دەدەن دۆخی خراپی نێوان هەولێر و بەغدا چاک بکەن. سەید عیسا دەڵێ "ئەگەر خۆم بە تەنیاش دەربچم، بەقەدەر ئەو 44 کورسییەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق خزمەت دەکەم".

شێخ مەحموود، کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە. ساڵی 1881 لەدایکبووە و لە نێوان ساڵانی 1919 – 1922 دەوڵەتێکی کوردی راگەیاند و خۆی بە مەلیکی کوردستان ناساند. دوو شۆڕشی دژی بەریتانییەکان بەرپا کرد و دوو ساڵی پێچوو تاوەکو توانییان شۆڕشەکەی کپ بکەنەوە. لە ساڵی 1930 جارێکی دیکە شۆڕشی بەرپا کردەوە. ئەوانە وایان کرد کە ببێتە خاوەنی کاریزمایەکی گەورە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا و نازناوی مەلیکی کوردستان لەگەڵ خۆی بباتە نێو مێژووەوە.

شێخ سالاری حەفید، رۆژانە سەرپەرشتی مەزارگەی کاک ئەحمەدی شێخ و مەلیک مەحموود دەکات لەنێو مزگەوتی گەورەی سلێمانی و نیگەرانە لەوەی رۆژانە کەسانێک بەناوی بنەماڵەی حەفیدەوە خۆیان دەناسێنن و قسە دەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن "بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا و روونە کە خێزان و بنەماڵەی حەفید کێن، چونکە کە گوتت خێزانی حەفید، واتە کاک ئەحمەدی شێخ".

لەبارەی شێخ مستەفا شێخ کاوە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی نووسینگەی رەوتی حیکمەی وەرگرتووە لە سلێمانی، شێخ سالار رەتیکردەوە بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە شێخ مستەفا راوێژی لەگەڵ ئەوان کردبێ.

لە سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵەوە، نووسینگەی رەوتی حیکمەی نیشتمانی لە سلێمانی کرایەوە و چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیش، لیستی ئەو رەوتە راگەیێندرا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە ژمارەیەک کوردی پارێزگای سلێمانی پاڵێوراون و سەید عیسا بەرزنجی، سەرۆکایەتی لیستەکە دەکات. هەریەکە لە هاوپەیمانییەکەی حەیدەر عەبادی و هاوپەیمانی نیشتمانیی ئەیاد عەللاویش بەهەمان شێوە لیستیان بۆ ئەو هەڵبژاردنە لە سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان هەیە. سەید عیسا، دڵنیایە لەوەی بە بەهێزی دەچنە نێو ئەو هەڵبژاردنە "پێشبینیمان وایە لە یەک کورسییەوە تاوەکو پێنج کورسی دەبەینەوە لە سلێمانی".

لە کوردستان نەک تەنیا لیستە عەرەبییەکان، بەڵکو تەواوی قەوارە و حیزبە سیاسییەکان هەوڵدەدەن عەشیرەت و هۆز و تیرە بەنێوبانگەکان بکەنە ئامرازی کۆکردنەوەی دەنگ.

نازەنین شێخ کاوە حەفید، نەوەی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید، نیگەرانە لەوەی شێخ مستەفا چووەتە نێو رەوتی حیکمەی نیشتمانی و بە مایەی ئازاردانی هەستی بنەماڵەکەیانی دەزانێ بەو پێیەی بنەماڵەکەیان و شۆڕش و کوردایەتی لە هەست و نەستی خەڵکی کوردستاندا گرێدراوی یەکن "ئێمە بەوە نیگەرانین، تەنانەت لەسەر ئەوەش پەیوەندیمان لەگەڵی پچڕاندووە".



مستەفا شێخ کاوە حەفید بەرپرسی ئۆفیسی رەوتی حیکمە لە سلێمانی

# پێنج حیزب چاویان بڕیوەتە کورسییەکەی یەکێتی لە بادینان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

حیزبەکان لە بادینان، وەکو باوک مردوویەک چاویان بڕیوەتە تاکە کورسییەکەی یەکێتی و هەر یەکەیان دەڵێت ئەو کورسییە بۆ خۆیانە، بەڵام یەکێتی دەڵێت با حیزبەکان دڵی خۆیان خۆش نەکەن، نەک ئەو کورسییەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دەست نادەین، بەڵکو دەیکەین بە دوو کورسی.

ئەوەی پتر چاوی بڕیوەتە کورسییەکەی یەکێتی، قەوارەکەی د.بەرهەمە کە لە ماوەی رابردوودا جێگرانی مەڵبەندی یەکێتی لە دهۆک، بەهۆی ئەوەی کار بۆ لیستەکەی د.بەرهەم

> **لە بادینان دەیکەین بە دوو کورسی**
> یەکێتی

ساڵح دەکەن، لە یەکێتی دەرکران. بەڵام پارتی و یەکگرتوو زیاتر لە بەرهەم ساڵح چاویان لەو کورسییەیە.

خالد ئەحمەد، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی یەکی پارتی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "پارتی هەشت کورسییەکەی خۆی بە مسۆگەری دێنێتەوە، شەڕی بردنەوەی کورسییەکەی یەکێتیش دەکەین".

پارێزگای دهۆک بە بانکی دەنگی پارتی لە هەڵبژاردنەکان ناسراوە، لە هەڵبژاردنی رابردوودا پارتی لەو پارێزگایە 340977 هەزار دەنگی هێنا و هەشت کورسی مسۆگەر کرد، هەروەها یەکگرتوو بە 84464 دەنگ دوو کورسی هێنا، هەرچی لیستی یەکێتییە بە 37457 دەنگەوە نوێنەرێکی ناردە پەرلەمانی عێراق. ئێستا پێنج حیزب (پارتی، یەکگرتوو، گۆڕان، هاوپەیمانی و نەوەی نوێ) دەڵێن ئەو کورسییەی یەکێتی دەبەن.

بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت ئەوان ترسی لەدەستدانی کورسییان نییە، بە تایبەتی بەهۆی دروستبوونی قەوارەی نوێ. خالید ئەحمەد دەڵێت: "دەنگی پارتی و یەکگرتوو جێگیرە، بۆیە پێشبینی دەکەم دەنگی یەکێتی بەسەر گۆڕان و هاوپەیمانی و نەوەی نوێدا دابەش ببێ، ئەمەش لە قازانجی پارتییە و دواجار رەنگە کورسییەکەی یەکێتیش بۆ ئێمە بێ".

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت کورسییەکەیان لەدەست نادەن. قادر عیدۆ، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "با هیچ حیزبێک دڵی خۆی بە دەنگەکانی

> **لە بادینان دوو کورسی دەبەین**
> هاوپەیمانی

یەکێتی خۆش نەکات، ئێمە بەدڵنیاییەوە کورسییەکەی خۆمان دەهێنینەوە و رەنگە کورسی دیکەش ببەین".

ئێستا بەرپرسی مەڵبەندی چواری بادینان کە لە بازنەی پارێزگای نەینەوا خۆی کاندید کردووە، سەرقاڵی بانگەشەی هەڵبژاردنە. جێگرەکەی لەو باوەڕەدا نییە، ئەمە کاریگەری لەسەر کاروبارەکانیان هەبێ و دەڵێت "راستە بەرپرسی مەڵبەند لێرە نییە، بەڵام ئێمە لێرە هەر کاری خۆمان دەکەین، وەکو هەموو پارتەکانی دیکە بانگەشەمان کردووە".

عەبدوڵڵا عومەر، جێگری پێشووی مەڵبەندی یەکێتی کە ئێستا یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی قەوارەکەی د.بەرهەم ساڵح، باسی پێشبینی خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنە دەکات و دەڵێت: "وەزعمان لە دهۆک زۆر باشە، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە دوو کورسی لە دهۆک دەبەینەوە و شەڕ بۆ کورسیی سێیەم دەکەین". گوتیشی "کورسییەکەی یەکێتی و کورسییەکی پارتیش دەبەین".

جەمال کۆچەر، کاندیدی یەکگرتوو لە بەرنامەی 10 پرسیاری کەناڵی رووداودا رایگەیاند کە یەکێتی کورسییەکەی بادینان لەدەست دەدات. جەمال کۆچەر کە دووبارە بەربژێر کراوەتەوە، لە هەڵبژاردنی رابردوودا زیاتر لە 51 هەزار دەنگی هێنابوو، سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ دەنگی یەکگرتوو گوتی: "جگە لەو دوو کورسییەی ئێستا هەمانە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، چاومان لە کورسییەکی دیکەیە، بەڵام نازانین لە کورسیی کام لایەن کەم دەبێتەوە بۆ ئێمە".



یەکێتی لە هەڵبژاردنی رابردوودا لە دهۆک 37457 دەنگی هێنابوو

# کاندیدەکان لە ژمارە 13 دەترسن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو– سلێمانی**

"من بە ژمارەیەکی شووم وەرمنەگرتووە، ئاسایی بوو بەلامەوە بەو ژمارەیە بچمە نێو هەڵبژاردنەوە، بەڵام لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هێرشێکی شوومیان کردە سەرم"، پاڵێوراوی ژمارە 13ی پارتی لە سلێمانی، یەکەم کاندیدی ژن بوو لە باشووری کوردستان کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە بڵاوکردنەوەی وێنە تایبەتەکانی، رووبەڕووی هێرش بووەوە.

بەڵام ئایا ئەو گێژاوەی ئەوی تێکەوت، پەیوەندی بە ژمارەکەیەوە هەبوو لە لیستەکەدا؟ چونکە تاوەکو ئێستاش لە کولتووری هەندێک لە گەلاندا ئەو ژمارەیە لە ریزی ژمارەکانی دیکە براوەتە دەرەوە و بە ئاسایی سەیری ناکرێ.

د.هێشوو رێبوار کە هەر لە رۆژە بەراییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، دەبوو لە جیاتی قسەکردن لەسەر پرۆژەکانی خۆی روونکردنەوە بدات لەسەر ئەو وێنانەی بڵاوکراونەتەوە، دەڵێ: "راستە ئەو وێنانە هەوڵێک بوون بۆ ئەوەی کێشەم بۆ دروستبکەن، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستخواردوون و ترسە لەوەی کە دەنگدەرێکی باشمان هەیە". گوتیشی " ئەوە دەستبردن بوو بۆ کۆمەڵێک فایلی تایبەتی و کەسیی من بۆ ئەوەی بە خراپ بشکێتەوە بەسەرمدا، بەڵام من پێموایە نەخۆم شوومم و نە ژمارەکەشم".

لەنێو هەندێک کولتوور و کۆمەڵگەدا ژمارە 13 چیرۆکی زۆری لەبارەوە دروستکراوە. زۆربەی چیرۆکەکانیش وایان لە خەڵک کردووە پێشوازی لێنەکەن. تەنانەت لە کوردستانیش خەڵک سڵ لەو ژمارەیە دەکەنەوە و خۆشیان ناوێ. دەگوترێت، هەریەکە لە ناپلیۆن و کریستۆفەر کۆلۆمبس و چەرچڵ، زۆر لەژمارە 13 ترساون. یان بەشێکی زۆر لە یاریزانەکانی تۆپی پێ حەز ناکەن ئەو ژمارەیە بخرێتە سەر درێسەکانیان، تەنانەت ئەو جۆرە تێگەیشتنە بازی داوەتە نێو سیاسەتیشەوە.

پاڵێوراوی ژمارە 13ی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی، دان بەوەدا دەنێ کە ژمارەکە شوومە "ژمارەکە لەسەرەتاوە لێیدام، چونکە بەهۆی نەخۆشکەوتنەوە لە لیستەکەم کشامەوە". ئێستا بەهۆی کشانەوەی بەفراو ئەحمەد، لیستی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پاڵێوراوی ژمارە 13ی تێدا نەماوە. ئەو دەڵێ لەکاتێکدا لە لیستەکە کشاوەتەوە کە زۆر کاری کردووە و زۆر کەسیش بەڵێنیان پێداوە دەنگی بدەنێ " بەهۆی نەخۆشییەوە نەمتوانی کار بۆ سەرخستنی خۆم بکەم و کشامەوە".

بەڵام دکتۆر حوسێن شەفیق، دەیەوێ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە باوە بکات و بەو ژمارەیەوە لەنێو ململانێی سەختی هەڵبژاردن و بانگەشە ئاگرینەکەیدا بەردەوام بێ. هەرچەندە نایشارێتەوە ئەگەر لە سەرەتاوە بەویستی خۆی بووایە، ئەوا ژمارەیەکی دیکەی هەڵدەبژارد "لەگەڵ ئەوەشدا من رازیم بە ژمارەکە، بەڵام من دەمەوێت بیسەلمێنم ژمارە 13 شووم نییە، بەڵکو ژمارەی بەختە"، پاڵێوراوی ژمارە 13ی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی وا دەڵێ.

بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق دەیەوێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چوارساڵ لەمەوبەری خۆی بە پاڵێوراوە ژمارە 13 کان بڵێ، بۆچوونی خۆتان لەو بارەیەوە بگۆڕن و ژمارەکان وەک یەک تەماشا بکەن " من لە هەڵبژاردنی ساڵی 2014 پاڵێوراوی ژمارە 13 ی لیستی پارتی بووم لە هەولێر، لەنێو سەنتەری پارێزگای هەولێر زۆرترین دەنگم هێنابوو، بۆیە وای نابینم ئەو ژمارەیە بەو شێوەیە بێت کە خەڵک باسی دەکەن". د. تاریق رەشید، وایگوت.

بەڵام لەو هەڵبژاردنەی کە د.تاریق باسی دەکات، لەنێو هەموو لیستە کوردستانییەکانی بەشداربووی ئەو هەڵبژاردنە لە هەر چوار پارێزگاکەی باشووری کوردستان، تەنیا ئەو گەیشتە پەرلەمان.

هێشتا بڕوا و بۆچوونی بەشێک لە خوێندەوارەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئەوە ژمارەی نەهاتی و نەهامەتییە. ئەنوەر برزۆی کتێبفرۆش، وەک خۆی دەڵێ قژی لەنێو کتێبدا سپی کردووە و ئاگای لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی شارەکەیەتی، ئەو پێیوایە تاوەکو ئێستا خەڵکی وابەستەی دابونەریتە کۆنەکانە "هەموو رۆژەکان و ژمارەکان لای من یەکە، بەڵام خەڵکی سیاسی و رووناکبیر و خەڵکێکی زۆر کە خۆی بەعاقڵ دەزانێ، باوەڕی وایە ژمارە 13 شوومە".

# پارتی دەنگەکانی خۆی لە کەرکووک ناداتە کەس

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە کەرکووک، هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە پارتی دەنگەکانی خۆی لە کەرکووک بداتە لایەنێکی دیکە و دەڵێت "بڕیاری کۆتایی ئێمە ئەوەیە کە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەین و دەنگ نادەین".

بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی کەرکووک لەلایەن پارتییەوە، باسوخواسی هەڵبژاردنی لە پارێزگای کەرکووک ئاڵۆزتر کردووە، چونکە لایەنە کوردستانییەکانی بەشداربووی ئەو هەڵبژاردنە لەلایەک هیوا لەسەر ئەو بایکۆتە هەڵدەچنن و لەلایەکی دیکەشەوە دەترسن ئەو بایکۆتە سەری بەشێک لە دەنگەکانی ئەوانیش بخوات، لەم نێوەندەدا هێشتا هیوایەکیان هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی پارتی ئەگەر لە کۆتایی یارییەکەشدا بێ، بڕیارێکی دیکە بدات.

محەممەد کەمال، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە کەرکووک دەڵێت: "بڕیاری کۆتایی مەکتەبی سیاسی پارتی ئەوەیە لە کەرکووک هەڵبژاردن بایکۆت دەکات، بەڵام ئەگەر دەنگدەرێکی پارتی کەسێکی نزیکی لەسەر لیستێکی دیکە خۆی هەڵبژاردووە و لەبەر خزمایەتی دەیەوێ دەنگی پێبدات، ئەوە ئازادە".

ئەو بەرپرسەی پارتی لە کەرکووک هەروەها دەڵێت: "پارتی پێش هەڵبژاردن پرۆسەی سیاسی لە پارێزگای کەرکووک بایکۆت کردووە، چونکە پرۆسەیەکی نایاسایی و نادروست و نائاساییە، ئێ کە دۆخەکە وابوو تۆ چۆن دەتوانی بانگەشە بکەی و داوا لە خەڵک بکەی دەنگت بدەنێ؟".

بەپێی ئەوهەواڵانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، پارتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەنگدەرانی لەو پارێزگایە تێگەیاندووە کە دەنگ بە پاڵێوراوەکانی یەکگرتوو بدەن. هەندێکجاریش هەواڵەکان بە قازانجی لیستی حیزبی سۆشیالیست بڵاودەکرێنەوە. بەڵام بەرپرسانی پارتی ئەوە رەتدەکەنەوە.

محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، لە وەڵامی ئەو دەنگۆیانەدا دەڵێت: "هیچ کەس لە پاڵێوراوەکانی پارتی شایستەتر نازانین تاوەکو دەنگی پێبدەین، ئێمەش پاڵێوراومان نییە".

ئەو بەرپرسەی پارتی هەروەها گوتی: "بەردەوام حیزبەکان پەیوەندی بە لقەکەمانەوە دەکەن و داوا دەکەن هاوکارییان بکەین و دەنگەکانی خۆمان بدەین بەوان، هەر لەو روانگەیەشەوە ئەو جۆرە هەواڵانە بڵاودەکرێنەوە، بەڵام پەیامی ئێمە ئەوەیە دەنگ نادەین".

> **ئەگەر پارتی دەنگمان بداتێ، دەبینە نوێنەری ئەوانیش لە پەرلەمان**
> سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە کەرکووک

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە ساڵی 2014 یەکێتی 209 هەزار دەنگی لە کەرکووک هێنا و توانی 6 کورسی ئەو پارێزگایە ببات. پارتیش بە 63 هەزار دەنگ تەنیا دوو کورسی بردەوە. ئەگەرچی زۆر لۆمەی پارتی دەکرێ لەسەر بایکۆتی هەڵبژاردن لە کەرکووک، بەڵام حیزبەکان چاویان بڕیوەتە ئەو دەنگانەی پارتی.

محەممەد کەمال، دەڵێ پێویست ناکات چیدی لایەنە کوردستانییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن لە کەرکووک سەرزەنشتی پارتی بکەن لەسەر ئەو بایکۆتکردنە "چونکە من دڵنیام بەشداریش بکەین کورد لەو دۆخەی ئێستا ناتوانێ دەنگی خۆی بهێنێتەوە". وەک ئەو گوتی، کاریش ناکەن بۆ ئەوەی خەڵک بایکۆتی بکات.

حیزبەکان هەریەکە و لای خۆیەوە هۆشداریی دەدەن لەو رەوشە ناهەموارەی کەرکووک پێیدا تێدەپەڕێ، کەچی هێشتا ئەم هۆشدارییدانە نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڵوێستێکی هاوبەشی کوردستانی بێنێتە ئاراوە. بە جۆرێک کە کورد لەو شارەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، ناتوانێ لە گوتاری هەڵبژاردندا باسی سەربەخۆیی و دروشمە نەتەوەییەکان بکات و بانگەشەیەک بکات کە دڵخوازی خەڵک بێت.

سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە کەرکووک، هێشتا ناتوانێ بڵێ کە بایکۆتکردنی پارتی لە کەرکووک چی بەسەر دەنگی کورد دێنێ "خەڵکی کەرکووک تووڕەن و زۆر کەس دەڵێن ناچین بۆ دەنگدان، بەڵام وردە وردە خەڵک تێدەگەن کە ئەگەر نەچن بۆ دەنگدان، دەنگ و کورسی تورکمان و عەرەب زۆرتر دەبن، بۆیە ئەوە وایان لێدەکات رای خۆیان بگۆڕن و بەشداریی بکەن"، جوان حەسەن هەروەها دەڵێ: "خەڵکی کەرکووک ناچارن چاوپۆشی لە هەڵەی حیزبەکان بکەن و دەنگ بدەن لە پێناوی ئەوەی دەنگی کورد کەم نەبێتەوە".

ئەو بەرپرسەی یەکگرتووی ئیسلامی، پێیوایە کاریگەریی بایکۆتکردنی پارتی دەردەکەوێ بەسەر دەنگی کوردەوە، بەڵام پێیوانییە پارتی دەست لە کەرکووک بەربدات و ئەگەر لە ساتەکانی کۆتاییشدا بێ، بڕیارێک دەدات "ئەگەر دەنگ بە ئێمە بدەن، پێشوازی لێدەکەین و بڕیار دەدەین ببینە جێگای متمانەیان و نوێنەرایەتی ئەوانیش بکەین لە پەرلەمان".

سەبارەت بە بەشدارینەکردنیان لە کەرکووک، هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ئەوە بە هەڵوێستێکی سیاسیی دەزانێ. هەورامی لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا گوتی: "ئێمە بەشداری هەڵبژاردنێک ناکەین کە رەمزی نەتەوەیی تێدا نەبێت، بەشداری هەڵبژاردنێک ناکەین کە شەرعیەت بداتە ئەو خیانەتەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا کراوە، بەڵام خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە دەنگدەری پارتی لە کەرکووک بە قازانجی کۆی گشتی پێگەی کورد لە کوردستان و لە عێراقیش بەکاردەهێنێ، ئێمە تەکنیکێکی خۆمان هەیە کە نایەڵین ئەو دەنگانەی پارتی لە کەرکووک بەفیڕۆ بچن، پارتی لەو بارەیەوە بڕیاری سیاسی خۆی داوە".




پارتی لە هەڵبژاردنی رابردوودا لە کەرکووک 63 هەزار دەنگی هێنابوو

> **حیزبەکان داوای دەنگمان لێدەکەن**
> بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک

## جەرجیس گوڵیزادە، بەربژێری لیستەکەی عەبادی لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# هەر کاندیدێکمان 4000 دۆلاری بۆ بانگەشە وەرگرتووە

کاندیدی لیستی سیاسەتوانێکە کە وڵاتینامەی بەریتانیای هەیە و بە کەسێکی کاریگەر بە سیاسەتی بەریتانی ناسراوە، بەڵام ئەم لە کافێیەکی فەرەنسی بەدەم خواردنەوەی کۆکتێلێکەوە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات. جەرجیس گوڵیزادە، کاندیدی ژمارە یەکی هاوپەیمانیی نەسر (سەرکەوتن)ی حەیدەر عەبادییە لە هەولێر، بەڵام ئەو بەناوی "لیستی د.حەیدەر عەبادی لە هەولێر" بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات، ئەو دەڵێت ترسی لە کاردانەوەی خەڵک هەبووە لەوەی بە هەڵە لە وشەی "سەرکەوتن" تێبگەن و وابزانن مەبەست لە سەرکەوتنی عەبادییە بەسەر کورددا.

هەڤپەیڤین: ساڵح قادر
ڕووداو – هەولێر



**ڕووداو: کانیدی لیستی هاوپەیمانی نەسری، بەڵام لە فەیسبووک بەناوی "لیستی د.حەیدەر عەبادی لە هەولێر" بانگەشە دەکەی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** لیستەکەی د.حەیدەر عەبادی بەناوی نەسرە، واتە سەرکەوتن. بەڵام من لێرە لە ترسی هەڵە لێکدانەوە، بەناوی سەرکەوتن بانگەشە ناکەم. بە تایبەتی دوای تێکچوونی پەیوەندی هەولێر و بەغدا لە دوای رووداوەکانی کەرکووک.

**ڕووداو: تۆ سەرۆکی لیستەکەی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر، ئەو لیستانەی لە پارێزگاکان دروستکراون بە مەفهومی ئەوان لیستی لاوەکین. مانای ئەوە نییە ژمارە یەک، سەرۆکی لیستە. لیستەکە یەک سەرۆکی هەیە، ئەویش د.حەیدەر عەبادییە. ئێمە بەس پاڵێوراوین. بۆیە حەز ناکەم بە سەرۆک لیست ناوم بهێنرێ.

> **تا ئێستا عەبادیم نەبینیوە**

**ڕووداو: خۆپاڵاوتنت چۆن بوو، پەیوەندیت پێیانەوە کرد، یان ئەوان پەیوەندییان بە تۆوە کرد؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** ئەوان داوایان کرد، وەنەبێ من هەوڵم دابێ. دوو مانگ لەمەوبەر بەرپرسی نووسینگەی حەیدەر عەبادی دەعوەتی کردم بۆ بەغدا. من لە بەغدا وەکو نووسەرێکی کورد ناسراوم. نووسینەکانم لە بەرژەوەندی هەولێر و بەغدایە، لەو باوەڕەدام کاندیدکردنەکەم هەر لەبەر ئەوە بووبێ.

**ڕووداو: هیچ مەرجێکت هەبوو بۆ خۆکاندیدکردن؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** مەرجەکەم ئەوە بوو گلەییشم کرد کە خودی دکتۆر عەبادی رووئیایەکی روون و ئاشکرای بۆ دۆزی کورد نییە. بۆ ئەوەی کورد سوودی لێ وەربگرێ. چونکە زەروورەتێکی مێژوویی هەیە کە ئێمە لە داهاتوودا دەبێ هاوبەش بین. مەرجێکی دیکەشم ئەوە بوو کە بە تایبەتمەندێتیی خۆمەوە بمێنمەوە. راستە کوردی عێراقیم. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە بۆچوونم لەگەڵ ئەوان یەک بێت. ئەرکەکەی من ئەوەیە وەکو کوردێک تەنانەت وەکو عێراقییەک، هاوتەباییەکی ستراتیژی لە نێوان هەردوولا دابمەزرێنم.

**ڕووداو: دەتەوێ ئەوەی سیاسەتمەدارانی کورد لە 14 ساڵی رابردوو لە بەغدا پێیان نەکراوە، تۆ بیکەی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر بەو قەبارەیە نا، ئێمە تاکێکین، ئەو دەسەڵاتەمان نییە، من لە باکگراوەندی خۆم وەکو نووسەر و رۆژنامەنووس، یان وەکو چاودێرێکی سیاسی، رووئیایەکی تایبەت بە خۆم هەیە سەبارەت بە پەیوەندیی هەولێر و بەغدا. زۆرجار موخاتەبەی قیادەی سیاسی کوردم کردووە، زۆر هەوڵم لەگەڵ پارتی و یەکێتی داوە، سوودی نەبووە. ئێستا هەلێک هاتووەتە پێش و دەمانەوێ سوودی لێوەربگرین.

**ڕووداو: خودی حەیدەر عەبادیت بینیوە؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر، پێش ماوەیەک بڕیار بوو یەکدی ببینین، بەڵام سەردانێکی لەناکاوی بۆ هاتە پێش. بڕیارە لە داهاتوودا یەکدی ببینین.

**ڕووداو: ئەگەر بینیت، چی پێدەڵێی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** پێیدەڵێم ئەو پەیوەندییەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە دوو مەنزووردا سەیر بکات، یەکێکیان دەستووری و ئەوی دیکەشیان مرۆیی. هەرێمی کوردستان بەشێکی ستراتیژییە لە عێراق، مانای وایە دەبێ بۆچوونی ستراتیژی بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەبێ. دەبێ حیسابێکی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان بکات. دەتوانرێ پردی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکرێ. سیاسییەکانی عێراق رووئیای ستراتیژییان بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەبووە، هەندێکیان هەر بە چاوی دوژمن سەیری هەرێمی کوردستانیان کردووە. بەڵام بەڕێز د.حەیدەر عەبادی ئەو نەزرەیەی نییە. ئەو پردە پەیوەندییەی من باسی دەکەم دەکرێ لەگەڵ عەبادی دروستبکرێ، بەڵام کورد پەیامێکی روونی بەرامبەر بەغدا نییە، ئەگەر ئەو پەیامە روونە هەبێ، دڵنیام دەبینە دۆست لەگەڵ عەبادی.

> **پێشتر سیڤیم بۆ یەکێتی نارد، بەڵام بەربژێریان نەکردم**

> **لە هەولێر کورسی ناهێنین**

**ڕووداو: ئەمە بۆچوونی خۆتە، یان لە سەرکردەکانی نزیک لە عەبادیت بیستووە.**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر ئەوە خوێندنەوەی خۆمە بۆ واقیعی ئەوان. خاڵێک هەیە سەرکردایەتی کورد زۆر بە باشی بیری لێ نەکردووەتەوە. عێراقییەکان بە گشتی هەستیارن بە بابەتی جیابوونەوە. ئێمە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین. حکومەتی عێراق 100 ساڵە ئێش دەکات لەسەر ئەوەی کە کوردستان بەشێکە لە عێراق. ئێمە ناتوانین بە شەو و رۆژێک بڵێین عێراقییەکان وەرن ماف ئینسانی و نەتەوەییمان هەیە.

**ڕووداو: باوەڕت بە یەکپارچەیی خاکی عێراق هەیە؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** ئەگەر بەرژەوەندی کورد بە تەواوی تێدا رەنگ بداتەوە، بەڵێ باوەڕم پێیەتی.

**ڕووداو: حیزبەکان هەفتەیەکە دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووە، بەڵام ئێوە هیچ پۆستەرێکتان لەسەر شەقامەکان نابینرێ، کەی دەست بە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** لە چەند رۆژی داهاتوو دەستپێدەکەین، یەکەمجاریشە لێرە بەشداری هەڵبژاردن دەکەین، بۆیە دەمانەوێ بانگەشەیەکی هێمنانە بکەین و رێزی هەستی خەڵک بگرین، چونکە رەنگە هەندێک کەس هەبن بە هەڵە لە ئێمە تێبگەن.

**ڕووداو: بانگەشە لەسەر گیرفانی خۆتانە، یان لیستەکەی عەبادی هاوکاری کردوون.**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نزیکەی 50 رۆژ لەمەوبەر ئیئتیلاف بڕی 4000 دۆلاری بۆ هەر کاندیدێک ناردووە بۆ بانگەشە.

**ڕووداو: دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانی دیکە چۆن بوو، تۆ بەربژێرت کردن؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر، خۆی لیستەکەی هەولێر لە 12 کەس پێکهاتبوو، سێیان مەرجەکانی کۆمیسیۆنیان تێدا نەبوو پەسەند نەکران، دواتر یەکێکی دیکەشیان دوورخرایەوە. هەڵبژاردنەکە تاکانە بوو، هیچمان ئاگاداری ئەوی دیکە نەبووین کە کاندید کراوە.

**ڕووداو: هەمووتان کوردن؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر، لیستەکە زیاتر تورکمانە، چوار تورکمانن و سێ کوردن و یەکێکیش عەرەبە.

**ڕووداو: دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە پاڵێوراوی لیستەکەی عەبادیت لە هەولێر، هیچ گرفتیان بۆ دروست نەکردی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** نەخێر، بە پێچەوانەوە لە مەسەلەی کردنەوەی نووسینگەی ئیئتیلاف لە هەولێر، ئاسایش و پارێزگای هەولێر زۆر رێزیان گرتین و هاوکارییان کردین، زۆر سوپاسیان دەکەم.

> **عەبادی رووئیایەکی روونی بۆ دۆزی کورد نییە**

هەندێک میدیا بە خراپ باسمان دەکەن، بەڵام ئێمە ناچینە بەغدا عەگالی عارەبان لەسەر بنێین، دەچین بۆ ئەوەی بە جلی کوردی بگەڕێین.

**ڕووداو: دەگوترێ سیڤیت بۆ یەکێتی ناردبوو کاندیدت بکات؟ بۆچی یەکێتی کاندیدی نەکردی؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** راستە، بەڵام ئەوە کۆنە، بۆ خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق بوو. ئەویش ئەوان داوایان کرد، کاک سەعدی ئەحمەد پیرە بانگی کردم و گوتی حەز دەکەم بتکەینە بەڕێوەبەری گشتی لە هەولێر، ئەگەرنا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەربژێرت دەکەین. داوایان لێکردم سیڤی بنێرم، سیڤییەکەم نارد، بەڵام من قەڵەمەکەم زۆر رەخنەگرە، هەست دەکەم هەر لەبەر ئەوەش کاندیدیان نەکردم.

**ڕووداو: پێشوازی خەڵک لە لیستەکەتان چۆنە؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** رۆژانە خەڵک پەیوەندیم پێوە دەکەن، حەز دەکەن بێنە نووسینگە و کارمان لەگەڵ بکەن، زۆریان داوا دەکەن بکرێنە چاودێری سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەوانەی دەمناسن دەڵێن ئێمە دڵنیاین ئەگەر تۆ بچیتە بەغدا قسەی خێرمان بۆ دەکەی.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان دەنگ بهێنن؟**

**جەرجیس گوڵیزادە:** لەو باوەڕەدا نیم دەربچین. ئەگەر ئیستیحقاقی هەر کورسییەکی پەرلەمانی لە 30 هەزار دەنگ زیاتر بێ، رەنگە ئەو دەنگە نەهێنین، بەڵام ئەگەر کەمتر بێ رەنگە کورسی ببەین.

> **لەترسی کاردانەوەی خەڵک بەناوی عەبادییەوە بانگەشە دەکەم**

## هەسەدە دەیەوێ لە واشنتن ئۆفیس بکاتەوە



**ڕووداو – هەولێر**

بەگوێرەی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی وەزارەتی دادی ئەمریکا، ئەنجوومەنی دیموکراتیکی سووریا داوای کردووە ئۆفیس لە واشنتن دی سی بکاتەوە. ئەنجوومەنی دیموکراتیک باڵی سیاسی هێزەکانی سووریای دیموکراتە. لە بەشێک لە داواکەدا هاتووە ئامانج لە کردنەوەی ئۆفیسەکە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ئەمریکایە بەرامبەر پرۆسەی دیموکراتی لە سووریا و هاندانی حکومەتی ئەمریکا بۆ پشتگیریکردن لە فیدرالیزمی سووریا کە ئەنجوومەنی دیموکراتیک وەکو بەشێک لە گواستنەوە بەرەو دیموکراسی لە سووریا لەقەڵەمی دەدا. هێزەکانی سووریای دیموکرات لەساڵی 2015 بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراوە.

# کوردە ئێزدییەکانی عەفرین بەزۆر دەکرێنە موسوڵمان

**ڕۆژنامەی ئیندیپێندنت:**

**چەکدارە ئیسلامییەکان دەستیان کردووە بە گۆڕینی ناوی گوندە ئێزدییەکان بۆ ناوی ئیسلامی**



شێخ قەمبەر و خێزانەکەی لە ترسی چەکدارە ئیسلامییەکان عەفرینیان جێهێشتووە و ڕوویان لە قامیشلۆ کردووە

**ڕووداو – هەولێر**

گرووپە ئیسلامییەکانی نزیک لە تورکیا دەستیان بەسەر گوندە ئێزدییەکانی ناوچەی عەفریندا گرتووە، بە هەڕەشەی کوشتن خەڵکی گوندەکان ناچار دەکەن ببنە موسوڵمان، پەرستگا و شوێنی نزای کوردە ئێزدییەکانیشیان وێران کردووە.

شێخ قەمبەر، کوردێکی ئێزدی تەمەن 63 ساڵ، بۆ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی قسەی کردووە و باسی بارودۆخی ئەو کوردە ئێزدییانە دەکات کە ڕازی نەبوون ماڵ و حاڵی خۆیان لە دەوروبەری عەفرین چۆڵ بکەن.

قەمبەر جووتیارێکی خەڵکی گوندی قەستەڵ جندۆیە لە ناوچەی عەفرین. بە گوتەی قەمبەر هەندێک لە کوردە ئێزدییەکان بەزۆر پەلکێشی مزگەوت کراون بۆ ئەوەی ئایینی خۆیان بگۆڕن، هەندێکیشیان لە ڕێگەی خۆراک و پێداویستیی تەندروستی بەرەو مزگەوتەکان ڕاکێشراون، یەکێک لەو کەسانە ناسیاوێکی تەمەن 70 ساڵی قەمبەرە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، چەکدارە ئیسلامییەکان دەستیان بە گۆڕینی ناوی گوندە ئێزدییەکان بۆ ناوی ئیسلامی کردووە. شێخ قەمبەر باسی دەستگیرکردنی خۆی لە عەزاز دەکات، کاتێک خۆی و خێزانەکەی دەیانویست لە عەفرین ڕابکەن. چەکدارەکە لە قەمبەری پرسیبوو خەڵکی کوێیە، قەمبەر لە وەڵامدا ناوی قەستەڵ جندۆی هێنابوو. چەکدارەکەش گوتبووی "ئەو شوێنە چیدی قەستەڵ جندۆ نییە. ئێستا ناوی ئەلقودسە، بەناوی پایتەختی فەلەستینمان کردووە. ئەم ناوچانە لەلایەن بێباوەڕەکانەوە داگیرکرابوون، ئێستا دەگەڕێتەوە دەست خاوەنە ئەسڵییەکانی و ناوە ئەسڵییەکەشی بۆ دەگەڕێتەوە. ئێمە بۆ وەرگرتنەوەی خاکی خۆمان و بڕینی سەری ئێوە هاتووین".

شێخ قەمبەر لە وەڵامی هەڕەشەی کوشتنیدا گوتبووی هەرچی بەسەری بێ بەویستی خودایە. چەکدارەکەش گوتبووی: "دەمت دابخە، ئێوە بێباوەڕن، تۆ چووزانی خودا چییە". قەمبەر هۆکاری ئازادکردنی خۆی بۆ تەمەن و نەخۆشیی خۆی دەگەڕێنێتەوە.

قەستەڵ جندۆ بە گوندی کوردە ئێزدییەکان ناسراوە و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە هەندێک لە خەڵکی گوندەکە دوای هێرش بۆ سەر ناوچەکە ڕایانکردووە و هەندێکیان لە ترسی لەدەستچوونی ماڵ و حاڵی خۆیان نەیانوێراوە شوێنەکە چۆڵ بکەن. قەمبەر دەڵێ ئەوانەی لە گوندەکان ماونەتەوە "دەبردرێنە مزگەوتەکان و لەوێ فێری نوێژی ئیسلامی دەکرێن. پەرستگاکانیشمان تەقێنراونەتەوە".

قەمبەر لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی بورج عەقدێل (بورج عەبدالۆ)، باسوفان، فەقیرا، توروندێ قسەی کردووە و هەموویان باسیان لەوە کردووە کە چەکدارەکانی سوپای ئازادی سووریا فێری نوێژی ئیسلامیان دەکەن. شایەتحاڵە ئێزدییەکە پێیوایە ئەوەی لەو گوندانە ڕوودەدا بەشێکی هەڵەی خەڵکی ناوچەکەیە، بەتایبەتیش ئەوانەی دوای هێرشی هێزەکانی سەر بە تورکیا گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. بە بۆچوونی قەمبەر ئەو خەڵکە وانەیان لە ڕووداوەکانی شنگال وەرنەگرتووە "کاتێک ئافرەتە ئێزدییەکان وەکو کۆیلەی سێکس ڕفێنران و شەرەف و کەرامەتمان بردرا".

ئۆفیسی هاوئاهەنگیی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت 137 هەزار کەس بەهۆی هێرشی تورکیا و سوپای ئازادی سووریاوە لە عەفرین ئاوارە بوون، 150 هەزار کەسیش لە ناوچەکە ماونەتەوە، لەو ژمارەیەش 50 هەزار کەسیان لە سەنتەری شاری عەفرینن و 100 هەزار کەسیشیان لە ناوچە گوندییەکانن. ڕاپۆرتەکەی (ئیندیپێندنت) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکانێکی زۆر لەوانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ عەفرین، لەلایەن سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیاوە ڕێگرییان لێدەکرێ.

ڕاپۆرتەکانی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ زانیارییەکانی قەمبەر پشتڕاست دەکەنەوە. لەو ڕاپۆرتانەدا باس لەوەش کراوە کە ئاوارەیەکی زۆری غوتەی ڕۆژهەڵات لە عەفرین و دەوروبەری نیشتەجێ کراون، تەنانەت عەبدولناسر شەمیر، فەرماندەی فەیلەقی ڕەحمان و ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەکانی ئەو هێزە لە شاری عەفرینن. ئاوارەکانی دیکەی غوتەی ڕۆژهەڵاتیش لەو خانووبەرانەدا دانراون کە خەڵکی ناوچەکە لەکاتی هێرشی تورکیادا چۆڵیان کردبوون.

قەمبەر و هاوژینەکەی لە قامیشلۆ نیشتەجێن و بەرامبەر داهاتووی ناوچەکەی خۆیان و ڕۆژئاڤای کوردستان گەشبین نین، ئەوان نیگەرانن لەوەی تورکیا هێرش بکاتە سەر هەموو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاڤا. قەمبەر دەڵێ دەکرێ لە داهاتوودا کوردە ئێزدییەکان بەهۆی ئایین و نەتەوەکەیانەوە گەورەترین زیانیان لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردییەکان بەربکەوێ.

# چەکدارانی داعش لە دەوروبەری کەرکووک خۆیان پێشانی خەڵک دەدەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

سەرهەڵدانەوەی چەکدارانی داعش خەڵکی سنووری پارێزگای کەرکووکی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. دانیشتوویەکی دەوروبەری کەرکووک دەڵێت ڕۆژانە بە چاوی خۆیان چەکدارانی داعش دەبینن.

"ئێمە بە چاوی خۆمان دەیانبینین دەسووڕێنەوە، دێن مریشک و قەل و قازی خەڵک دەبەن، بەڵام ئازاری کەس نادەن". ئەو گوندنشینە لە ترسی چەکدارەکانی داعش نەیویست (ڕووداو) ناوی بڵاوبکاتەوە.

ئەو گوندنشینە کە کوردە و گوندەکەی نزیکە لە قەزای داقووق، باس لەو ترسە زۆرە دەکات کە باڵی کێشاوە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا و نازانن ئایا ڕۆژە تاڵەکانیان لەگەڵ بەهێزبوونەوەی چەکدارانی داعش دەگەڕێنەوە، یان دەبێ بۆ ساڵانێک لە نێو تەراتێنی ئەو چەکدارانە و ئۆپەراسیۆنە ناوبەناوەکانی حەشد و سوپای عێراقدا بمێننەوە "ئەگەر داوای هاوکاریش بکەین، وەک پێویست نایەن بەدەممانەوە، چونکە پێشمەرگە لێرە نەماوە".

لە 16 ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە هێزی پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکان نەماوە و سوپای عێراق و گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی شوێنیان گرتوونەتەوە. ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک بەهۆی ئەوەی تەنیا شارۆچکەکانی گرتەوە، دەرفەتێکی دایە چەکدارانی داعش بۆئەوەی سەرلەنوێ لە گوندەکاندا خۆیان ڕێکبخەنەوە.

دەرباز نەجات، کارگێڕی کۆمیتەی یەکێتی لە لەیلان، قسەی گوندنشینەکانی ناوچەکە پشتڕاست دەکاتەوە لەبارەی جموجوڵی چەکدارانی داعش و دەڵێ: "بە گرووپی بچووک دەردەکەون، بە ڕۆژ لە چەمی ڕۆخانەن، کە شەویش دادێ دەچنە نێو گوندەکان و کەلوپەلی خەڵک دەبەن، خەڵکیش ناوێرن باسیان بکەن".

گوندەکانی حەفتەغار کە ژمارەیەک گوندی سەر بە قەزای داقووقن، لەو ڕۆژانەی ڕابردوو جموجوڵی زۆری ئەو چەکدارانەی بە خۆیەوە بینیوە. دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کە چەند ساڵێک گیرۆدەی پەلامار و هێرشە لە ناکاوەکانی داعش بوون، وا دووبارە تووشی دڵەڕاوکێ دەبنەوە.

دەرباز کە کەسوکاری نزیکی خۆی لەو گوندانە دەژین، دەڵێت "شەو خەویان نییە، سوپای عێراق نزیکەی 10 کیلۆمەتر لێیانەوە دوورە و پێشمەرگەش لەوێ نییە بیانپارێزێ". ئەو دەڵێ ئێستا سوپای عێراقیش ناوچەکەی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ. دەرباز گوتی "لە ئەفسەرێکی سوپام پرسی، بۆچی کێومالْ ناکەن، بەڵام گوتی ناوچەکە فراوانە و بەبێ پێشمەرگە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین".

لە ڕۆژانی پێش دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەنگوباسی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کەرکووک گەرم بوو، بەڵام هەفتەی پێشوو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە.

ئەو کارگێڕەی کۆمیتەی یەکێتی لە لەیلان، دەڵێ هەینی ڕابردوو چەکدارانی داعش لە یەکێک لە گوندەکانی حەفتەغار بە ئاشکرا لەنوێژی هەینیدا قسەیان بۆ خەڵک کردووە و پێیانگوتوون "حەقتان بەسەر ئێمەوە نەبێ و زانیاری لە بارەی ئێمەوە مەدەن بە سوپای عێراق، ئێمەش زیانتان پێناگەیێنین و کارمان نییە بەسەرتانەوە، بەڵام ئەگەر زانیاریمان لەبارەوە بدەن، بێگومان ئێمەش سزاتان دەدەین".

ئیدریس حاجی، کادری یەکێتییە و یەکێکیشە لە پاڵێوراوەکانی یەکێتی لە داقووق بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت چەکدارانی داعش لە ناوچەکە جموجوڵیان هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سوپای عێراق لەوێ کەمن و دوورن لێیانەوە. گوتیشی "تاوەکو ئێستا چەکدارانی داعش لەم ناوچەیە زیانیان بە هیچ کوردێک نەگەیاندووە".

هەرچەندە لە ماوەی ڕابردوودا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە فەرمی کۆتاییهاتنی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام ئێستا ڕۆژانە پلەدارە سەربازییەکانی سوپاکەی هۆشداری دەدەن لە سەرهەڵدانەوەی داعش.

سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە پشتیوانی نێوخۆیی هەندێک لە عەرەبە سوننەکان بۆ ئەو چەکدارانە هۆکاری ئەوەیە کە دووبارە بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستنەوە، ئازاد جەباری دەڵێ: "ئاگامان لە جموجوڵەکانیانە و دەزانین کە دێن و دەچن و تەنانەت کەلوپەل و شتی خەڵکیش دەبەن، بەڵام ئەوان ئێستا ناتوانن وەکو ڕابردوو دەست بوەشێنن". گوتیشی: "کاتێک پێشمەرگە لەم ناوچەیە بوو، ڕۆڵی زۆر باشیان هەبوو لە پاراستنی ئارامی و دڵنیایی ژیانی خەڵک بە گشتی، بەڵام ئێستا داعش ئەو هێزەی نییە ببنە هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی ناوچەکە".

## تا ئێستا 40 یان کوژراون

# موختارەکانی خانەقین واز لە کارەکەیان دێنن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

تا دوێنێ داعش هەڕەشە بوو لەسەر ژیانیان، ئێستاش حەشدی شەعبی، موختارەکانی سنووری قەزای خانەقین، بە تایبەتیش لە ناحیەی گوڵاڵە دەستبەرداری پیشەکانیان دەبن و مۆرەکانیان تەسلیم بە سەرووی خۆیان دەکەنەوە، چونکە دەڵێن هەڕەشەی چەکدارانی حەشدی شەعبییان لەسەرە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، لەماوەی 8 ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو موختارانەی لە سنووری ناحیە و گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی خانەقین کوژراون، نزیکەی 40 موختارن کە زۆربەیان لەلایەن پۆلیسی خانەقین و پۆلیسی گوڵاڵە و پزیشکی دادوەریی خانەقین، دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە.

ناحیەی گوڵاڵە کە لە نۆ گەڕەک پێکهاتووە، بەشی زۆری موختارەکانی کوردن، لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەبیانووی ئەوەی هاوکارییان ناکەن و زانیارییان نادەنێ، گۆڕدراون.

(ع. ئا) ماوەی دوو ساڵ موختاری یەکێک لە گەڕەکەکانی گوڵاڵە بووە کە 3200 ماڵ لەو گەڕەکەدا نیشتەجێ بوون، ئەو بۆ پاراستنی گیانی داوای کرد ناوی خۆی و گەڕەکەکەی بڵاونەکرێتەوە و گوتی: "نزیکەی دوو مانگە وازم لە کارەکەم هێناوە و مۆری موختاریم ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکە کردووەتەوە، هەرچەند ئەوان ڕازی نەدەبوون و قبوڵیان نەدەکرد، بەڵام لەترسی گیانی خۆم وازم هێنا".

ئەو موختارە گوتیشی: "هەر ڕۆژە عەسابەیەکی حەشد بانگمان دەکات و داوای کۆبوونەوەمان لێدەکات، زیاتر لە 10 گرووپی جۆراوجۆریان هەیە، من لە 40 کۆبوونەوە تەنیا یەک کۆبوونەوەیان چووم، پێیاندەگوتم تۆش داوای دەوڵەتی کوردستانت کردووە، منیش گوتم بەڵێ، بەمە هەڕەشەیان دەکرد و قسەی ناشیرینیان پێدەگوتم".

گرووپەکانی حەشدی شەعبی داوای پێدانی زانیاری لە موختارەکان دەکەن، (ع. ئا) دەڵێت: "هەریەک لەو گرووپانەی حەشد پێماندەڵێن دەبێت زانیاری بە ئێمە بدەن و هەڕەشە لە خۆم و ماڵ و منداڵم دەکرێت، ئەمانە لەگەڵ داعش هیچ جیاوازییان نییە و ئەمانیش هەر پاشماوەی ئەوانن".

ئەو موختارە کە چەند کەسێک لە خزم و نزیکەکانی بوونەتە قوربانی بەدەستی گرووپەکانی حەشدی شەعبی، دەڵێت زۆربەی موختارەکان وازیان هێناوە "بەشی زۆری موختارە کوردەکان وازیان لە کاری موختاری هێناوە، تا ئێستا چەند موختارێک بەدەستی ئەو گرووپانەی حەشدی شەعبی کوژراون، تەنیا بە کوشتنی خۆیان ناوەستن، بەڵکو هەڕەشە لەسەر کەسوکاریشیان هەیە، چەند کەسی نزیکی خۆم قوربانی دەستی ئەو گرووپانەن، بەتایبەت ئامۆزایەکم کە ئەویش موختاری یەکێک لە گوندەکان بوو".

(ع. ئا) ناحیەی گوڵاڵەی بەجێهێشتووە و ناتوانێ بگەڕێتەوە، چونکە حەشد وێنەیان بڵاوکردووەتەوە و وەکو تۆمەتباری هەڵاتوو ناویان هێناوە. ئەو دەڵێت: "خەمی کەسوکارەکەمە بەتایبەتی هاوژین و کوڕەکەم کە هێشتا لە گوڵاڵەن". ئەو موختارە تەمەن 56 ساڵە گوتیشی "تەنانەت بەعسیش نەیتوانی بە ڕاگواستن گوڵاڵەمان پێ جێبهێڵێت، بەڵام ئێستا بە ناچاری بەجێمهێشتووە".

(ئە.د) یەکێکی دیکەیە لە موختارەکان کە ئەویش مۆری موختاری ڕادەست کردووەتەوە و دەڵێت: "من بەهۆی ماڵ گواستنەوە وازم لە کاری موختاری هێناوە و نامەوێ باسی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بکەم".

لە قسەکانی ئەو موختارە بەئاشکرا هەستت دەکرد کە هێشتا ترسی لە حەشدی شەعبی هەیە، بۆیە نەیویست هیچ زانیارییەکیان لەبارەوە بدرکێنێ.

بەڵام یەعقوب یوسف، بەڕێوەبەری ناحیەی گوڵاڵە قسەیەکی جیاواز لەبارەی وازهێنانی موختارەکان دەکات و دەڵێت: "زۆربەی موختارەکان بەهۆی نەخۆشی یان بەساڵداچوونیان وازیان هێناوە. ڕاستە ڕەنگە حاڵەتی هەڕەشە هەبووبێ، بەڵام کەس نەهاتووەتە لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکات و هەموو ئەوانەی مۆرەکانیان ڕادەست کردووەتەوە بە ئێمە دەڵێن تاقەتمان چووە و وازدەهێنین".



زۆربەی موختارە کوردەکانی ناحیەی گوڵاڵە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە گۆڕدراون (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

یەعقوب یوسف نکۆڵی لە کوژرانی چەند موختارێک ناکات، بەڵام دەڵێت: "ئەو موختارانەی کوژراون زیاتر لە دەرەوەی ناحیەکە و لە گوندەکانن". لەبارەی هۆکاری کوژرانیشیان گوتی: "هۆکارەکەی ئەوەیە کە گرووپە چەکدارەکان زیاتر لە گوندەکانەوە دروست دەبن و مۆڵگەیان ئەو شوێنە دوورەدەستانەیە، بۆیە موختارەکان دەکوژن، تا لەلای هێزە ئەمنییەکان ئاشکرا نەبن".

## یارییە گەورەکەی رووسیا لە نەوتی کوردستاندا

# کریملین، روسنێفت بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی بەکاردێنێ، کوردستان بە نموونە

**هەرێمی کوردستان 1.8 ملیار دۆلار پارەی بۆرییە نەوتەکەی لە رووسیا وەرگرتووە**



بەڕێوەبەری روسنێفت دەڵێت، کوردستان زیاتر لە عێراق حەزی لە پەرەپێدانی هاوکارییە لەگەڵ روسنێفت

**رووداو - هەولێر**

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا کۆمپانیای روسنێفتی رووسی بە هەنگاوی گەورەوە رووی لە کەرتی وزە و ژێرخانی پیشەسازیی هایدرۆکاربۆنی کوردستان کردووە. ئەم بەشدارییە گەورەیەی روسنێفت لە لایەکەوە پەرەی بە پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان داوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکی نوێی بۆ کریملین رەخساندووە تاوەکو شوێنی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قایمتر بکات. ئاژانسی (رۆیتەرز) لە راپۆرتێکی تایبەتدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی کوردستان و روسنێفت.

## نامەکەی روسنێفت

لە گەرمەی قەیرانە سیاسییەکەی مانگی ئۆکتۆبەری کوردستاندا، ئیگۆر سێچین، سەرۆکی کۆمپانیای روسنێفت نامەیەکی بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق نارد. لە نامەکەدا کە وێنەیەکی دەست (رۆیتەرز) کەوتووە، سێچین باس لەوە دەکات کە حکومەتی بەغدا سەبارەت بە ئۆفەری روسنێفت بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی باشووری عێراق "مەیلێکی بنیاتنەرانە"ی نییە.

نامەکە ماوەیەکی کەم دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی کوردستان رەوانەی وەزارەتی نەوتی بەغدا کرابوو. لە مانگی ئۆکتۆبەردا هێزە عێراقییەکان هێرشیان کردە سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان و کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک.

سێچین کە یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی سەرۆکی رووسیایە، لە نامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مادام بەغدا مەیلی نییە کار لەگەڵ کۆمپانیا رووسییەکەدا بکات، کەواتە روسنێفت بزنسی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەگوازێتەوە. بەپێی نامەکەی سێچین "کوردستان حەزێکی زیاتری نیشانداوە بۆ ئەوەی پەرە بە هاوکارییە ستراتیژییەکانی (لەگەڵ روسنێفت) بدات".

لە دوای گشتپرسییەکەی ئەیلولی رابردوو، ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا وازیان لە بێلایەنی خۆیان بەرامبەر بە سەربەخۆیی کوردستان هێنا و بە رێگەی جیاواز بەغدایان دڵنیا کردەوە کە ئەوان بڕوایان بە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراقە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، لە نامەکەی سەرۆکی روسنێفتدا هیچ هاوسۆزییەکی لەم جۆرە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق بەدی ناکرێ. پێش گشتپرسییەکە روسنێفت بەڵێنی دابوو چەند ملیار دۆلارێک وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا بکات، لە مانگی ئۆکتۆبەریشدا، سێچین نەک هەر لەو بەڵێنە پاشگەز نەبووەوە، بەڵکو بە پێداگرییەکی زیاترەوە باسی لە پابەندییەکانی کۆمپانیاکەی لەگەڵ کوردستان کردووە.

ئاژانسە بەریتانییەکە لەگەڵ حەوت سەرچاوەی ئاگادار لە بابەتەکە قسەی کردووە، هەمووشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سێچین زۆر لەوە بەهێزترە بەرپرسانی عێراقی مەزەندەی بکەن. کاربەدەستانی روسنێفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش باس لەوە دەکەن کە ئامانجی رێککەوتنەکە تەنیا بازرگانی نەبووە، بەڵکو ئامرازێکیش بووە بۆ قایمکردنی پێگەی رووسیا لە عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. چەند رۆژێک پێش نامەکە، روسنێفت لە چوارچێوەی رێککەوتنێکدا بە بەهای 1.8 ملیار دۆلار، مافی خاوەندارێتی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان بەرەو تورکیای وەرگرت.

بەگوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان، کۆنترۆڵکردنی ئەو بۆرییە نەوتە وایکرد روسنێفت لە دانوستاندنە بەردەوامەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوت رۆڵێکی سەرەکی هەبێ. لە دوای گشتپرسییەکەی ئەیلولی رابردوو، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان وەستا.

## نێوبژیوانییەکەی روسنێفت

سەرەتای مانگی ئادار ئاژانسە بەریتانییەکە لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردبوو کە روسنێفت رۆڵێکی گرنگی لە دانوستاندنەکانی نێوان کوردستان و عێراق سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت هەیە. ئەوکات دوو سەرچاوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو مەرج رازییە هەناردەی نەوت بە تەواوەتی لە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی کوردستانەوە دەستپێبکات و داهاتەکەشی بۆ حکومەتی عێراق بنێرێ. مەرجی یەکەمیان ئەوە بوو کە هەندێک لە نەوتەکە بۆ پاڵاوگە نێوخۆییەکان رابگیرێ و مەرجی دووەمیش ئەوە بوو کە بەغدا رسووماتی گواستنەوەی نەوت بە روسنێفت بدا.

ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق، لە مانگی شوباتی ئەمساڵ رایگەیاند

**حەزمان لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی باشوور نییە**
سێچین بۆ عێراق

کە حکومەتەکەی دەرگای وەبەرهێنان لە هیچ کۆمپانیایەکی بیانی داناخات، هیچ کێشەیەکیشیان لەگەڵ کارکردنی روسنێفت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە. بەو حاڵەشەوە بەغدا ئامادە نەبوو هیچ وەڵامێکی کۆنکرێتی سەبارەت بە دوو مەرجەکەی هەولێر بداتەوە.

سێ سەرچاوەی کەرتی نەوت لە هەولێر و بەغدا، مەرجەکانی کوردستان پشتڕاست دەکەنەوە و رایدەگەیێنن کە ئامادە نین هەناردەکردنی نەوت لە بۆڕییەکانی کوردستان دەستپێبکەن و داهاتەکەی بۆ بەغدا بنێرن، ئەگەر بەغدا رسووماتی گواستنەوەی نەوت بە روسنێفت نەدات.

عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق، لە مانگی نیسان پێشوازی لە دیدیە کاسیمیرۆ کرد کە بە دەستەڕاستی سێچین لە روسنێفت لەقەڵەم دەدرێ. لعێبی سەرەتا دانی بە رۆڵی روسنێفت لە کوردستاندا نا و دواتریش ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاری لە بواری نوێکردنەوەی بۆڕییە نەوتییەکان دەربڕی.

**رێککەوتنمان لەگەڵ کوردستان سیاسی نییە**
بەڕێوەبەری روسنێفت

هەرێمی کوردستان هەموو کات وەک هاوپەیمانێکی ئەمریکا ناسراوە. بە گوێرەی راپۆرتەکەش هەنگاوەکانی یەک ساڵی رابردووی روسنێفت لە کوردستان دەریدەخات کە چۆن کریملین کۆمپانیا نەوتییەکە وەکو ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەکاردەهێنێ.

بەکارهێنانی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوە شتێکی نوێ نییە. لە گەرمەی هێرشی سەر کەرکووکدا، حکومەتی عێراق دانوستاندنی چڕی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی بەریتانی (ناسراو بە BP) دەستپێکردبوو بۆ ئەوەی کار لە کێڵگەکانی کەرکووک و دەوروبەری بکات. 10 رۆژ پێش هێرشی هێزە عێراقییەکانیش بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ئامادەیی خۆی بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و غازی سروشتیی عێراق دەربڕیبوو. ئەوکات حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە بە گەشتێکی فەرمی لە پاریس بوو، چاوی بە بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا فەرەنسییەکە کەوتبوو.

بەڵام مێژووی رۆڵی روسنێفت وەکو ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە بۆ دوو دەیەی رابردووی دەسەڵاتی فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، دەگەڕێتەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، نفوزی روسنێفت لە کەرتی هایدرۆکاربۆنی کوردستاندا وەرچەرخانێکی گەورەش لە پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستاندا دەهێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە بە هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەزانرا.

روسنێفت و کۆمپانیا حکومییەکانی دیکەی رووسیا هەم بە دوای قازانجی داراییدا دەگەڕێن و هەمیش وەکو ئەکتەرێکی سیاسی کار دەکەن. ئامۆس هۆچستاین، نێردەی تایبەتی کاروباری وزە لە ئیدارەی ئۆباما، لەوبارەیەوە بە (رۆیتەرز)ی گوت: "ئەوان (کۆمپانیا رووسییەکان) راستەخۆ راپۆرتی کارەکانیان بە پوتین دەدەن. ناکرێ بڵێین هەموو ئەو شتانەی دەیکەن سیاسین، بەڵام کاتێک پوتین دەیەوێ مامەڵەیەکی سیاسی بکات، ئەوان جێبەجێی دەکەن. رووسیا ئامرازی زۆری بۆ نفوزی سیاسی لەبەردەست نییە، وزە کاریگەرترین ئامرازیانە".

بەغدا دانی بە رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و روسنێفتدا نەناوە لەبارەی بۆرییە نەوتییەکەی کوردستان، بەڵام وەکو لە راپۆرتەکەدا هاتووە، بەشداری روسنێفت، حکومەتی عێراقی تووشی دۆخێکی سەخت کردووە، لەبەر ئەوەی شەڕی چوار ساڵەی داعش چۆڕەی لە پارەی بەغدا بڕیوە و پارەی پێویستی بۆ دروستکردنی بۆرییەکی نوێی نەوتی نییە کە ببێتە بەدیلی بۆرییەکەی کوردستان، لە هەمانکاتدا ناشیەوێ پچڕانی گەورە لە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستاندا رووبدات، چونکە پێویستی بە داهاتە.

## لە کاراکاسەوە بۆ نیودلهی

راپۆرتەکە لە زاری بەرپرسانی روسنێفت و کەسانی ئاگادار لە پیشەسازیی نەوت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رۆڵی روسنێفت لە پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیادا تایبەت نییە بە عێراق و کوردستان، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی جیهانیش ئەو رۆڵە دەگێڕن.

سەرچاوەیەکی پیشەسازیی نەوت کە ناسیاوی سێچینە، لەمبارەیەوە بە (رۆیتەرز) دەڵێ: "سێچین وەکو وەزیری دەرەوەی دووەمی رووسیا رەفتار دەکات، بە دەربڕینێکی دی، سێچین دەرخەری ئەو هێزە ئابوورییەیە کە لە پشت سیاسەتی دەرەوەی رووسیا ئامادەیە. زۆربەی جارانیش ئەو جۆرە سیاسەتانە بۆ ئەوەن پەنجە بکەنە چاوی ئەمریکاوە".

لە ڤەنزوێلا، کۆمپانیای روسنێفت شەش ملیار دۆلاری وەکو یارمەتی پێشکەش بە حکومەتی کاراکاس کردووە، خەریکیش بوو ببێت بە خاوەنی پاڵاگەکانی تێکسان لەو وڵاتە کە حکومین و بەدەست قەرزەوە دەناڵێنن. جیا لەمە روسنێفت بە بڕی 13 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە پاڵاوگەیەکی هیندستاندا کردووە. بە مەزندەی (رۆیتەرز) ئەمە بڕە پارەیەکی زۆرە بۆ یەک دامەزراوەی نەوتی، بەڵام کۆمپانیا رووسییەکە بۆ شکستهێنان بە ئارامکۆی سعودی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هیندستان و رووسیا ئەو وەبەرهێنانە گەورەیەی کردووە. لەرووی مێژوویەوە، هیندستان بە هاوپەیمانی ئەمریکا ناسراوە.

لە سەرەتای ئەمساڵدا سێچین لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (فرانکفورتەر ئاڵگێماین زایتونگ)ی ئەڵمانیا جەختی لەوە کردەوە کە دڵنیایە هەم کوردستان و هەم ڤەنزوێلاش قەرزەکانیان دەدەنەوە و رەتیشی کردەوە رێککەوتنەکانیان لەگەڵ ئەو دوو

**سێچین وەکو وەزیری دووەمی دەرەوەی رووسیا رەفتار دەکات**
ناسیاوێکی سێچین

لایەنەدا سیاسی بن. لە وەڵامی پرسیارێکیش سەبارەت بەوەی ئاخۆ خۆی وەکو سیاسییەک دەبینێ گوتی "ئەمە پرسیارێکی قورسە، زۆرجار هەست دەکەم چەندین جۆرە ژیانی جیاواز ژیاوم، وابزانم ناونیشانی پڕ بە پێست بۆ من بەڕێوەبەر بێ".

سێچین، تەمەن 57 ساڵ، لە سان پیتەرسبورگ (شارەکەی پوتین) لەدایکبووە، لە هەشتەکانی سەتەی رابردوو وەکو وەرگێڕی سوپا رەوانەی موزامبیک و ئەنگۆلا کرا، ئەو کات مۆسکۆ و واشنتن سەرقاڵی شەڕێکی بە وەکالەت بوون لەو ناوچەیە.

مێژووی ئاشنایەتیی پوتین و سێچین بۆ سەرەتای نەوەتەکان دەگەڕێتەوە. پوتین لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی سیاسی خۆی لە حکومەتی رووسیا، سێچینی بردە مۆسکۆ. سێجین یارمەتی پوتینی دا بەشی زۆری پیشەسازیی نەوتی رووسیا بەنیشتمانی بکات و لە ساڵی 2012شەوە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری روسنێفتە.

## کۆبوونەوەکەی مۆسکۆ

**وزە کاریگەرترین ئامرازی رووسیایە بۆ نفوزی سیاسی**
بەرپرسێکی پێشووی ئیدارەی ئۆباما

ساڵانێکی زۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر مافی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ناکۆکن. ئەم کێشەیە کرۆکی کێشە داراییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر پێکدەهێنێ. حکومەتی فیدراڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا بەغدا مافی رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی هەیە، بەڵام هەولێر پێیوایە هەر بەپێی دەستووری عێراق مافی رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014ەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لە رێگەی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان و تورکیا نەوت هەناردە دەکات. بەغدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو ئەو گرێبەستانەی هەولێر بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆی کردوون، بناغەیەکی یاساییان نییە.

لە هەفتەکانی پێش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول هەڵمەتێکی دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی دەستی پێکردبوو بۆ ئەوەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە سازدانی گشتپرسییەکە پاشگەز بکەنەوە. ئەو کات ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا، تورکیا و ئێران داوایان لە کاربەدەستانی کورد دەکرد بڕیاری گشتپرسییەکە هەڵوەشێننەوە یانیش دوای بخەن. وەکو لە راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)دا هاتووە لە گەرمەی ئەو کێشمەکێشە دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەدا ئیگۆر سێچین سەرقاڵی دانوستاندن لەبارەی بۆڕییە نەوتییەکەی هەرێمی کوردستان بوو.

دوو سەرچاوە بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان راگەیاندووە کە لە رۆژانی دوای گشتپرسیی سەربەخۆییدا، ژمارەیەکی بەرپرسی کورد سەردانی مۆسکۆیان کردبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی روسنێفت و وەزارەتی دەرەوەی رووسیا کۆببنەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بووە. (رۆیتەرز) لەسەر زاری کۆمەڵێک سەرچاوە ئاشکرا دەکات کە روسنێفت دوایین بەشی ئەو 1.8 ملیار دۆلارەی بە کوردستان دا کە لەسەری رێککەوتبوون.

لە رۆژی 20ی ئۆکتۆبەر، سێچین گرێبەستەکەی لەگەڵ کوردستان واژۆکرد، واتە چوار رۆژ دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هێرشیان بۆ سەر کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە دەستپێکرد و دەستیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچانەدا گرت.

## بانکی جیهانی: هەژاریی لە هەندێ ناوچەی عێراق گەیشتووەتە 41%



**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی بانکی جیهانی سەبارەت بە عێراق، ڕەوشی ژیانی هاووڵاتییان لەدوای 2014ـەوە خراپتر بووە و ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی هەژاران زیاتر بووە. بەپێی بانکی جیهانی کە پشتی بە ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق بەستووە، لە ساڵی 2014دا 22.5%ی هاووڵاتییان لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون، بەڵام لەو ناوچانەی کە لەلایەن داعشەوە هێرشکرایە سەریان، ڕێژەی هەژاری دوو هێندەی ناوچەکانی دیکەیە و بەرزبووەتەوە بۆ لە 41.2%.. بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێژەی بێکاری لە عێراق 14.8%یە.

# کاندیداکانی ئەمجارە خێریان بۆ چاپخانە خۆماڵییەکان نەبوو

**کەرەستەکانی بانگەشەمان لە کوردستان و تورکیا و ئێران و چین چاپ کردووە**

بەرپرسی هەڵبژاردنی کۆمەڵ

**سوود لە چاپخانەکانی کوردستان وەردەگرین**

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی



بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کاری چاپخانەکانی کوردستان بە ڕێژەی 70% کەمی کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا و جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – هەولێر، سلێمانی**

خاوەن چاپخانەکانی هەولێر چوار ساڵە چاوەڕێن هەڵبژاردنێک بکرێ، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو بێکارییەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە تووشی بوون، بکەنەوە، بەڵام دەڵێن کاندیدەکانی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پارە لە چاپکردنی پۆستەر لە چاپخانەکانی کوردستان خەرج ناکەن، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بازاڕیان وەکو پێویست گەرم نەبوو.

ژمارەی قەوارە و پارتە بەشداربووەکانی ئەم هەڵبژاردنە زۆرن، ئەوەش وای کردووە حیزبە بەشداربووەکان بکەونە ڕکابەرێتییەکی ئێجگار قورسەوە و هەوڵ بدەن باشترین و سەرنجڕاکێشترین پۆستەر و بانگەشەی هەڵبژاردن ئامادە بکەن. بەڵام خاوەن چاپخانەکان دەڵێن ئەو بانگەشەیە خێری بۆ ئەوان نەبووە.

وەعد عەزیز، خاوەنی سەنتەر و چاپخانەی قەندیل، بۆ چاپەمەنی گشتی و ڕێکلام لە هەولێر، دەڵێت: "دوای چوار ساڵ چاوەڕوانی بۆ هەڵبژاردن، بانگەشەی ئەمجارە، ئەو پارووە چەورە نەبوو کە چاوەڕێمان دەکرد، لەچاو هەڵبژاردنی پێشوو کاری ئێمە و چاپخانەکانی دیکە 70%ی کەمی کردووە".

وەعد عەزیز هەڵبژاردنی ڕابردوو بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر کاندیدی وا هەبوو ژمارەی لە لیستەکەی زۆر لەدواوە بوو، بایی نزیکەی 5 هەزار دۆلار ڕێکلامی تەنیا لەسەر فلێکس چاپ دەکرد، بەڵام ئێستا دێت بایی 500 دۆلار ڕێکلام چاپ دەکات و سەعاتێکیش مامەڵەت لەگەڵ دەکات".

چوار هۆکار هەن کە وایان کردووە بازاڕ و قازانجی چاپخانەکانی کوردستان کەمتر بێت لە ڕابردوو، ئەوانیش: قەیرانی دارایی، چاپکردنی بەشێک لە ڕێکلامەکان لە تورکیا و چین، چاپکردنی پۆستەری کاندیدەکان بە چاپخانەی حیزبەکان، هەروەها کێبڕکێی نێوان چاپخانەکان کە وای کردووە نرخی چاپ بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێت.

بەشێک لە حیزبەکان نایشارنەوە کە پۆستەری کاندید و لیستەکەیان لە دەرەوە چاپ کردووە و هۆکارەکەشی بۆ کواڵیتی و نرخ دەگەڕێننەوە.

پێش وادەی یاسایی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەندێک لە حزبەکان دەستیان بە هەڵواسینی پۆستەر و وێنەی کاندیدەکان و ئاڵای خۆیان کرد. حزبەکان بەشێوەیەکی هێندە چڕ و پڕ خۆیان بۆ بانگەشەی ئەو هەڵبژاردنە ئامادە کردووە، وا دەرناکەوێ لە هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی هەبێ. بەپێی ئەو زانیارییەی ڕووداو لە حزب و قەوارە بەشدارەکانی وەرگرتووە، ئەمساڵ چاپخانەکانی تورکیا و ئێران بازاڕێکی گەرمیان هەبووە و حزبێکی ئیسلامیش بەشێک لە پۆستەر و ریکلامەکانی لە چین ئامادە کردووە.

هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت: "بێجگە لە هەرێمی کوردستان، لە چین و تورکیا، کەرەستەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنمان چاپ کردووە، وەک ئاڵا و تەناف و لۆگۆی کۆمەڵ". بەرپرسەکەی کۆمەڵ هەروەها دەڵێ، بەشێکی دیکەی پۆستەرەکانیان لە ئێران چاپ کردووە بەو پێیەی چاپەمەنییەکانی ئێران لە ڕووی نرخەوە هەرزانترن.

بزووتنەوەی گۆڕان کە هەست دەکات لەم هەڵبژاردنەدا ڕکابەری زۆرتری هەن، چڕوپڕتر دەستی بە بانگەشە کردووە. بەڵێن ئیسماعیل، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزوتنەوەکە دەڵێ، بزوتنەوەکەیان بەپلەی یەکەم پشت بەو کەرەستانە دەبەستێت کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا چاپیان کردووە "ئێمە لە کۆگاکانماندا کەرەستەیەکی زۆری وەک پۆستەر و ئاڵا و ئاڵای ئۆتۆمبێل و تەنافمان مابوو، ئەوانە بەکاردەهێنین".

پارتی و یەکێتی کە حیزبەکانی دیکە وەک دوو حیزبی دەوڵەمەند لێیان دەڕوانن، تەواوی کەرەستە و پێویستییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیان لە نێوخۆ ئامادە کردووە.

دکتۆر بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی گوتی، ئەوان پارەیەکی ڕەمزییان داوە بە کاندیدەکان، خۆیان سەربەستن لەکوێ چاپی دەکەن و ریکلام ئامادە دەکەن "ئەوەی پێوەندی بە ئێمەوە هەبێت وەک یەکێتی، هەموو کەرەستەکانمان لەنێوخۆدا ئامادەکردووە، هیچ پێویست ناکات لە دەرەوە بیکەین".

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێ: "سوودمان لە چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان بینیوە".

لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا چاپخانەکانی کوردستان مەترێک فلێکسیان بەگوێرەی کواڵیتی بەنزیکەی 5 دۆلار چاپ دەکرد، بەڵام بەهۆی زۆربوونی چاپخانە و کێبڕکێی نێوانیان، ئێستا نرخی مەترێک چاپی فلێکس بۆ نیوەی نرخی پێشوو 2.5 دۆلار دابەزیوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر قازانجی چاپخانەکان داناوە.

هێمن فارس، خاوەنی چاپخانەی ئەلا لە هەولێر، دەڵێت "بەهۆی کێبڕکێی چاپخانەکان نرخ زۆر دابەزیوە، ئێمە لە چاپکردنی هەر مەترێک فلێکس تەنیا 10 سەنت قازانج دەکەین، کەمیی کاریش وای کردووە بەناچاری کاری دروستکردنی چوارچێوەی ئاسن و هەڵواسینی پۆستەریش بۆ کاندیدەکان بکەین".

هێمن فارس پێیوایە باشبوونی بارودۆخی ئاسایشی پارێزگاکانی عێراق بە تایبەت بەغدا و پارێزگا سوننەکان هۆکارێکی دیکەن بۆ کەمبوونەوەی کاری چاپخانەکان لەم هەڵبژاردنە، چونکە وەک ئەو دەڵێت: "پێشتر بارودۆخی ئاسایشی شارە عێراقییەکان زۆرباش نەبوو، بۆیە زۆربەی کاندیدە و قەوارەکان لەکوردستان بە تایبەتیش لە هەولێر پۆستەرەکانیان چاپ دەکرد، بەڵام لەم هەڵبژاردنە ڕێکلامەکانیان زۆر بەکەمی لێرە چاپ دەکەن".

### پاشای گەورە بازاڕی گەرمە

لەنێو چاپخانەکانی پارێزگای هەولێر، چاپخانەی پاشای گەورە لەڕووی زۆریی چاپەوە چانسی لە زۆربەی چاپخانەکانی دیکە باشتر بووە.

هێدی فاروق، بەڕێوەبەری چاپخانەی پاشای گەورە، دەڵێت "چەند کاندیدێکی بەهێزی پارتی و یەکێتی لای ئێمە چاپی ڕێکلامەکانیان کردووە، بۆیە کاری چاپخانەکەمان لە چاپخانەکانی دیکەی هەولێر باشتر بووە، ڕاکێشانی چاپی ئەم کاندیدانەش بەهۆی پەیوەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بووە، نەک حیزبی".

وەک هێدی فاروق دەڵێت: "زۆرترین خواستی کاندیدەکان لەسەر دروستکردنی بزنس کارتە بە پلەی یەک، چونکە نرخەکەی هەرزانە و 1000 دانەی بە 10 هەزار دینارە، دوای ئەویش ڕێکلامی سەر فلێکس دێت".

سەبارەت بەو حیزبانەی زۆرترین ڕێکلام دەکەن، هێدی گوتی: "ئێمە ڕێکلاممان بۆ هەموو حیزب و لایەنەکان چاپ کردووە، بەڵام تێبینیمان کردووە کاندیدەکانی یەکێتی لە هەموو حیزبەکانی دیکە زیاتر ڕێکلامیان کردووە".

# گوڵی سروشتی.. بازاڕێکی تازە پەیدابووی گەرم لە کوردستان



ئاهەنگی وێنەگرتنی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگاکان بازاڕی گوڵی سروشتییان گەرمتر کردووە

**ساڵانە زیاتر لە 1.5 ملیۆن گوڵ لە کوردستان دەفرۆشرێ**

خاوەن پێشانگایەک

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

لە مانگی نیساندا کە مانگی گرتنی وێنەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانە، بەردەم کۆلێژ و پەیمانگەکان لە پێشانگای گوڵ دەچێ، کاسبکاران و خاوەن پێشانگاکانی فرۆشتنی گوڵی سروشتی، سەر شۆستەکان پڕ دەکەن لە گوڵ.

هەندێک لە قوتابیان لە پێشانگاکان گوڵ بۆ وێنەگرتن ئامادە دەکەن، هەندێکیش هەر لەبەردەم کۆلێژەکەیان گوڵەکە دەکڕن، ئەمە جگە لەوەی کەسوکار و هاوڕێی قوتابییەکان گوڵیان بە دیاری بۆ دەبەن، بەهۆی ئەمەشەوە لەو مانگەدا بازاڕی گوڵی سروشتی بە هەرمێن دەبێ.

پێشانگای گوڵی سروشتیی ئەمستەردام، تەنیا حەوت مانگە لە شاری هەولێر کراوەتەوە، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا 200 هەزار گوڵی سروشتی فرۆشتووە. بەختیار عومەر کە خاوەنی پێشانگاکەیە، دەڵێت: "بەهۆی کاریگەریی تەکنۆلۆژیا و کرانەوەی خەڵک، گۆڕانکارییەکی زۆر لە بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا ڕوویداوە. ئێستا خەڵک لەکاتی سەردانی نەخۆش و بۆنەی مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگیری، لەدایکبوون، ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیان و بۆنەی دیکە، گوڵی سروشتی دەبەن".

بەشێک لە بازاڕەکەی بەختیار بەندە بە ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری و دەڵێت: "ئێستا بەشێک لە زاواکان جگە لە چەپکەگوڵی سروشتی بۆ بووک و ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبیلەکانیان بە گوڵی سروشتی، بۆ ڕازاندنەوەی هۆڵی ئاهەنگیش گوڵی سروشتی دەکڕن، هەر هۆڵێک بە نزیکەی 5000 دۆلار دەڕازێنینەوە".

پێشانگاکەی بەختیار سیستەمی گەیاندنی گوڵی سروشتی هەیە، کۆدی تایبەت دەداتە موشتەرییەکانی و دەڵێت: "کۆمەڵێک کڕیارمان هەیە، کۆدی تایبەتیان هەیە، هەفتانە یان مانگانە بەردەوام لەکات و شوێنی جیاواز گوڵی سروشتییان بۆ دەبەین".

زۆربەی فرۆشی پێشانگاکەی بەختیار لە ڕۆژی ڤالانتاین بووە، هەروەها ئەم مانگەش بازاڕی گەرمە، ئەویش بەهۆی ئاهەنگی وێنەگرتنی قوتابیانی دوا قۆناغی پەیمانگە و زانکۆکان.

سەبارەت بە نرخی گوڵەکانیش، بەختیار دەڵێت: "نرخی چلێک گوڵی سروشتی بە سێ هەزار دینارە، تاوەکو گوڵەکانیش زۆر و جۆراوجۆر بن نرخەکەی دەگۆڕێت. چەپکە گوڵ هەیە نرخەکەی دەگاتە 250 دۆلار، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نرخی ئەو چەپکە گوڵانەی لەو دوو بۆنەیە فرۆشتوومانە زیاتر لەنێوان 20 تاوەکو 50 هەزار دیناردا بووە".

لە پێشانگاکەی بەختیار جۆرەها گوڵی سروشتی و گەڵای ڕازاندنەوەی گوڵ هەن، بەڵام هەموویان هاوردەن. بەختیار دەڵێت: "لەکوردستان بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا گوڵ و دەوەنی سروشتی زۆر جوان هەیە، دەکرێت بۆ ڕازاندنەوەی بۆنە و ئاهەنگەکان سوودی لێ ببینرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای لێکردنەوەی توانای مانەوەیان زۆر کەمە، بۆیە ناتوانین سوودی لێ وەربگرین".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر گوڵ و نەمامی سروشتی هەیە، بەدەیان کۆمپانیا و نەمامگەی تایبەت کراونەتەوە و گوڵ و نەمامی سروشتی لە وڵاتانی هۆڵەندا، تورکیا، ئێران و کینیا و چەندین وڵاتی دیکەوە دەهێننە هەرێمی کوردستان.

سدقی بەرواری، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا و پێشانگا و کێڵگەی کوردستان فلاوەر، گوڵی سروشتی هاوردە دەکرد، بەڵام ساڵی ڕابردوو وەک تاقیکردنەوە 15 هەزار گوڵی دایکانەی لەهۆڵەندا هێنا و لەنزیک گوندی سێنارەی هەولێر لەسەر ڕووبەری 4000 مەتر دووجا چاندی، ئەمساڵ 120 هەزار گوڵی بە پێشانگاکان فرۆشتووە.

سدقی بەرواری، گوتی "کواڵیتی گوڵەکانمان زۆر باشە و تێستمان کردووە 18 ڕۆژ دەمێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین کواڵیتییان بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی گوڵی ئیکوادۆری کە ئێستا پێش گوڵی هۆڵەندی کەوتووە".

بەرواری، ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ چاندنی 20 دۆنم زەوی بە گوڵی ڕۆزی هۆڵەندی لە سنووری ناحیەی بەحرکەی شاری هەولێر. ئەو دەڵێت: "ئێستا 8 ڕەنگ گوڵی ڕۆزمان هەیە، لە هەوڵی هێنانی نەمامی دایکانەی سەرجەم ڕەنگەکانی دیکەی گوڵی ڕۆزین، هەوڵی دروستکردنی گوڵێکی چەند ڕەنگی دەدەین، مەبەستمانە لە داهاتوودا وەک براندێک بەناوی نەورۆز لە بۆرسەی هۆڵەندا بیفرۆشین".

هاوشێوەی بۆرسەی نەوت، زێڕ، دۆلار و مادده کانزاییەکانی دیکە، لە هۆڵەندا بۆرسەی فرۆشتنی گوڵ هەیە، زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری گوڵ، بەرهەمەکانیان لەم بۆرسەیە نمایش دەکەن، ماوەی چەند ساڵێکیشە کۆمپانیاکانی کوردستان لەو بۆرسەیە گوڵ و نەمام دەکڕن و هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکەن.

سدقی بەرواری دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە ئێستا لەکاتی ئاسایی مانگانە زیاتر لە 120 هەزار گوڵ لە پێشانگا و نەمامگەکانی کوردستان دەفرۆشرێت، لەکاتی بۆنەکانیش ژمارەکە زۆر بەرز دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ساڵانە یەک ملیۆن و 500 هەزار گوڵ لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە ساڵی 2013دا حەوت ملیۆن و 218 هەزار نەمام و گوڵی سروشتی لەلایەن 18 کۆمپانیا و نەمامگەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی گرفتی ڕێگا و وەستانی گەشتی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، تەنیا 3 ملیۆن و 573 هەزار نەمام و گوڵ هاوردە کران.

سدقی بەرواری دەڵێت: "ساڵانە بە ملیۆنان دۆلار لە هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ هێنانی گوڵی سروشتی دەچێتە دەرەوە، بۆ نموونە ئێمە ساڵی ڕابردوو بۆ پێشانگاکەی خۆمان بایی ملیۆنێک و 700 هەزار دۆلار گوڵمان تەنیا لە کینیا هاوردە کرد".

### شوانێک دەبێتە گوڵفرۆش

ئاهەنگەکانی وێنەی دەرچوون، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بووەتە دەستکەوت و داهاتێکی باش بۆ زۆر کەس، بۆ نموونە گۆڤەند خەلیلی تەمەن 20 ساڵ. ئەو کە دانیشتووی هەولێرە و پێشتر شوان بووە، ماوەیەکە وازی لە شوانێتی هێناوە و بووەتە گوڵفرۆش. لە هەر کۆلێژ و پەیمانگەیەک ئاهەنگی دەرچوون هەبێ، لەوێ ئامادەیە. گۆڤەند زۆر حەزی لە پیشە تازەکەیەتی و بەنیازە بەردەوام بێ. ئەو دەڵێت "لە نەمامگەکان هەشت گوڵ بە 10 هەزار دینار دەکڕین و دوای ڕازاندنەوەی، هەر گوڵێک بە 2000 دینار دەفرۆشین، ڕۆژانە نزیکەی 40 هەزار دینارم دەستدەکەوێت".

# کورد، داوای بە یاساییکردنی نەوت بکات یان بەسیاسیکردنی؟



بیلال سەعید



زۆرینەی ڕێککەوتنەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە زستان واژۆ دەکران، لە بەهار هەڵدەوەشانەوە

مێژووی ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر دۆسیەی نەوت و گاز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2006 ، واتە ساڵێک دوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005 کە بە دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان پەسەند کرا، چونکە گەلانی عێراق و کورد بەتایبەتی پێیانوابوو داواکارییەکانیان لە دەستووردا جێ کراوەتەوە، بەڵام دوای 15 ساڵ هێشتا کوردستان بەپێی ناوەڕۆکی دەستوور مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی بودجە و مامەڵەکردن بە سەرچاوە سروشتییەکانی وەک نەوت و گاز.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بە پشتبەستن بە ناوەڕۆکی ماددەکانی 110، 111، 112ی دەستووری عێراق، هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ بنیاتنانی ژێرخانی کەرتی نەوت و گاز. هەرچەندە لە چەندین وێستگەی جیاوازدا ڕووبەڕووی گوشاری حکومەتی عێراق دەبووەوە، ئەویش بە ناوی نایاساییبوونی هەنگاوەکانی، بە تایبەتی لە کابینەی ڕابردوو کە حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق بوو، بەڵام سەرەڕای گوشارەکان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی گرنگی بۆ بەیاساییکردنی دۆسیەی نەوت نا، لەوانەش دەرکردنی یاسای ژمارە 22 لە ئابی 2007 کە بە (یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان — عێراق) ناسراوە.

سەرەڕای هەڕەشەکانی بەغدا لە هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، بەڵام یاساکەی هەرێمی کوردستان توانی سەرنجی چەندین گەورە کۆمپانیای بواری وزە ڕابکێشێ. دوای ئەوەش پرۆسەی بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان دەستی پێکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی 50 ساڵەی لەگەڵ تورکیا کرد بۆ ئەوەی نەوتی کوردستان لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بگاتە بازاڕی وزەی جیهان. زۆری نەبرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە بنیاتنانی ژێرخانی گواستنەوەی نەوت، ئەویش لە ڕێگەی ڕاکێشانی بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا.

لە ساڵانی ڕابردوودا، هەمیشە لەکاتی پەسەندکردنی یاسای گشتی بودجەی عێراق، دۆسیەی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق یەکێک لە کێشە چارەسەرنەکراوەکان بووە، هەرچەندە لە بەشێک لە قۆناغەکانی ڕابردوو تاوەکو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوولا دەڕۆشتن، بەڵام جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان یەکێکی دیکە بوو لە کێشەکان.

لە ساڵی 2007ەوە هەوڵەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەپێناوی ڕێکخستنەوەی دۆسیەی نەوت بەردەوامە، لەو قۆناغەدا کوردستان خاوەنی یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی بووە و باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکاش لە عێراق، زەڵمای خەلیلزاد، چەند کۆبوونەوەیەکی لەنێوان هەردوولا ڕێکخست لەپێناوی ڕێککەوتن لەسەر کەرتی نەوت.

لە هاوپێچی ڕێککەوتنەکەی نێوان زەڵمای خەلیلزاد و لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا هاتووە: "ئەگەر پەرلەمانی فیدراڵی لە بەغدا تا مانگی ئایاری 2007، یاسای نەوت و گاز لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراق دەرنەکات، کەواتە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم پێکهاتەکان لە نێوان لایەنەکاندا واژوو کراوە، هەرێم و پارێزگاکان و حکومەتی ناوەندیی عێراق، مافی خۆیانە هەر یەک بەجیا، لە پێناوی پێشخستنی کەرتی نەوت و گازی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان، گرێبەستی تایبەت بە نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان واژۆ بکەن، هەتا ئەو کاتەی یاسای نەوت و گازی عێراق لەلایەن پەرلەمانی فیدراڵی لە بەغدا، دەردەکرێت".

چەندین ڕێککەوتنی جیاواز لەسەر دۆسیەی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە سەردەمی جیاواز کراون، بەڵام زۆرینەی ڕێککەوتنەکان کە لە زستان واژۆ دەکران، لە بەهار هەڵدەوەشانەوە، لەبەرئەوەی لایەنی عێراقی زۆرینەی ڕێککەوتنەکانی لەپێناوی ڕازیکردنێکی کاتیی کورد بووە، لەپێناوی بەشداریکردن و مانەوەی لە پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕێکخستنەوەی پێکهاتە و دامەزراوەکانی عێراق بووە، ئەگەرنا پلانی چارەسەرکردنی یەکجارەکی لە بەرنامەی حکومەتی عێراقدا نەبووە.

ئێستا کە عێراق لەبەردەم پرۆسەیەکی گرنگدایە و ئەویش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە لە 12ی ئایاری داهاتوو، ئایا کوردستان پێویستە لەبارەی دۆسیەی نەوت چۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات؟

لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕێککەوتنەکانی قۆناغی ڕابردوو لەسەر دۆسیەی نەوت، زیاتر ڕووکارێکی سیاسییان هەبووە و ئامانج لە ڕێککەوتنەکان زیاتر سڕکردنی کێشەکان بووە نەک چارەسەرکردنی یەکجارەکی، بۆیە ئەمجارە کورد نابێ ڕازی بێ، چیدی دەرمانی هێورکەرەوەی کێشەکانی بدرێتێ. پێشتر چەند هەوڵی جیاواز لەسەر دەرکردنی یاسای نەوت و گازی عێراق هەبووە، بەتایبەت لە ساڵی 2007 چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگ لە پەرلەمان بوون کە بەشێکی گرنگ لە داواکارییەکانی کوردی تێدا جێ کرابووەوە، بۆیە پێویستە چەند ڕێکارێکی خێرا بگیرێنە بەر:

1- پاڵپشتی ئەو تێڕوانینە بکرێت کە کورد پێویستە بۆ گەڕانەوەی بۆ بەغدا و درێژەدان بە ڕێکخستنەوەی عێراق، مامەڵە لەگەڵ وەرگرتنی پۆستە یاساییەکان بکات نەک سیاسییەکان، واتە ئەوەندەی گرنگە پۆستێکی وەک سەرۆکی پەرلەمان لای کورد بێت، ئەوەندە گرنگ نییە پۆستێکی وەک سەرۆککۆمار لای کورد بێت، چونکە شەڕی داهاتوو شەڕی چەسپاندنی مافە یاساییەکانی کورد دەبێت لە بەغدا.

2- بۆ کورد زۆر گرنگە لە خولی داهاتووی پەرلەماندا هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بدات، یان کار لەسەر زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی کورد لە لیژنەکە بکات.

3- هەوڵەکانی کورد پێویستە بەو ئاراستەیە بن کە یاسای نەوت و گازی عێراق پەسەند بکرێت و لە ئێستاوە گرووپێکی یاسایی بۆ جێکردنەوەی مافە یاساییەکانی کوردستان لە یاسای نەوت و گازی داهاتووی عێراق دروست بکات.

4- زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان هەوڵی بەشداریی لەسەرجەم دامەزراوەکانی نەوت لە عێراق بدات، بە تایبەتی لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کە کۆنترۆڵی بەسەر نەوتی کەرکووک و مووسڵ و کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە هەیە.

# شۆک مارکێت..
# پانۆرامای نرخەکانی نەوت لە ماوەی سێ هەفتەدا



محەممەد شێخ فاتح

هێرشی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا بۆ سەر چەند پێگەیەکی سووریا، نرخی نەوتی بەرز کردەوە و درێژەنەکێشانی هێرشەکەش نرخی نەوتی دابەزاند. سیاسەتەکانی ئۆپێک لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ئاستی نەوتی کۆگاکراو، ئەوەش نرخی نەوتی بەرز کردەوە. زیادبوونی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا نرخی نەوتی دابەزاند. دانیشتنەکانی بازاڕی نەوت بە بەرزیی نرخەکان کۆتایی هات، بازاڕەکانی نەوت بە نزمبوونەوەی نرخەکان کرانەوە، ئەمە دیمەنی بازاڕەکانی نەوتە لە سەرەتای مانگی نیسانەوە. دوو هەفتەی ڕابردوو بازاڕەکانی نەوت شڵەژاوترین دۆخیان لە ساڵی نوێدا تۆمار کرد، هەڕەشەکانی ئەمریکا لەبارەی بۆردومانی سووریا و وەڵامی خێرا و توندی ڕووسیا نرخی نەوتی بەرز کردەوە کە لەدوای ساڵی 2014ەوە ژمارەی پێوانەیی لەو ئاستەدا تۆمار نەکردووە .نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت سنووری 73 دۆلاری تێپەڕاند، ئەوەش پاش ئەوەی سعودیە ڕایگەیاند کە ڕیاز ڕووبەڕووی هێرشی مووشەکی بووەتەوە، هەروەها هەڕەشەی ترەمپ و دواتر لێدانی سووریا لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکاوە، نرخی نەوتی هەڵکشاند، ئەوە سەرباری وەڵامی ڕووسیا بۆ ئەمریکا کە بازاڕەکانی شڵەژاند.

## ئەمریکا VS چین، ئەمریکا VS ڕووسیا

هەڕەشەکانی هەریەک لە چین و ئەمریکا بۆ دەستپێکردنی جەنگێکی بازرگانی، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی شڵەژاندنی بازاڕەکانی نەوت، هەندێک دەڵێن دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت، چونکە ڕێگری دەکات لەوەی وەبەرهێنەران وەبەرهێنان لەم بوارەدا بکەن، بۆچوونێکی دیکە دەڵێت هەر قەدەغەیەکی بازرگانی هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، چونکە جووڵەی نەوت سنووردار دەکات کە دواتر بە بەرزبوونەوەی نرخی کۆتایی دێت، واتە دۆخی ئەمریکا VS چین و ئەمریکا VS ڕووسیا، دوو هەفتەی قورسی دا بە بازاڕەکانی نەوت.

## گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڕەشەیە لە تەنگەبەری هورمز

ساڵانە لە تەواوی جیهاندا چوار ملیار تۆن نەوت بەرهەم دەهێنرێت و دەگوازرێتەوە، بۆ گواستنەوەشی دوو ڕێگەی سەرەکی هەن: یەکەمیان ڕێگەی وشکانییە و لە ڕێگەی بۆڕییەوە. دوومیان لە ڕێگەی دەریاکانەوە بەهۆی کەشتییەوە دەگەیەنرێتە دەست کڕیاران.

جەنجاڵی و ترافیکێکی زۆری هاتوچۆی دەریایی لە تەنگەبەر و گەرووەکاندا ڕوودەدات، دیارترین گەرووەکانی جیهان کە نەوتیان پێدا تێدەپەڕێت، بریتین لە:

گەرووی پەنەما لە باشووری ئەمریکا کە ڕۆژانە 800 هەزار بەرمیل نەوتی پێدا تێدەپەڕێت.

گەرووی بۆسفۆڕ لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا کە ڕۆژانە 3 ملیۆن بەرمیلی پێدا تێدەپەڕێت.

گەرووی بابولمەندەب، لە نێوان دەریای سوور و زەریای هێمن کە ڕۆژانە 3.2 بەرمیل نەوتی پێدا تێدەپەڕێت.

نۆکەندی سوێس، لە نێوان دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست کە ڕۆژانە 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێدەپەڕێت.

گەرووی مەلاکا، لە نێوان مالیزیا و دوورگەی سۆمەترەی ئیندۆنیزیا کە ڕۆژانە 14 ملیۆن بەرمیلی پێدا تێدەپەڕێت.

بەڵام ستراتیژیترین گەروو لە جیهاندا گەرووی هورمزە کە 17 ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێپەڕ دەبێت، ئەو گەرووە نەوتی عێراق، کوێت، بەحرین، قەتەر و ئیماراتی پێدا دەڕوات کە دەکاتە 40%ی گواستنەوەی نەوتی جیهان لەڕێی دەریاوە. هەر بۆیە دروستکردنی هەر کێشەیەک لە ناوچەکەدا، کێشەیە بۆ گواستنەوە و بەبازاڕکردنی 40%ی نەوتی جیهان، هەر ئەوەشە خۆرئاوای دەستەوسان کردووە لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک لەبەرامبەر تاران، ئەوە وێڕای ئەوەی کە دروستبوونی هەر گرژییەک جگە لەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر گەیشتنی نەوت بە کڕیاران، هاوکات کێشە بۆ پرۆسێسی بەرهەمهێنان دەخولقێنێ.

## OPEC نزیکە لە ئامانجەکەی

لەولاوە ئۆپێک دەبینین کە خواستی لە پێشینەی بریتییە لە هاوسەنگیی بازاڕەکانی نەوت، نەک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بۆ ئۆپێک نرخێکی هاوسەنگ و جێگیر، باشترە لە بازاڕێکی شلۆق و ناجێگیر.

ڕێکخراوەکە لە دوا ڕاپۆرتیدا دەڵێت نزیک بوونەتەوە لە ئامانجەکەیان کە بریتییە لە کەمبوونەوەی نەوتی کۆگاکراو لە جیهاندا، ئەوەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ئۆپێک لەلایەک دڵخۆشە بە کەمبوونەوەی نەوتی کۆگاکراو کە نزیکیان دەکاتەوە لە گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕەکانی نەوت، لەلایەکی دیکەش نیگەران و دڵەڕاوکێیە لەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە بازاڕەکانی نەوت دیسانەوە لە ناهاوسەنگی نزیک دەکاتەوە.

ڕێکخراوی ئۆپێک ڕایگەیاند کە لە ئامانجەکەیان نزیکبوونەتەوە و ئاستی نەوتی کۆگاکراوی جیهان دابەزیوە، هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە دابەزیوە بۆ 31.96 ملیۆن بەرمیل.

ژمارەی سەکۆ نەوتییە چالاکەکانی ئەمریکا گەیشتووەتە 683 سەکۆ. لەلایەکی دیکەوە کارگێڕیی وزەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا گەیشتووەتە 11.4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

هەر بۆیە گۆڕانکارییەکان سترەکچەری چاوەڕوانییەکانی بانکی Barclaysی گۆڕی، ئەو دامەزراوەیە چاوەڕوانییەکانی خۆی بۆ نرخی نەوتی برێنیت لە 62 دۆلارەوە بەرز کردەوە بۆ 68 دۆلار لە نیوەی دووەمی ئەمساڵ، هاوکات چاوەڕوانییەکانی بۆ نەوتی تەکساس 58 دۆلارە بۆ ساڵی 2018 و 55 دۆلارە بۆ ساڵی 2019، ئەوەش سێ دۆلاری زیاترە لە چاوەڕوانییەکانی پێشووتری.

شرۆڤەکارانی بانکەکە باس لەوە دەکەن کە نرخەکانی نەوت کەڵک وەردەگرن لەو زریانە بەهێزەی لە متبوونی بەرهەمهێناندا هەیە، هەروەها مەترسییە جیۆسیاسییەکان، هۆکاری دابەزینی ئاستی نەوتی کۆگاکراون، ئەوەش "گەڕانەوەی هاوسەنگی خێراتر دەکات"، بەڵام Barclays، پێشبینی دەکات کە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2018دا ڕاستبوونەوەیەک لە نرخەکاندا ڕوودەدات بە ئاراستەی دابەزین، چەند هۆکارێک لە پشت ئەو دابەزینەوە دەبن کە سەرەکیترینیان زۆربوونی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکایە.

## سعودیە پشکەکانی ئارامکۆ دەفرۆشێت

بەرەبەیانی 4/19 نرخی نەوت دیسانەوە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، نەوتی برێنت بەرز بووەوە بۆ 74.12 دۆلار، وەک باس دەکرێت سعودیە لە پشت بەرزکردنەوەی نرخە، چونکە ئەو وڵاتە دەیەوێت پشکەکانی کۆمپانیا نیشتیمانییەکەی (ئارامکۆ) بفرۆشێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بەوەیە بەهای ئەو پشکانە بەرز بێتەوە، شارەزیان دەڵێن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە تایبەت وڵاتە عەرەبییەکان دڵخوازی نەوتی 80-100 دۆلارین.

نرخی نەوت کە لە ساڵی 1973 بە سێ دۆلار و لە ساڵی 2000دا گەیشتە 35 دۆلار، لە 2008/7/11 بەرزبووەوە بۆ 147.27 دۆلار، لە 2008/8/11 دابەزی بۆ خوار 100 دۆلار، بەڵام ئەو جووڵە دراماتیکییەی لەم هەفتەیەدا لە نرخەکانی نەوتدا دەبینرێت، هیچی کەمتر نییە لەو هەڵبەزو دابەزەی کە لە نرخی نەوت لەچەند دەیەی ڕابردوودا ڕوویداوە.



ڕۆژانە 17 ملیۆن بەرمیل نەوت بە گەرووی هورمزدا دەگوازرێتەوە

## هەژار زەهاوی کلیپێک بڵاودەکاتەوە

**رووداو - هەولێر**

هەردوو هونەرمەندی ناودار هەژار زەهاوی وعەسەل مەلەکزادە نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆیان بەناوی سەمای دەستەکان ب بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی رووداو بڵاوکردەوە. هەژار زەهاوی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەم ڤیدیۆکلیپە بەسپۆنسەری تۆڕی میدیایی رووداو بەرهەمهاتووە، لە تورکیا لەلایەن دەرهێنەری ناودار ناجی بووتاڤ کاری دەرهێنانی بۆ کراوە". هەژار زەهاوی و خانمە دەفژەنی ئێرانی عەسەل مەلەکزادە، ل هەرێمی کوردستان چەند کۆنسێرتێکی میوزیکیان سازکردو دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێو خەڵکدا هەبوو، بۆیە بەشێوازی ڤیدیۆکلیپ پارچە میوزیکێکی تایبەت بە ریتم و دەفیان بڵاوکردەوە.



هونەری
رووداو
ژمارە (502) - دووشەممە 2018/4/23

### خۆی و دوو کچەکەی دیزاینەر و نمایشکاری جلوبەرگن

# دەمانەوێت براندی تایبەت بەخۆمان هەبێت







**دەریاز یونس**
**رووداو - هەولێر**

دایکێک و دوو کچەکەی لە سلێمانی پێکەوە کاری دیزاین و نمایشی جلوبەرگ دەکەن، جلوبەرگەکانی ئەوان تەنیا جلوبەرگی کوردین، بە دەستیش جلەکان دەدروون و مەکینەی دروومان بەکارناهێنن، هەواری دایکی لاوین و لەرین دەڵێت بۆ دیزاین و دروینی هەر جلوبەرگێکی کوردی نزیکەی 10 رۆژ کاتیان پێویستە، هەروەها نرخی فرۆشتنی جلوبەرگەکانیش لە نێوان 100 بۆ دوو هەزار دۆلارە.

هەوار محەممەد، تەمەن 46 ساڵ، لە هەڤپەیڤینێکی کورتدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارەکانی خۆی و دوو کچەکەی دەکات و دەڵێت: "زیاتر لە 15 ساڵە کاری دیزاین و دروین دەزانم، بەڵام ماوەی هەشت ساڵە دەستمان بەم کارە کردووە، لەگەڵ کچەکانم بەیەکەوە دیزاین دەکەین، دواتر دەیدروین، خەڵکی زۆر لە کارەکانمان رازین و ئێمەش کار و هونەرەکەی خۆمان خۆشدەوێت، بە دڵ و بە گیان کاری بۆ دەکەین".

لاوین کە کچی گەورەی هەوارە و تەمەنی 26 ساڵە، دەرچووی یاسایە و کاری پارێزەریش دەکات، ئەو دەڵێت: "دایکمان زیاتر کار لە دروینەکە دەکات، چونکە ئێمە تا زانکۆمان هەبوو دەمانخوێند، ئێستا من کە زانکۆم تەواو کردووە جگە لەم کارە، کاری پارێزەریش دەکەم".

لە بارەی کاتی پێویست بۆ دروستکردنی جلوبەرگێکی کوردیی ئافرەتان، لاوین دەڵێت "بۆ دیزاین و دروینی جلوبەرگێکی تەواو نزیکەی 10 رۆژ کاتمان پێویستە، بەپێی جۆری قوماش و دیزاین و داواکارییەکە، رۆژ هەیە لە 24 کاژێر زیاتر لە 20 کاژێر خەریکی دروین دەبین، ئەمە چەند جارێک دووبارە بووەتەوە بەتایبەتی بۆ دایکم کە وەک گوتم ئەو زیاتر کاری دروینی جلوبەرگ دەکات". لارین کچە بچووکەکەیانە و لە ساڵی 1994 لە سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی بەشی بازرگانیی زانکۆی سلێمانییە، ئەو بەهۆی باڵا بەرزەکەی کە 170 سانتیمەتر زیاترە، زۆر جار جلوبەرگەکان نمایش دەکات، لەرین دەڵێت: "کاتێک بیرۆکەی دیزاینی جلوبەرگێکمان بۆ

> **جلوبەرگەکانمان کاری دەستین و مەکینەی درووممان نییە**

دێت، سەرەتا لەسەر کاغەزێک دروستی دەکەین، دواتر هەرسێکمان بۆچوون و رای خۆمان لەبارەی دیزاینەکە دەدەین، لە کۆتاییدا دەیخەینە سەر قوماش".

(رووداو) پرسیاری ئەوە لە دایکەکە دەکات کە بۆ کاری دروینی جلوبەرگەکان چەند مەکینەیان هەیە، بەڵام هەوار دەڵێت: "هیچ مەکینەیەکمان نییە، هەموو کارەکە کاری دەستە و جلوبەرگەکان بە دەست دەدروین، بەهیچ جۆرێک مەکینە بەکارناهێنین، هەر ئەمەشە هۆکاری سەرکەوتنی ئێمە".

ئۆردەری دایک و کچەکان بە پێی کات دەگۆڕێت، وەک خۆیان دەڵێن "بۆ جەژنی نەورۆز زیاتر لە 70 ئۆردەریان هەبووە و 70 کراسیان ئامادە کردووە. لاوین دەڵێت "زۆر هیلاک بووین، شەوی نەورۆز هەرسێکمان کەمتر لە دوو کاژێر خەوتبووین و دەیان کاژێر لەسەر یەک کارمان کرد".

لاوین کە شووی کردووە، لەبارەی هاوکاری و هاندان لە خێزانەکەیاندا دەڵێت: "باوکم و هاوژینەکەم زۆر هاوکارمانن بۆ ئەو کارە، ئەوان لە دیزاین و درووین نازانن، بەڵام هەر کارێکی دیکە، یان هەر کێشە و هەر پێویستییەک بێتە پێش، هاوکارمان دەبن، زۆرجاریش بەهۆی کارەکەمانەوە ناتوانین بۆ نموونە خواردن ئامادە بکەین، ئەوان چاوپۆشی لەوە دەکەن و ئەوەش گەورەترین هاوکارییە".

هەوار دەڵێت، خەونەکانمان بۆ ئەو کارە زۆر گەورەیە، دەمانەوێت لە داهاتوودا براندێکی تایبەتی جلوبەرگی کوردی دروستبکەین، هەروەها فێرگەی تایبەت بکەینەوە بۆ ئەوەی ئافرەتان فێری دیزاین و دروینی جلوبەرگی کوردی بکەین، هەلی کار بۆ ئافرەتان برخسێنین و جلوبەرگی کوردی، وەک جلی رەسەن و نەتەوەیی بە جیهان بناسێنین.

هەوار باسی نرخی جلوبەرگەکانیان دەکات و دەڵێت بە گوێرەی قوماش و جۆری دروینەکەیە و نرخەکانیان لە نێوان 100 دۆلار تاوەکو 2000 دۆلارە. سەبارەت بە موشتەرییەکانیشان دەڵێت "هەمەجۆرن، بەڵام زیاتر خێزانە دەوڵەمەندەکانی کوردستانن".

# بەندبێژەکان
# بانگەشەی هەڵبژاردنیان گەرمتر کردووە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو - سلێمانی**

ئەو دەنگەی لە تۆمارگاکانەوە بەرز دەبێتەوە، بەسەر دەنگی فرۆشیارانی بازاڕەکەدا زاڵ بووە. فرۆشیارەکان هەرچەندی هاوار دەکەن، ناتوانن دەنگیان بەباشی بگەیێننە ئەو خەڵکەی روویان لە بازاڕەکە کردووە. دەنگی چەند گۆرانیبێژێکی میللی کە هەریەکە بە شانوباڵی حیزبێکدا هەڵدەڵێن، مەزادخانەکەیان بەتەواوی کۆنترۆڵ کردووە.

خاوەنی یەکێک لە تۆمارگەکانی شاری سلێمانی، سەرقاڵە و وادەردەکەوێ نەیەوێ چرکەیەکی ئەو مانگە پڕ لە کڕیارەی لەدەستبچێ. لە چوار ساڵی رابردوودا هیچ کاتێک هێندەی ئەو هەفتەیە خەڵک بۆ کڕینی سیدی گۆرانی نەچوونەتە دووکانەکەی "کەسێک پێش ئێستا هاتە دووکانەکەم، داوای 500 سیدی ئەو گۆرانییانەی دەکرد کە بەسەر حیزبەکەیدا گوتراوە، دەیەوێ بیکرێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن".

دڵشاد عوسمان، لەنێو بازاڕی مەزادخانەکەی سلێمانی، لە دووکانێکی بچووکدا چاوی لە کڕیاری زۆرترە بۆ ئەوەی قەرەبووی رۆژانی بێبازاڕی بۆ بکاتەوە، دەڵێ بانگەشەی هەڵبژاردن زۆر کاریگەریی کردووەتە سەر بازاڕی گۆرانیبێژان. وەک ئەو سیدی فرۆشە باسی کرد، بازاڕی بەرهەمی ئەو هونەرمەندانە کەمتر بووەتەوە کە گۆرانی بۆ حیزبەکان ناڵێن و هۆکارەکەشی دەبەستێتەوە بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە.

دڵشاد عوسمان، رۆژی پێشتر زۆرترین سیدی ئەو گۆرانیانەی فرۆشتبوو کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تۆمارکراون و خەریکی

> **گۆرانیبێژێکی پارتی:**
> **یەکێتی داوایان لێکردم گۆرانی بۆ لیستەکەیان بڵێم**

کۆپیکردنی سیدیی نوێ بوو بۆ کڕیارەکانی "کەس داوای گۆرانی دیکە ناکات، رۆژانە بەلایەنی کەمەوە 100 سیدی دەفرۆشین، کڕیارەکانیش زیاتر گەنجانن کە هێشتا مەیلیان بۆ سیاسەت و رکابەریی نێوان حیزبەکان هەیە".

رۆژی 12ی ئایاری داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەدەچێ کە ژمارەیەکی زۆر حیزب و قەوارەی کوردستانی و عێراقی لە رکابەریدان بۆ بردنەوەی زۆرترین ژمارەی کورسیی پەرلەمان. بەڵام رکابەرییەکە زۆرتر لە پارێزگای سلێمانی توندە بەو پێیەی چەقی قورسایی چەند حیزبێکە و هەموویان چاویان بڕیوەتە 18 کورسییەکەی پارێزگاکە. هەر بۆیە پەنا بۆ هەموو شێوازێکی کاریگەر دەبەن لەپێناوی بردنەوەی زۆرترین دەنگ. یەکێک لە چەکەکانی دەستی حیزبەکانیش ئەو گۆرانیبێژە میللیانەن کە بەند بەسەر حیزب و پاڵێوراواندا هەڵدەڵێن.

قادر مۆریاسی، یەکێکە لە گۆرانیبێژە میللییەکانی سلێمانی. گۆرانییەکی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی گۆڕان گوتووە. مۆریاسی ئەو لیستە بە شایان دەزانێ گۆرانی بۆ بڵێ و داوا لە خەڵک دەکات پشتیوانی بکەن "ئامانجی من لە گۆرانییەکە پارە پەیداکردن نەبووە، بەڵکو وەک پشتیوانییەک بۆ سەرخستنی کاندیدەکانی گۆڕان، گۆرانیم گوتووە".

بەڵام لیست و قەوارەکانی هەڵبژاردن کە بۆ شەوانی بانگەشە لە جێگایەکی دیاریکراودا خێمە هەڵدەدەن و دەیکەنە بنکەی بانگەشە، هەوڵ دەدەن گۆرانیبێژان لەوێ گۆرانییان بۆ بڵێن و پارەیان دەدەنێ بۆ هەر شەوێک. قادر مۆریاسی رەتیدەکاتەوە بچێتە بنکەکانی بانگەشەکردن، یان گۆرانی بۆ حیزبێکی دیکە بڵێ.

"من خۆم بە پارتی دەزانم و گرنگ ئەوەیە پارتیش من بە موڵکی خۆی بزانێ"، رێبواری مەلازادە بۆیە وا دەڵێ، چونکە هەڵبژاردنی پێشوو بەند و گۆرانی بەسەر لیست و پاڵێوراوانی پارتیدا دەگوت و بۆ ئەو هەڵبژاردنە تاوەکو ئێستا پارتی داوایان لێنەکردووە بانگەشەیان بۆ گەرم بکات لە سلێمانی.

> **سیدی فرۆشێک:**
> **رۆژانە زیاتر لە 100 سیدی بانگەشەی هەڵبژاردن دەفرۆشم**

رێبواری مەلازادە یەکێکە لەو گۆرانیبێژە میللییانەی وەک پارتی ناسراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ دەنگی نییە گۆرانی بۆ پارتی بڵێ. ئەو دەڵێت "یەکێتی داوایان لێکردم گۆرانییان بۆ بڵێم لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەڵام رێکنەکەوتم لەگەڵیان، تاوەکو ئێستاش چاوەڕێی پارتیم داوام لێبکەن".

هەرچەندە زۆربەی گۆرانیبێژەکان ئەوە رەتدەکەنەوە کە گۆرانی بە پارە بڵێن بۆ بانگەشەی حیزبەکان، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لەچەند گۆرانیبێژێکی میللییەوە دەستی کەوتووە، بەشێک لەگۆرانیبێژەکان کە گۆرانییان بەپارە گوتووە لە 500 هەزار دینارەوە تاوەکو 10 هەزار دۆلاریان وەرگرتووە. بەشێکی دیکەشیان دەچنە بنکەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئاهەنگگێڕان، بۆ هەر ئاهەنگێک یەک ملیۆن دینار وەردەگرن.

یادگاری ساز، گۆرانی بۆ پشتیوانی لە لیستی یەکێتی گوتووە، ئەویش وەک گۆرانیبێژەکانی دیکە ئەوە رەتدەکاتەوە کە بۆ پارە گۆرانی گوتبێت "من لەمنداڵییەوە لایەنگری یەکێتیم، خۆشم بە پێشمەرگەی یەکێتی دەزانم، من خاوەنی شەهیدم، چۆن بە پارە گۆرانی بۆ حیزبەکەم دەڵێم؟".

جیا لەو گەنجانەی کە ئەم جۆرە سیدییانە دەکڕن بۆ ئەوەی شەوانی شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی پێ ئاوەدان بکەنەوە، حیزبەکانیش داوای سیدی دەکەن.

بەڵام وەک خاوەنی یەکێک لە تۆمارگەکان گوتی، ئەم گەرموگوڕییەی بازاڕی گۆرانی مەرج نییە وێنەیەکی راستەقینەمان بداتێ لەبارەی ئاستی گەرموگوڕی لە بەپیرەوەچوونی دەنگدان، بەڵکو ئەمە زیاتر کەفوکوڵێکی گەنجانەیە و دواتر کپ دەبێتەوە.

دیاری عەلی، پێیوایە حیزبەکان بۆ بەدەستهێنانی تەنیا دەنگێک ئامادەییان تێدایە چییان هەیە خەرجی بکەن و لە دەرگای هەمووماڵێکیش بدەن "کڕیاری گەنج ئامانجە بۆ ئەوەی ئەم بانگەشەیە حەزێکی گەنجانەیە و هیچی دیکە". گوتیشی "سیدی فرۆشتن هیچ پەیوەندی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە نییە، ئەوەی دەکرێ زیاتر حەزی خۆدەرخستنە و هیچی دیکە".



"من خاوەنی شەهیدم، چۆن بە پارە گۆرانی بۆ حیزبەکەم دەڵێم؟"

رووداو تاراوگە
ژمارە ( 502 ) - دووشەممە 2018/4/23



## ئەڵمانیا 10 هەزار کۆچبەر وەردەگرێت

**رووداو- دۆسلدۆرف**

یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند لە چوارچێوەی پرۆژەی نوێی یەکێتییەکە بۆ نیشتەجێکردنی کۆچبەران ، ئەڵمانیا رەزامەندیی لەسەر ئەوە داوە کە زیاد لە 10 هەزار کۆچبەری نوێ وەربگرێت. دیمیتریس ئاورامۆپۆلۆس، کۆمیسیاری یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری کۆچبەران ئاشکرایکردووە، ئەو کۆچبەرانەی کە ئەڵمانیا وەریان دەگرێت سەر بە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئەڵمانیاش بە فەرمیی وەرگرتنی ئەو ژمارە کۆچبەرەی بە یەکێتییەکە راگەیاندووە. لەلایەکی دیکەوە ئەڵمانیا ڕایگەیاندووە، هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی ئەو ژمارە لە کۆچبەران، بەڵام لەسەر کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ نەمسا سووره .

## 60 هەزار کۆچبەر چاوەڕێی راکێشانی ئەندامانی خێزانەکانیان

# ئەڵمانیا یەکگرتنەوەی خێزانی کۆچبەران زەحمەت دەکات

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری داوە چیدی کار بە ڕێسای یەکخستنەوەی خێزانی کۆچبەران نەکات، ئەم بڕیارە تەنیا کەسوکاری کۆچبەران لە یەکدی دانابڕێنێ، بەڵکو زیان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەڵمانیاش دەگەیەنێ، جگە لەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە .

لە جاڕنامەی ساڵی 1948ی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە "خێزان یەکەیەکی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگایە و دەبێ لەلایەن کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە پارێزگاری لێبکرێ" . ئەوکات کۆمەڵگای ئەورووپی بە دەست ئەو خەڵکەوە گیری خواردبوو کە لەدەست وڵاتانی بلۆکی کۆمۆنیستی هەڵدەهاتن. بەو جۆرەش، یاساکانی تایبەت بە کۆچبەران و پەنابەران بەرهەمی شەڕی دووەمی جیهانی و دەستپێکردنی شەڕی سارد بوو.

سێ ساڵ دوای ئەو جاڕنامەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکی دیپلۆماتیکی ڕێکخست کە تێیدا ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە پەنابەران ڕاگەیاند. ڕێککەوتنەکە بە کۆنڤانسیۆنی پەنابەران ناوی دەرکردووە کە تێیدا پێشنیازێکی نائیلزامیش هەیە داوا دەکات "یەکێتی خێزانیی پەنابەران لەبەرچاو بگیرێ" . بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی، ئەم پێشنیازە دوای ماوەیەک وەکو بەشێکی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤی لێهات.

بیرۆکەی یەکگرتنەوەی خێزانەکان وەکو خاڵێکی پۆزەتیڤ لە قازانجی خێزانی پەنابەر و کۆچبەران سەیر دەکرا، نەک ئەو وڵاتەی پەنابەرەکە ڕووی تێکردووە . بەم حاڵەشەوە یەکگرتنەوەی خێزانی پەنابەران لە زۆربەی وڵاتانی بەرەی ڕۆژئاوا وەکو شتێکی ڕۆتینی لێهاتبوو، بە جۆرێک ئەمریکا لە ساڵی 1980 مافی یەکگرتنەوەی ئەندامانی خێزانی پەنابەرانی وەکو مادەیەکی یاسایی پەسەند کرد .

یەکێتیی ئەورووپاش لە ساڵی 2003 کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە یەکگرتنەوەی خێزانی



لە شوباتی ئەمساڵ، پەرلەمانی ئەڵمانیا ماوەی ڕێگری لە یەکگرتنەوەی خێزانەکانی درێژ کردەوە تاوەکو ئابی 2018

پەنابەرانی پەسەند کرد، ئەڵمانیا و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی یەکێتییەکە ئەو مافەیان لە یاسای وڵاتەکانیاندا جێکردەوە . ئەم ڕەوتە تاوەکو دوایین لێشاوی کۆچبەرانی چەند ساڵی ڕابردوو بەردەوام بوو کە بە گەورەترین لێشاوی کۆچبەران لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی لە قەڵەم دەدرێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی)، لە ساڵی 2016 دا نزیکەی 66 ملیۆن کەس بەهۆی شەڕ یان سەرکوتی سیاسی ئاوارە و کۆچبەر بوونە . لەو ژمارەیە یەک ملیۆن کەسیان ڕوویان لە ئەڵمانیا کردبوو، هەر یەکە لە وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، سوید و ئەمریکا زیاتر لە 100 هەزار کەسیان وەرگرتبوو.

وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەم لێشاوەی کۆچبەران بەرەو ئەورووپاش کاریگەری گەورەی لەسەر تێڕوانینی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ "یەکگرتنەوەی خێزانەکان" دانا، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا ژمارەیەک هێرشی تیرۆریستی لە پاریس، نیس، لەندەن و بەرلین و سان بێرناردینۆ ڕوویاندا. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی نیگەرانی ئەوەشی لێ نیشت کە کرێکارە کۆچبەرە هەرزانەکان، شوێنی کرێکاری خۆماڵی بگرنەوە .

ئەم نیگەرانییە تەنیا لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئەمنیدا نەوەستا، بەڵکو بۆ ململانێ سیاسییەکانیش درێژ بووەوە . پارتە پۆپۆلیست و ڕاستڕەوە توندئاژۆکان ئەم نیگەرانییەیان قۆستەوە و شوێنی پارتە لیبراڵ و چەپە میانڕەوەکانیان لاواز کرد. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پۆپۆلیستەکان، حکومەتەکان و پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپا ناچاربوون بەشێک لە سیاسەتی کۆچبەریی حکومەت و پارتەکانیان بگۆڕن. یەکێک لەو بوارانەش کە دەکرا گۆڕانکاری تێدا بکەن بیرۆکەی یەکگرتنەوەی خێزانی کۆچبەران بوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا چیدی یەکگرتنەوەی خێزانەکان بە جێبەجێکردنی مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ نازانن، بەڵکو وەکو ڕێگەیەک بۆ ڕاکێشانی "کۆچبەری زۆرتر" سەیری دەکەن، بۆیەش لەگەڵ بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی کۆچبەران لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر وڵاتی ئەورووپی، لەوانەش نەمسا، دانیمارک، ئەڵمانیا و سوید، هەنگاو بە هەنگاو دەستیان لە جێبەجێکردنی بیرۆکەی یەکگرتنەوەی خێزان هەڵگرت.

نیلس مویزنیکس، سەرۆکی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێتی ئەورووپا، لە تشرینی یەکەمی 2017دا ڕایگەیاند "ئەو ڕێوشوێنە توندەی بەرامبەر یەکگرتنەوەی خێزانەکان گیراوەتەبەر، لەگەڵ پێوەرەکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێ" .

ڕای گشتیی وڵاتانی ئەورووپی، لەوانەش ئەڵمانیا، بەرەبەرە دژی سیاسەتی کراوەی حکومەتەکانیان لەگەڵ کۆچبەران دەوەستێتەوە . بەپێی ڕاپرسییەک کە لە کانوونی یەکەمی 2017دا کراوە، تەنیا 23%ی ئەڵمانەکان لەگەڵ ئەوەن ئەندامانی خێزانی کۆچبەران لە ئەڵمانیا یەک بگرنەوە . سیاسەتمەدارانی ئەورووپی دەڵێن لێشاوی کۆچبەران لەلایەکەوە گوشارێکی زۆری لەسەر خزمەتگوزارییەکان (تەندروستی و پەروەردە و هەلی کار) داناوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زۆربوونی کۆچبەران ناکرێ پشکنینی ئەمنیی ورد بۆ هەموو کۆچبەران بکرێ.

لە گەرمەی لێشاوی کۆچبەراندا بۆ ئەورووپا لە 2015، فراوکێ پێتری، سەرۆکی ئەوکاتی پارتی ئەڵتەرنەتیڤی ئەڵمانیا، داوای کرد پاسەوانانی سنووری ئەڵمانیا مافی تەقەکردن لەو کۆچبەرانەیان پێ بدرێ کە دەیانەوێ بە نایاسایی بێنە نێو خاکی ئەڵمانیاوە . هەرچەندە زۆربەی سیاسییەکانی ئەڵمانیا ئیدانەی بۆچوونەکەیان کرد، بەڵام پەرلەمانی ئەڵمانیا لە شوباتی 2016 پاکێجێکی نوێی یاسای کۆچبەرانی تێپەڕاند کە مافەکانی کۆچبەرانی سنووردار کرد. یەکێک لە یاساکان ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە "مافی پەنابەرێتیی تەواویان پێنادرێ" . بۆ ئەو کۆچبەرانە ڕێوشوێنێکی نوێ بەناوی "پاراستنی کاتی" دانرا، بەپێی ڕێنماییەکان ئەو کەسانە بەلایەنی کەم تاوەکو ئاداری 2018 ناتوانن هەوڵ بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی خێزانەکانیان بدەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە، سەرەتا ڕێژەی ئەو جۆرە کۆچبەرانە تەنیا 1٪ بوو، بەڵام لە کۆتایی 2016 ڕێژەکەیان بۆ 40٪ی کۆچبەران بەرز بووەوە . بەو پێیەش هەزاران کۆچبەر لە مافی ڕاکێشانی ئەندامانی خێزانەکانیان بێبەش بوون.

لە شوباتی ئەمساڵ، پەرلەمانی ئەڵمانیا ماوەی ڕێگری لە یەکگرتنەوەی خێزانەکان درێژ کردەوە و هیچ کۆچبەرێکی ناو لیستی پاراستنی کاتی، ناتوانێ تاوەکو ئابی 2018 هەوڵی ڕاکێشانی خێزانەکەی بدات، ئەوکاتیش مانگانە 1000 کەیس وەردەگیرێ، بەپێی ئاماری پەیمانگای توێژینەوەی ئابووریی ئەڵمانیا 50 بۆ 60 هەزار کۆچبەر چاوەڕێی ڕاکێشانی ئەندامانی خێزانەکانیان.

بەگوێرەی ڕێنماییەکانی یاسای پاراستنی کاتی، ئەو کۆچبەرانەی دەکەونە نێو ئەو گروپەوە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان دەبێ بچنەوە وڵاتەکانی خۆیان، ئەمەش لە کاتێکدایە کە نەتەوە یەکگرتووەکان سووریا بە وڵاتێکی مەترسیدار بۆ گەڕانەوەی پەناخوازان لەقەڵەم دەدات. بۆ ئەوەی کۆچبەرێکی ناو لیستی "پاراستنی کاتی" بتوانێ ئەندامانی خێزانەکەی ڕابکێشێ، دەبێ ببێ بە خاوەنی کارتی شین، ئەو کارتە جۆرێکە لە مافی مانەوە و بەو کەسانە دەدرێ کە لە ئاستێکی بەرزی شارەزاییدان لە بوارێکی کاردا و ئەڵمانیا پێویستی پێیانە .

# فیلمێکی کوردی، کۆچبەران و ئیتاڵییەکان کۆدەکاتەوە

**شوان سدیق**
**رووداو – ڕۆما**

هۆڵەکە جەمەی دەهات لە بینەر، بە ڕەنگی پێست و قژیاندا بۆت دەردەکەوت کە بەشێک لە ئامادەبووان ئیتاڵین، ئەوان هاتبوون سەیری فیلمێک بکەن لە بارەی کۆچبەران، ئامانجی نیشاندانی فیلمەش ئاشناکردنی ئیتاڵییەکان بوو بە کولتووری ئەو کۆچبەرانەی ڕوویان لە ئیتاڵیا کردووە .

فیلمەکە، فیلمێکی کوردی- سویدی بوو بەناوی ئۆپیت، ڕۆژی 15ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی میندۆچینۆی سەر بە هەرێمی کالابریای ئیتاڵیا نمایش کرا . لە ماوەی ڕابردوودا ئەمە سێیەم فیلمە لەو شارۆچکەیە نمایش دەکرێ، بەڵام هیچیان وەکو ئەم فیلمە خەڵکی بۆ بانگ نەکرابوو، بۆیە کۆچبەران و ئیتاڵییەکان بە جۆش و خرۆشەوە ڕوویان لە هۆڵی نمایشی فیلمەکە دەکرد .

لەم شارۆچکەیە پرۆژەیەکی هاوکاریی پەنابەران بەناوی سپرار بۆ خوێندن و دابینکردنی خزمەتگوزاری هەیە، بەشێکی پرۆژەکە بریتییە لە ناساندنی کولتووری گەلانی کۆچبەر بە یەکدی و هەروەها ئیتاڵییەکان، بۆ ئەمەش فیلم وەکو ئاسانترین کەرەستەی ناساندنی کولتوور لەو پرۆژەیەدا بیری لێکراوەتەوە، مانگانە فیلمێک لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا نمایش دەکرێ.

بۆ ئەم مانگە فیلمێکی کوردی – سویدی بەناوی "ئۆپیت" نمایش کرا، ئەم فیلمە لە ساڵی 2007 دەرچووە، بەشێکی لە باشووری کوردستان و بەشەکەی دیکەشی لە ئەورووپا وێنەگیراوە، چیرۆکی فیلمەکە باس لە کۆچکردنی خێزانێکی کورد دەکات بۆ هەندەران و دابڕانی ئەندامانی ئەم خێزانە لە یەکدی، لە فیلمەکەدا ژمارەیەک ئەکتەر و شانۆکاری بەناوبانگی کورد بەشدارییان کردووە . گرنگیی ئەم فیلمەش بۆ ئامادەبووان ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی ئۆرجیناڵ وەرگێڕدرابووە سەر زمانی ئیتاڵی، بۆیە ئیتاڵییەکان گرفتیان لە تێگەیشتنی زمانی فیلمەکە نەبوو.

ماریا سکالیسی کە ئافرەتێکی ئیتاڵییە و کۆرسی فێربوونی زمانی ئیتاڵی بە کۆچبەران دەڵێتەوە، خاوەنی بیرۆکەی ئەم پرۆژەی (سپرار)ـەیە کە بە واتای (سیمای من) دێت. ماریا بە (رووداو) ی گوت: "ئامانج لەم پرۆژەیە ناساندنی کولتووری گەلانە و هەم کۆچبەران و دانیشتووانی میندیچینۆ و شارۆچکەکانی دیکەش کۆدەکاتەوە، چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی فیلمەکە ڕیکلامی بۆ دەکەین، بەڵام بۆ ئەم فیلمە کوردییە زیاتر ریکلاممان کرد لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، چونکە فیلمەکە زیاتر کۆمەڵایەتی و چیرۆکەکەش پەیوەندی بە کورد و کۆچبەرییەوە هەبوو، بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا" .

فیلمەکە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی 15ی ئەم مانگە تا درەنگانی شەو نمایش کراو ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئامادەی بوون. بەر لە نمایشکردنی فیلمەکە، سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەکە ئەنتۆنیۆ پالیرمۆ باسێکی لە پرۆژەی هاوکاری بۆ پەنابەران کرد و گوتی "خستنەڕووی ئەم فیلم و چالاکییە کولتووری و هونەریانە سوود بە هەموو لایەکمان دەگەیێنێ، هەموومان بە کولتوور و هونەری یەک ئاشنا دەبین، ئێمەش وەکو شارەوانی بەردەوام دەبین لەم پرۆژانە، بێگومان هاوکاریی پەنابەرانیش گرنگە و دەمانەوێ ئەوانیش کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەم پرۆژە هونەریانە بەسەربەرن" .

ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەی میندیچینۆ نزیکەی 10 هەزار کەسێک دەبێت، ناوچەیەکی شاخاوی و کەشوهەوایەکی فینکی هەیە لە وەرزی هاویندا، ژمارەیەک لە کۆچبەرانی کورد و ئەفریقی و عەرەب و خەڵکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون و داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

زریان شیرایی کە کۆچبەرێکی کوردە، نیشاندانی فیلمەکە بە گرنگ وەسف دەکات بۆ میللەتی کورد، چونکە پێیوایە کورد کە مادام دەوڵەتی نییە و لەلایەن گەلانی دیکەی خاوەن دەوڵەتەوە وەک پێویست ناناسرێ، کەوایە ئەرکی پەنابەرانە خۆیان بناسێنن.

زریان کە لە شارۆچکەی میندیچینۆ دادەنیشێ، هەروەها گوتی: "چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی فیلمەکە لەگەڵ هاوکارەکانمان، سەردانی چەند قوتابخانەیەکمان کرد و گفتوگۆمان لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایانی میندیچینۆ کرد، هاوکات بەگرنگمان زانی باسێکیشمان هەبێت لەسەر ناساندنی کورد و بارودۆخی کوردستان کە بۆچی تا ئێستا کورد دەوڵەتی نییە . بێگومان ئەمەش بۆ قوتابییەکان و هەم مامۆستاکانیش شتێکی تازە بوو" .




## خەونەکانی دوو مێرمنداڵی کورد

فیلمی هۆپیت (Hoppet) لە دەرهێنانی پیتەر نێس، دەرهێنەری بەناوبانگی نەرویجییە و چیرۆکی دوو مێرمنداڵی کوردی باشووری کوردستان بە ناوەکانی ئازاد و دیجلە دەگێڕێتەوە کە بەنیازی ئەڵمانیا کوردستان جێدەهێڵن و کەچی سەر لە سوید دەردەکەن. ئازاد، تەمەن 12 ساڵ، خەون بەوەوە دەبینێ ببێ بە پاڵەوانێکی جیهانی لە وەرزشی بازداندا. دیجلەش لە پاش بۆردومانێکی کوردستان زمانی شکاوە. بەهرەی ئازاد لەبواری بازداندا یارمەتی ئەو دوو مێرمنداڵە کوردە دەدا بۆ بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی بازدان بچنە ئەڵمانیا و لەوێ لەگەڵ دایک و باوکیاندا یەک بگرنەوە. فیلمی هۆپیت، کە لە زمانی سویدیدا بەهەردوو واتای هیوا و بازدان دێت، لە ساڵی 2007 بەرهەمهاتووە.

## ژنێکی کورد و دوو منداڵی لە ئیجەدا خنکان

**ڕووداو– زاخۆ**

ژنێکی خەڵکی زاخۆ، کە خاوەنی شـەش منداڵە، لەگەڵ هاوژینەکەی و منداڵەکانیان ویسـتوویانە بەڕێگەی قاچاخ خۆیان بگەیەننە یۆنان، بەڵام ئەو بەلەمەی دەیگواستنەوە، لەڕێگەدا نقووم بووە، لە ئەنجامدا ژنەکە و دوو لە منداڵەکانی لەگەڵ منداڵێکی دیکەی کورد، گیانیان لەدەستداوە و هێشتاش تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوە. ئەو خێزانە زاخۆییە کەوتوونەتە داوی گرووپێکی قاچاخچیی تورکیا. ئەوان لە ئیستەنبوڵ لەگەڵ چوار قاچاخچی ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی لەڕێگەی وشکانییەوە لە ئەدرنەوە بگەنە یۆنان، بەڵام قاچاخچییەکان سواری بەلەمێکیان کردوون، کە لەڕێگەدا ژێرئاو کەوتووە.



ژنان

ڕووداو

ژمارە ( 502 ) – دووشەممە 2018/4/23

### بەردبارانی دەکات و بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بەسەری دەکەوێ

# ژنە دووگیانەکەی بەشێوەیەکی دڕندانە دەکوژێ



جیهان لە ڕێگەی کۆمەڵەی کەڕولاڵانەوە (ئە)ی ناسی و هەر لەو ڕێگەیەوە هاوسەرگیرییان کرد

**کاروان عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

پیاوێکـی خەڵکی دهۆک، لەگەڵ هاوژینەکەی بۆ گەشـت و سـەیران دەچنە دەرەوە، بەڵام لە ڕێگای نێوان زاخۆ و دهۆک لە ئۆتۆمبێلەکەی فڕێی دەداتە دەرەوە، پاشـان لە ئۆتۆمبێلەکـەی دادەبەزێت و بە بەرچاوی دوو منداڵەکەیەوە بە بەرد دەیکوژێ.

جیهـان حەکیـم، تەمـەن 27 سـاڵ، خـاوەن پێداویستیی تایبەت بوو (کەڕولاڵ بوو)، دایکی دوو منداڵ بوو بە ناوەکانی مەککە و مەلەک، دووگیان بوو بە منداڵی سێیەمی. ڕۆژی 2018/4/14 هاوژینەکەی داوای لێـدەکات بۆ گەشـتکردن بچنە دەرەوە، بەڵام لـە ڕێگای نێوان زاخۆ و دهـۆک لە ئۆتۆمبێل فڕێی دەداتـە خوارەوە، دوای ئـەوەی بەردبارانی دەکات، خوێنبەرەکانی دەست و قاچی بە چەقۆ دەبڕێ و هەر بەوەندەش وازی لێناهێنێ، پاشان بە ئۆتۆمبێلەکەی بەسەری دەکەوێت.

جیهان سـاڵی 2011 بە خواسـتی خۆی شووی بـە (ئە.ع) کـردووە. کەسـوکارەکەی دەڵێن (ئە) شەش مانگ لەمەوبەر هەڕەشەی کوشتنی لە جیهان کردبوو.

فەتیحە حەسەن کە دایکی جیهانە و یەکەم کەس بووە جەسـتەی بێ گیانی کچەکەی بینیوە، دەڵێت "لە ژیانمدا شـتی وام نەبینیوە، کەسێک بەو شێوە دڕندانەیە ئەشکەنجە بدرێ".

فەتیحە کاتێک باسی منداڵەکانی کچەکەی دەکات، لە پڕمەی گریان دەدات و دەڵێت: "جیهان دوو کچی هەبـوو، دوو گیان بوو، حەزی دەکرد خودا کوڕێکی بداتێ، بەڵام مێردەکەی ئا بەو جۆرە کوشتی".

> ئەوەی بەرامبەر جیهان کراوە داعش بە کەسی نەکردووە
>
> پووری قوربانییەکە

فەتیحە باسـی هەڵسـوکەوتی زاواکەی بەرامبەر کچەکەی دەکات و دەڵێت: "کچەکەم کەڕولاڵ بوو، لە جیاتی ئەوەی ئاگای لێی بێت، پشتگوێی خستبوو، بەیانیان لە ماڵ دەردەچوو شەو درەنگ دەگەڕایەوە، بەردەوام گەشـتی دەکرد، سـێ مۆبایلی پێبوو، بە بەرچـاوی جیهانـەوە قسـە و گاڵتەی لەگـەڵ ژنان دەکرد".

هـەر لەوبـارەوە سـامیە حەسـەن کـە ژنێکی بەساڵاچووە و پووری جیهانە، دەڵێت قەت دیمەنی جەستەی ئەشـکەنجەدراوی برازاکەی لەبەرچاو ون نابێ. سامیە گوتی "ئەوەی بەرامبەر جیهان کراوە، داعش بەرامبەر هیچ کەسێکی نەکردووە".

بـە گوتەی سـامیە، جیهان بە خواسـتی خۆی شـووی بە (ئە) کردووە، بەڵام بۆ ڕۆژێکیش لەلای ئـەو پیـاوە نەحەسـاوەتەوە. ئەو دەڵێـت "جیهان مووچەی خـاوەن پێداویسـتیی تایبەتی هەبوو کە مانگانـە 90 هـەزار دینار بوو، بـەڵام هاوژینەکەی چاوی لەو پارەیەش بوو، لێی دەستاند".

لوقمـان کە بـرای جیهانە، لەبـارەی ڕووداوەکە دەڵێـت: "13 کاژێـر بەسـەر ڕووداوەکـەدا تێپەڕیبـوو، کەسـوکاری (ئـە) لەڕێگەی سـەرۆک عەشیرەتەکەیانەوە تەلەفۆنیان کرد و گوتیان (ئە) جیهانی کوشتووە".

کەسـوکاری جیهـان نەیانهێشـت بنەماڵـەی (ئـە) بەشـداریی پرسـەکەیان بکـەن. سـەبارەت بـە چارەنووسـی منداڵەکانیـش لوقمـان گوتـی: "منداڵەکانمـان ناردنـەوە بـۆ ماڵی باوکـی (ئە). ئێمە ئامادەنین منداڵی پیاوێکی وەها خراپ بەخێو بکەین".

بەهـۆی باڵادەسـتیی گیانی عەشـیرەتگەری لە هەندێـک ناوچـەی بادینـان، چارەسـەرکردنی ئەو کێشانە زۆرتر لە ڕێگەی سوڵحی عەشارییەوە دەبێ، بەڵام لوقمان دەڵێت: "ڕێزمان بۆ عەشـیرەتەکەیان هەیـە، بەڵام ئێمە حـەز دەکەین دادگا دۆسـیەکە یەکلایی بکاتەوە و سزای بکوژی خوشکەکەم بدات".

جیهـان و هاوژینەکەی ئەندامـی کۆمەڵەی کەڕ و لاڵانـی کوردسـتان بـوون، هـەر لە ڕێگـەی ئەو کۆمەڵەیەشـەوە یەکدییان ناسـیوە. ئاری قادر کە سـەرۆکی کۆمەڵەکەیە، دەڵێت ئەندامانیان بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تاساون.

هێمن سـلێمان، گوتەبێژی پۆلیسـی پارێزگای دهـۆک لەبارەی ئەو کەیسـە بـە (ڕووداو)ی گوت: "هەر دوای ڕووداوەکە تۆمەتبار لەلایەن پۆلیسـەوە دەستگیر کرا و بەپێی مادە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کرایەوە".



# هاوژینەکەیان کوشت و ناهێڵن منداڵەکانیشی ببینێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

دالیـا دوای 50 ڕۆژ لـە کوژرانـی مێردەکەی، ئێسـتا خەمێکی دیکـەی بۆ زیاد بـووە، ئەویش زەوتکردنی منداڵەکانیەتی لەلایەن ماڵە خەزوورانی.

دواییـنجـار کە دالیا هاوژینەکـەی خۆی بینی، ڕۆژی 2018/3/5 بوو، ئەو ڕۆژە سـەردار، دالیای ناردەوە ماڵی باوکی، بۆ شەوەکەی کە سەردار بە تەنیا لە ماڵ بوو، لەلایەنی کەسانی نەناسراوەوە بە پێنج گوللە لە ژووری نووستنەکەیدا کوژرا.

سەردار سەلام، تەمەن 33 ساڵ، باوکی کچێکی تەمەن شەش ساڵان و کوڕێکی تەمەن چوار ساڵان بوو، لە گوندی باغەمرەی سەر بە ناحیەی دارەتوو دادەنیشت.

دالیا بەدەم هەڵڕشـتنی فرمێسـکەوە باسـی کوشـتنی هاوژینەکـەی بـۆ (ڕووداو) کـرد و گوتـی: "چەنـد ڕۆژێـک پێش ئـەوەی مێردەکەم بکوژرێت، زۆر مەشغوڵ دیاربوو، بەردەوام سەیری مۆبایلەکـەی دەکرد، گومانێکم بۆ دروسـتبوو کە کێشـەیەکی هەیە، زۆر پرسیارم لێکرد، تا دواجار ئاشکرای کرد".

سـەردار هاوژینەکەی تووشـی شـۆک کردووە کاتێک پێیگوتووە: "پەیوەندیم لەگەڵ کچێکدا هەیە و ناتوانم دەستبەرداری بم، چونکە خۆشمدەوێ". ئیدی شەڕە قسە و دەنگەدەنگ دەکەوێتە نێوانیان. دالیا دەڵێت "سـەردار بەڵێنی پێدام واز لەو کچە بهێنێ، بۆیە منیش ڕازی بووم لەلای بمێنمەوە".

دالیای تەمەن 29 سـاڵ، دوای تێپەڕبوونی 50 ڕۆژ بەسەر کوشتنی هاوژینەکەیدا، هێشتا شۆکی ڕووداوەکـە بەرینـەداوە و بـاوەڕ ناکات سـەردار مردبێت. باسی دوا ساتی پێکەوەبوونیان دەکات و دەڵێت: "ئەو بەیانییە منی بردەوە بۆ ماڵی باوکم و گوتی بڕۆ بۆ بازاڕ جلوبەرگ بۆ منداڵەکان بکڕە، چونکـە نـەورۆز نزیک بوو، قەت سـەردار نەبووە پـارەم بداتی بڵێ جلوبەرگ بـۆ منداڵەکان بکڕە! بۆیە گومانەکانم زیاتر بوون".

کاژێـر 9ی بەیانی ڕۆژی 2018/3/6 کەسـێک پەیوەنـدی بـە دالیـاوە دەکات و هەواڵێکـی زۆر ناخۆشـی دەداتێ. پێیدەڵێ مێردەکەت کوژراوە. دالیـا گومانی لە کەسـوکاری ئـەو کچە هەیە کە پەیوەندی لەگەڵ سـەردار هەبـووە، ئەو لە دادگا سـکاڵای تۆمار کردووە و ئێستا چاوەڕێی وەڵامی دادگا دەکات.

هۆگر عەزیـز، گوتەبێژی پۆلیسـی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیسی بنکـەی دارەتـوو چوون بـۆ شـوێنی ڕووداوەکە، بینییـان پیاوەکە لـە ماڵەکەی خۆیدا کـوژراوە، پـەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەو کەیسـە کردەوە، خێزانەکـەی سـکاڵای یاسـایی تۆمار کـردووە و گومانی لە چەند کەسێک هەبوو، پۆلیسی بنکەی دارەتـوو توانییـان تۆمەتبارێک دەسـتگیر بکەن بەناوی (م)".

گوتیشـی: "ناتوانین هیچ زانیارییەک لەبارەی تۆمەتبارەکە ئاشکرا بکەین، چونکە ڕەنگە لە کاتی تاوانەکە کەسـی دیکەشـی لەگەڵدا بووبێ، بەڵام ئەوەی دەستگیرکراوە تۆمەتباری یەکەمی کوشتنی سەردارە".

هەفتەیەک دوای کوژرانی سەردار، خانەوادەکەی بە بیانووی ئەوەی ناتوانن خەرجیی دالیا بکێشن، دالیا دەنێرنـەوە ماڵی باوکی، بـەڵام منداڵەکانی لێدەستێنن، دالیا دەڵێت: "نەک تەنیا منداڵەکانیان لێ سەندم تەنانەت ناهێڵن چاویشم پێیان بکەوێ".

کە باسی منداڵەکانی کرد، گریانەکەی بەکوڵتر بـوو گوتـی " ئەوە بـەس نەبـوو، مێردەکەمیان کوشـت و منداڵەکانمیان لە باوکیان بێبەش کرد؟ منداڵەکانم بچوکن، کچەکەم تەمەنی شەش ساڵە و پۆلی یەکی سـەرەتاییە، ئێستا لە قوتابخانەش دابڕاوە، کوڕەکەم چوار ساڵە، هێشتا زۆر منداڵن و پێویستیان بە منە".

دالیـا زۆر بیری منداڵەکانـی دەکات و دەڵێت: "زۆر پەیوەندیم بە ماڵی خەسوومەوە کرد بۆ ئەوەی ڕێگەم پێبدەن منداڵەکانم ببینم، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە منیش ناچاربـووم سـکاڵای یاسـاییان لەسەر تۆمار بکەم، چونکە جگە لە یاسا هیچ لایەکی دیکە شک نابەم بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکانم بۆ باوەشم".

کاروزان بەختیـار کـە پارێـزەری دالیایـە، لەبـارەی کەیسـەکەی بـە (ڕووداو)ی گوت: "دالیا منداڵەکانی لـێ زەوتکـراون، خەریکیـن دۆسیەی بۆ دەکەینەوە، هەر کاتێـک دادوەر کاتێکی بۆ دانیشـتنی دادگا دانـا، ئێمە دەسـت بەکاری خۆمان دەکەین".

# لەیەکەم شەوی هاوسەرگیریدا ناردیەوە ماڵی باوکی

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

(ن) عەلـی، تەمەن 27 سـاڵ و دانیشـتووی گەڕەکێکـی هەولێرە. شـوو بە ناسـیاوێکی خۆی دەکات، بەڵام تەنیا یەک شـەو لەلای دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی دەردەکەوێ لە ڕەگەزی سێیەمە.

(ن) چیرۆکـی خـۆی دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت تاوەکـو قۆناغـی نۆ (سـێی ناوەنـدی)ش کەس نەیزانیبوو کە ئەو لە ڕەگەزی سێیەم (نێرەمووکە)ـە، ئەو ساڵە کچێکی هاوڕێی بەوەی زانی و ئینجا لەلای هاوڕێکانی باسی کرد، ئیدی ناچاربوو واز لە خوێندن بێنێ.

(ن) دوای وازهێنـان لـە خوێنـدن، شـوو بـە ناسـیاوێکی خۆیـان دەکات، بـەڵام تەمەنی هاوسـەرگیرییەکەی زۆر کـورت بـوو. (ن) بـە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی گواسـتنەوە دڵخۆش بووم و ترسیشم هەبوو. شەو کە هاوسەرەکەم بە حاڵی منی زانی، بە تووڕەییەوە گوتی تۆ کچ نیت، بۆچی منت هەڵخەڵەتاند؟".

هاوژینی (ن) هەر ئەو شەوە پەیوەندی بە ماڵە خەزوورانییەوە دەکات و پاشـان (ن) دەنێرێتەوە ماڵی باوکی.

پەیوەندییەکانـی هەردوو خێـزان ئاڵۆز دەبن، حاجـی عەلـی باوکی (ن) بـەردەوام لـە خەمی ئاڵۆزنەبوونـی دۆخەکەدایـە، بـەڵام خـەزووری کچەکەی سوود لە کوڕی برایەکی خۆی دەبینێ کە پارێزەرە و دەڵێت "ئەگەر سەرجەم خەرجییەکانم نەدەنەوە، سـکاڵا تۆمـار دەکـەم". (ن) دەڵێت: "بەهەر شێوەیەک بوو باوکم هەموو خەرجییەکانی بۆ گێڕانەوە، ئێستا هیچ پەیوەندییەکمان نەماوە".

ئەم دۆخە جەستەییە تەنیا ژیانی هاوسەرگیری لە (ن) تاڵ نەکردووە، بەڵکو کارکردن و دەرچوونی ئاسایی بۆ بازاڕیش.

"چەندین کارم دۆزیوەتەوە، بەڵام دواتر کەسێک لـە شـوێنی کار زانیویەتی ڕەگەزی سـێیەمم بە چاوی هاوڕەگەزباز سەیری کردووم و بەشێوەیەک مامەڵەیان کردووە کە نەتوانم بەردەوام بم".

(ن) حـەزی بـۆ سـێکس ناچێت و بیـر لەوە ناکاتەوە جارێکی دیکە شـوو بکاتـەوە و دەڵێت: "ژیانـم تەواو، مەگەر بتوانم بچمـە دەرەوەی وڵات چارەسەر بکرێم، چونکە پێشتر سەردانی پزیشکم کرد و گوتیان لە دەرەوە چارەسـەرت هەیە، بەڵام پارەم نییە".

لەسەر ناسنامەی باری شارستانی کەسێک کە لـە ڕەگەزی سـێیەم بێ، دەنووسـرێت (مخنس) یاخـود بـە بڕیـاری کارگێڕیـی بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە دەنووسرێت (اعزب) یان (باکر).

عەبدولڕەحمـان عەزیـز شـوانی، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامـەی هەولێر لەبارەی ئەم جۆرە حاڵەتانە دەڵێت: "هیچ ئامارێکی دروسـت لەبەردەست نییە تایبەت بە ڕەگەزی سـێیەم، هیچ کەسێک ئەمەی نەکردووەتە خەمی خۆی کە ئاماری ورد لەسەر ئەم کەسانە پەیدا بکات".

کەسانی سەر بە ڕەگەزی سێیەم لە کۆمەڵگای کوردیـدا بەچاوێـک سـەیر دەکرێـن کـە زۆرجار کاریگەریی نەرێنی لەسـەر دەروونیان جێدەهێڵێ. دکتـۆر ئـاراس قەرەداخـی، پزیشـکی دەروونـی لەوبارەیـەوە دەڵێت: "بـە پێچەوانەوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتـی، لـە ڕۆژئـاوا شـوێنی تایبەتیـان بۆ دیاریکـراوە و مامەڵەیەکـی تەندروسـتیان لەگەڵ دەکرێـت، ئەمەش دەبێتە هـۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە سروشتەوە هەیانە".

### ڕەگەزی سێیەم لە یاسادا

تاوەکو ئێسـتا یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێـراق لە هیچ مادە و بڕگەیەکدا باسـی ماف و ئەرکی مرۆڤی سەر بە ڕەگەزی سێیەمیان نەکردووە و بەتەواوی چاو لەم حاڵەتە سروشتییە پۆشراوە.

ڕەمزیـە جەباری کـە پارێزەرە لـە دادگاکانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا لەڕووی یاسـاییەوە بایـەخ بە ڕەگەزی سـێیەم نـەدراوە، بۆیـە هیـچ ماف و ئەرکێکیان دیار نییە لە یاسـا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا".

ئـەو پارێزەرە دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی لە هیچ مادە و بڕگەیەکی یاساییدا باس لە ڕەگەزی سێیەم نەکراوە، لەڕووی یاسـاییەوە ناتوانن هاوسەرگیری بکەن، یاخود ئەگەر هاوسەرگیریش بکەن ئەوا هیچ مافێکی یاسـاییان ناکەوێت". بۆیە ئەو یاساناسە بە گرنگی دەزانێ کە یاسـایەکی تایبەت یاخود لە هەمواری یاسـای باری شارسـتانی باسی ڕەگەزی سێیەم بکرێت.

# درەنگخەوتن تەندروستی تێکدەدات



پزیشکێک

لەوانەدا کە کەم دەنوون، ئەگەری تووشبوون بە شەکرە دوو هێندەی کەسانی دیکەیە

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی ڕووناک بۆ کارکردنە، ئەمە کولتووری مرۆڤایەتییە و سەدان هەزار ساڵە چەسپاوە، خەڵکی لە ڕۆژدا کاردەکەن و لە شەودا پشوو دەدەن، فیسیۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ هەر بەم شێوەیە ڕاهاتووە.

کە ئێوارە نزیک دەبێتەوە، خۆر ورد ورده خۆی دەسمێتە ئەودیو و لەگەڵیدا ڕووناکیش تا ڕۆژی دواتر کۆچێکی کاتی دەکات، ئیدی کاتی پشووە، هێدی هێدی مرۆڤ خەو دەیباتەوە، بەڵام بەشێک لە خەڵکی ناخەون و لە تاریکیی شەودا بژێویی ژیانیان دابین دەکەن.

بازاڕێک لە نزیک قەڵات کە لەگەڵ فراوانبوونی هەولێر لەدایکبووە، شەوانە کۆمەڵێک پاسەوان چاودێریی دەکەن. بە تیشکی لایتە دەستییەکانیان بەردەمیان ڕووناک دەکەنەوە و دڵنیا دەبنەوە لە نەبوونی هیچ مەترسییەک بۆ سەر بازاڕە کۆنە گرانبەهاکە.

فوئاد یەکێک لەوانەیە کە شەو تاوەکو بەیانی ناخەوێت و سەرپەرشتی پاسەوانانی بازاڕەکە دەکات، ئەو نەخەوتن لە شەودا بە هۆکاری سەرئێشە بەردەوامەکەی دەزانێت، فوئاد دەڵێت دۆخی دەروونیشی شڵەژاو و نادروستە "بەڵام بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی خێزانەکەم ناچارم ئەم کارە بکەم".

منداڵەکانی فوئاد، نزیکەی چوار ساڵە لە شەودا باوکیان لە ماڵ نەبینیوە، شەوی ئەوان دوور لە پشت و پەنای باوکیانە، ئەویش لە بازاڕەکە بەدیار ئاگرێکی کاتییەوە جەستەی ساردی گەرم دەکاتەوە، بەڵام ناخی ساردی ئەمانە تەنیا بە خەوتن لەنێو خێزانەکەیان گەرم دەبێتەوە.

هەرچەندە کاژێر 12ی شەو تێپەڕیوە، بەڵام لە ئێستکان، سەهۆڵەکە و شەقامە هاوشێوەکانیان لە باشووری کوردستان تازە دەست بە دروستکردنی خواردن دەکەن، شەربەتی سروشتیش لەولا دەگیرێتەوە و چاوەڕێی کڕیاری نیوەشەوە.

د.دلێر گەلاڵی، پسپۆڕی فیسیۆلۆژی جەستەیە و مامۆستای زانکۆی هەولێری پزیشکییە، ئەو نیگەرانە لەوەی ئەو هەموو گەنجە شەوان بێدارن، دەڵێت: "نەخەوتن لە شەودا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر جەستە دەبێت".

گەلاڵی دەڵێت نەخەوتن لە شەودا سەردەکێشێت بۆ برسیبوون، کەسی بێدار ناچار دەبێت نان بخوات، بەمەش کۆئەندامی هەرس سست دەبێت و پرۆسەی زیندەپاڵ دەشێوێت. د.دلێر شەونخوونی و خواردن لە شەودا بە هۆکاری قەڵەوبوون دەزانێت "قەڵەویش هەر خۆی بەڵایەکی گەورەی تەندروستییە".

بەپێی زانستی پزیشکی بێت، خواردنەوەی چا لە ئێوارانیشدا پەسەند و بەجێ نییە، بەڵام لە ئیسکانی هەولێر و سەهۆڵەکەی سلێمانی، دوای نیوەشەو چای خەڵووز ئامادە دەکرێت. پاچە لە شەقامە بێدارەکانی باشووری کوردستان لەنێو مەنجەڵی گەورەدا چاوەڕوانی بێدارێکە بیخوات، بەڵام پاچە لە درەنگانی شەودا مەترسییەکەی زیاتر دەبێت، ئەمە لەم شەقامانەدا مژاری بیرلێکردنەوە نییە.

د.دلێر گەلاڵی دەڵێت شەوبێداری فیسیۆلۆژیی جەستە بە تەواوی دەشێوێنێ، پاچە لە شەودا مەترسیدارە.

کاژێر دووی شەوە و کەباب ئامادە دەکرێ بۆ ئەوەی لەشیش بدرێ، کەباب لەلایەک و کوبەی ئامۆزاشی لەلایەکی دیکە، کەباب و کوبە بەیەکەوە نیوەی خواردنی شەوانەی ئیسکان پێکدەهێنن.

یەکێک لە توێژە بێدارەکان پزیشکان و کارمەندانی تەندروستین، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵاتی پایتەخت، د ڕەوەند و هاوکارانی تاوەکو بەیانی ناخەون. ئێشکگریی د.ڕەوەند لە شەودا لەپێناوی خەوێکی قووڵتری هاونیشتمانیانە، شەونخوونی ڕەوەند و هاوپیشەکانی دیکەی بۆ ئەوەیە چارەسەری هاونیشتمانیان بکەن و بیانگەڕێننەوە نێو پێخەفی گەرمی شەو، ئەمە ڕای پزیشکە گەنجەکەیە، بەڵام نەخەوتن لە شەودا بەڕای پسپۆڕەکەی فیسیۆلۆژی، باڵانسی هۆرمۆنەکان تێکدەدات. د.دلێر دەڵێت: "مەترسی تووشبوون بە شەکرە لە بێداراندا دوو هێندەی کەسانی دیکەیە".

پەرستار و پزیشکەکان تامی خەوی شەو نازانن، دەشزانن کە نەخەوتن ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیانکاتە میوانی نەخۆشخانە.

لە سەهۆڵەکەی سلێمانی، گوڵەبەڕۆژەفرۆشێک ئاگری نێو کوورەکەی تاوداوە، گەنجان بە کیسی گەورە دەیکڕن و تا تەواوی دەکەن بە دیارییەوە دادەنیشن.

کاژێر چواری بەیانییە لە هەولێر، لە پەنای پیرە قەراتی هەولێرێ، کۆمەڵێک منداڵ سەرمایانە و خۆیان بە ئاگرێکی کز گەرم دەکەنەوە، د.دلێر دەڵێت ئەمانە دەبووایە ئێستا لە نێو پێخەفی گەرم و باوەشی نەرمی دایە و بابەدا بخەوتنایە، نەک لە باوەشی ساردی شەقامدا ڕۆژ بکەنەوە.

پسپۆڕەکەی فیسیۆلۆژی دەڵێت شەوانە زوو خەوتن و هەڵسانی زووی بەیانیان دوای هەشت کاژێر خەوتن باشترین و تەندروستترین جۆری خەوە.

# ببە بە دۆستی شەربەتی سروشتیی پرتەقاڵ و مێوژ

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

بەرەو وەرزی گەرما دەڕۆین و خواردنەوەی ساردەمەنییەکان ورده ورده دەبێتە عادەت لەنێو خەڵکیدا، پزیشکان هەمیشە دەڵێن خواردنەوەی شەربەتی سروشتی سوودی زۆری هەیە، ئەمانەی خوارەوە سوودە تەندروستییەکانی دوو جۆر شەربەتی سروشتین: پرتەقاڵ و مێوژ.

## سوودەکانی شەربەتی پرتەقاڵ:



- دەوڵەمەندە بە ڤیتامین C
- کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکات
- دژی بەردی گورچیلەیە
- سووڕی خوێن چالاک دەکات
- هەوکردن کەمدەکاتەوە
- گوشاری خوێن ڕێکدەخات
- چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن کەمدەکاتەوە
- پێست درەوشاوە دەکات
- تەندروستیی دڵ باش دەکات

## سوودەکانی شەربەتی مێوژ



- دژەئۆکسێنی ڕێزڤیراترۆڵی تێدایە
- کلۆبوونی خوێن کەمدەکاتەوە
- چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن کەمدەکاتەوە
- بۆڕییەکانی خوێن تەندروستتر دەکات
- گوشاری خوێن ڕێکدەخات
- تەندروستیی دڵ دەپارێزێ
- تەندروستیی ماسولکەکان دەپارێزێت
- دژی ئەلزهایمەرە
- ڕەونەقی پێست دەپارێزێ

# ئەم زانیارییانە لەبارەی دڵت دەزانی؟



**ڕووداو– ئاژانسەکان**

کێشی دڵ 250 – 300 گرامە و بەردەوام 4.5 لیتر خوێن بەنێو جەستەدا هاتوچۆ پێدەکات. ئەمانە هەندێک ڕاستین لەبارەی ئەو ئەندامە گرنگەی لەش:

**1 بەدرێژایی ژیان 2.5 ملیار جار لێدەدات**

دڵ بە تێکڕا ڕۆژانە 100 هەزار جار لێدەدات، بەوەش ساڵانە 36 ملیۆن جار لێدەدات. ئەگەر تەمەنی کەسێک 71 ساڵ بێت، ئەوە لە ماوەی تەمەنیدا 2.5 ملیار جار لێدەدات.

**2 دڵ گوێ لە مۆسیقا دەگرێت**

دڵی مرۆڤ لێدانی خۆی لەگەڵ تۆنی مۆسیقادا دەگونجێنێ. کاتێک گوێ لە مۆسیقایەکی هێمن دەگری، لێدانەکانی کەمدەکاتەوە، کەچی لەگەڵ گوێگرتن لە مۆسیقایەکی خێرای وەک مۆسیقای ڕۆک، لێدانەکانی زیاد دەکات.

**3 لەگەڵ دڵی مەعشوق هاوئاهەنگ دەبێت**

توێژینەوەیەک دەڵێت ئەگەر دوو عاشق بۆ ماوەی سێ خولەک لەیەک بڕوانن، جۆرە هاوئاهەنگی و لێکچوونێک لەنێوان لێدانی دڵیاندا دروستدەبێت. ئەوەی سەیرە ئەگەر دوو کەسی ئاسایی بۆ یەک بڕوانن ئەو حاڵەتە دروست نابێت. هەروەک حاڵەتەکە لە خانماندا بڵاوترە، واتە دڵی ئەوان زیاتر لەگەڵ دڵی خۆشەویستەکەیان هاوئاهەنگ دەبێت.

**5 وزەی گەشتێکی سەر مانگ دەدات**

دڵ ڕۆژانە وزەیەکی ئەوتۆ دروستدەکات کە ئۆتۆمبێلێک بۆ ماوەی 32 خولەک لێبخوڕێت. واتە ئەگەر کەسێک تەمەنی 71 ساڵ بێت، ئەوا بەدرێژایی تەمەنی، دڵ وزەیەکی ئەوتۆ بەرهەمدێنێ کە دەتوانێت ئۆتۆمبیلێک بۆ مەودایەک پاڵ بنێت بگاتە سەر ڕووی مانگ و بگەڕێتەوە.

**5 سەربەخۆ دەجوڵێ و بەرهەمهێنی کارەبای خۆی هەیە**

دڵمان خۆبەخۆ لێدانی کارەبایی تایبەت بە خۆی دروستدەکات، واتە بێ گوێدانە بەشەکانی دیکەی لەش، ئەو کاری خۆی دەکات، هەموو ئەوەی پێویستی پێیەتی تەنیا هەندێک ئۆکسجینە.

**6 تواناکانی خۆی چەند قات زیاد دەکات**

لەگەڵ ئەوەی لەکاتی ئاسایی لە هەر خولەکێکدا پێنج لیتر خوێن بە جەستەدا دەسوڕێنێ، لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی قورس دەتوانێت ئەو بڕە زیاد بکات بۆ 20 لیتر.

**7 حەزی بە پێکەنینە**

پێکەنینی مرۆڤ گەلێ بەسوودە بۆ دڵی. توێژینەوە نوێیەکان دەڵێن لەکاتی پێکەنیندا دیوارەکانی دڵ خاو دەبنەوە و بەوەش سووڕی خوێن لە هەموو جەستەدا ڕێکوپێکتر دەبێت.

# خۆشەویستی لە مێشکدایە یان دڵ؟



**ڕووداو – ئاژانسەکان**

زانستی پزیشکی بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، بە بەڵگەوە دەریدەخات کە خۆشەویستی لە مێشکەوە هەڵدەقوڵێ، نەوەک دڵ!

توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە خۆشەویستیی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لانیکەم 12 ناوچەی مێشکی مرۆڤ بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. توێژینەوەیەکی دیکە لێکدانەوەیەکی ناشاعیرانە بۆ خۆشەویستی دەکات و دەڵێ مێشک ئەو پرۆسەیە ڕێکدەخات، ئەویش بە هاریکاریی وێنە وەرگیراوەکان، هۆرمۆنەکان و نەخشەی بۆماوەیی کەسەکە.

لەژێر سکانی موگناتیسی کردەیی (fMRI) دەرکەوتووە، کاتێک کەسێک خۆشەویستەکەی یان تەنانەت وێنەکەشی دەبینێ، ئەو نێوەندانەی مێشک چالاک دەبن کە پرۆسە و هەستی خۆشەویستی ڕێکدەخەن.

ئەو خۆشەویستییەی مرۆڤ هەستی پێدەکات، لە مێشکدا بریتییە لە زنجیرەیەک کارلێکی کیمیایی و چالاکبوونی هەندێک نێوەند و دروستبوونی تۆڕی پەیوەندی لە نێوان چەند ناوچەیەکی مێشک.

واتە پرۆسەی خۆشەویستی بەرهەمی مێشکە و ئەو ڕێکی دەخات، نەوەک دڵ کە زیاتر ترومپایەکە بۆ پاڵنانی خوێن بۆ ناوچە جیاوازەکانی جەستە بە گشتی و لەنێویاندا مێشک.

# سێ حیزبە ئیسلامییەکە.. دەنگ و قـ



ئیسلامییەکانی کوردستان خاوەنی حەوت کورسین لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا

## توێژەر: ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی

یەکێک لە سیما دیارەکانی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پرۆسەی هەڵبژاردنە. هەڵبژاردن یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکان و دەرخەری قەبارەی هەر لایەن و هاوپەیمانێتییەک. ئەو قەبارەیەش دەبێتە سەنگی ئەو لایەن و هاوپەیمانێتیانە لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات و شێوازی بەشداربوونیان یاخود بەشدارکردنیان. هەر بۆیە گرنگە لە پرۆسەی دیموکراسیدا هەموو لایەنێک هەوڵ بدات زۆرترین دەنگ و متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێ.

یەکەمین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کە بۆ پەرلەمانی کوردستان بوو، لە 1992/5/19 بەڕێوەچوو. لەناو ئیسلامییەکاندا ئەو کاتە تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامی لە فۆرمێکی حیزبیدا دەردەکەوت. ساڵی 1994 یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕاگەیەندرا. لە ساڵی 2001 کۆمەڵی ئیسلامیش لە بزووتنەوە جیابووەوە.

ئەم سێ لایەنە ئیسلامیە لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا بەشدار بوونە. ئەم توێژینەوەیە بە کورتی تیشک دەخاتە سەر ئەنجامی دەنگی ئەو سێ لایەنە لەم هەڵبژاردنەدا، بۆ ئەوەی سەنگ و قورسایی هەر یەکەیان بەجیا و هەمووشیان پێکەوە دەربخات.

**خشتەی ژمارە (1) ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2013**

| ژ | لایەنەکان | ژ.دەنگ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | یەکگرتوو | 186,741 | %9.48 |
| 2 | کۆمەڵ | 118,574 | %6.02 |
| 3 | بزوتنەوە | 21,834 | %1.11 |
| 4 | ئەوانی تر | 1,643,168 | %83,39 |
| | کۆی گشتی | 1,970,317 | %100 |

### ● گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناڕوونیی پێگەی ئیسلامییەکان لە کوردستان و ژمارەی دەنگەکانیان لە هەر هەڵبژاردنێکدا، هەروەها سەنگ و قورسایی هەر لایەنێک بەپێی ناوچەی جوگرافی و بازنەکانی هەڵبژاردن.

### ● ئامانجی توێژینەوەکە:

### ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

– خستنەڕووی ڕێژەی دەنگی لایەنە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 تا 2014 لە هەرێمی کوردستان و لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن (پارێزگا)یەکدا.

– دیاریکردنی ڕادەی هەڵکشان و داکشانی دەنگەکانیان لە هەر هەڵبژاردنێکدا و لە هەر پارێزگایەک.

– زانینی سەنگ و قورسایی لایەنە ئیسلامیەکان لە بەرانبەر لایەنەکانی دیکە و لە نێوان خۆشیاندا.

### ● گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوەکە خۆی لە گرنگیی ئەو بابەتەدا دەبینێتەوە کە باسی لێوە دەکات، واتە هەڵبژاردن. هەڵبژاردنیش کرۆکی پرۆسەی دیموکراسیە، ڕێژەی دەنگەکانی هەر پارتێکیش دیارخەر و سنووردانەری ئاستی کاریگەری و بەشداربوونی ئەو پارتەیە لە دەسەڵات و حوکمڕانیی وڵاتدا.

### ● ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی ئەم توێژینەوە، ڕێبازی شیکاری بەراوردکاریە بۆ ئەو داتایانەی کە پەیوەستن بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان لە نێوان ساڵانی 1992 تا 2014 کە لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان تێیدا بەشێوەی لیستی سەربەخۆ یان هاوپەیمانێتی بەشدار بوونە. پاشان شیکردنەوەی داتاکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

توێژینەوەکە بەگشتی هەوڵیداوە ئەو داتا باوەڕپێکراوانە وەربگرێت کە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق خراونەتەڕوو. ئەگەرچی هەندێ وردەکاری تێدا نەبووە، بەڵام هەوڵم داوە لەڕێگای دیکەوە وردەکارییەکان دەست بخەم.

### ● داتاکانی هەڵبژاردن

لەپاش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 تا ساڵی 2014 چەند هەڵبژاردنێک کراون. لەخوارەوە بەکورتی تیشکیان دەخەینە سەر.

بۆ ئەوەی لە ئامانجی توێژنەوەکە لانەدەین، تەنیا ئاماژە بە دەنگی ئیسلامییەکان کراوە، دەنگی حیزبەکانی دیکە بە (ئەوانی تر) نووسراوە.

**خشتەی ژمارە (2) ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- 2005**

| ژ | لایەنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکگرتوو | 22,523 | %3.47 | 75,008 | %10,18 | 35,675 | %9.31 |
| 2 | کۆمەڵ | 18,781 | %2.89 | 53,088 | %7.21 | | |
| 3 | ئەوانی تر | 606,690 | %93.64 | 608,638 | %82.61 | 9,974 | %90,69 |
| | کۆی گشتی | 647,994 | %100 | 736,734 | %100 | 383,265 | %100 |

**خشتەی ژمارە (3) ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- 2014**

| ژ | لایەنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکگرتوو | 27,713 | %3.67 | 66,097 | %7.29 | 62,162 | %12.43 |
| 2 | کۆمەڵ | 57,907 | %7.68 | 55,457 | %6.12 | 3,651 | %0.73 |
| 3 | بزووتنەوە | 2,678 | %0.36 | 7,378 | %0.81 | | |
| 4 | ئەوانی تر | 665.936 | %88.29 | 777,711 | %85.78 | 434,348 | %86.84 |
| | کۆی گشتی | 754,234 | %100 | 906,643 | %100 | 500,161 | %100 |

**لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەنگی ئیسلامییەکان لە هەولێر و سلێمانی ڕوو لە داکشان بوو لە دهۆک ڕوو لە هەڵکشان بوو**

**لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010دا دەنگی ئیسلامییەکان بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە**

### ● شیکاری داتاکان

### ● یەکەم: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان

### ● یەکەم: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان

### خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان 1992:

لەم هەڵبژاردنەدا ئیسلامییەکان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشدار بوون، لە کۆی (971،453) دەنگ تەنیا توانییان (49،108) دەنگ بهێنن بەڕێژەی 5،1%.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە 1992 ، لیستی ئیسلامی توانی (49،108)

### خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان 2005:

لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا کۆمەڵی ئیسلامی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری کرد، لە کۆی (1،753،918) دەنگ، توانی (85،237) دەنگ بهێنێت بە ڕێژەی 4،9%.

### خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان 2009:

یەکگرتوو و کۆمەڵ لەگەڵ سۆشیالیست و زەحمەتکێشان لیستی خزمەتگوزرای و چاکسازییان پێکهێنا، لەکۆی (1،876،196) دەنگ (240،842) دەنگیان بەدەستهێنا بەڕێژەی 12،84%. لیستی بزووتنەوەش بەجیا توانی (27،147) دەنگ بهێنێت بەڕێژەی 1،45%.

### خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان 2013:

لەم هەڵبژاردنەدا هەر سێ لایەنە ئیسلامییەکە بە لیستی سەربەخۆ بەشدارییان کرد. کە لە خشتەی (1) ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

### دووەم: هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

### ● هەڵبژاردنی پارێزگاکان 2005:

لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا یەکگرتوو و کۆمەڵ بە لیستی سەربەخۆ بەشداربوون، یەکگرتوو (132.206) دەنگ بە ڕێژەی 7.53%. کۆمەڵ (71.869) دەنگ بە ڕێژەی 4.06%. ئەنجامی پارێزگاکانیش لە خشتەی (2)دا ڕوونکراوەتەوە.

### ● هەڵبژاردنی پارێزگاکان ساڵی 2014:

هەر سێ لایەنەکە بە لیستی سەربەخۆ بەشدار بوون، یەکگرتوو (155.972) دەنگ بەڕێژەی 7.22%. کۆمەڵ (117.015) دەنگ بەڕێژەی 5.41%، بزووتنەوە (10.056) بەڕێژەی 0.47%. ئەنجامی پارێزگاکانیش لەخشتەی (3)دا ڕوونکراوەتەوە.

### ● سێیەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

### هەڵبژاردنی ساڵی 2005:

هەڵبژاردنی 2005/1/30 کە ناونرا ئەنجوومەنی دامەزراندن، لیستی کوردستانی هەموو قەوارە کوردییەکانی لەخۆ گرتبوو.

هەڵبژاردنی 2005/12/15 تەنیا لیستی یەکگرتوو لە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوو. لەکۆی (2،799،840) دەنگدەری کورد توانی (157،688) دەنگ بهێنێت، بە ڕێژەی 5،6%.

### ● هەڵبژاردنی ساڵی 2010:

لەم هەڵبژاردنەدا هەر سێ لایەنەکە بە لیستی سەربەخۆ بەشدار بوون، یەکگرتوو (214.222) دەنگ بەڕێژەی 11.05%. کۆمەڵ (144.996) دەنگ بەڕێژەی 7.48% و بزووتنەوە (8.424) بەڕێژەی 0.43%. ئەنجامەکانیش لە خشتەی (4) دا ڕوونکراوەتەوە.

### ● هەڵبژاردنی ساڵی 2014:

لەم هەڵبژاردنەش هەر سێ لایەنەکە بە لیستی سەربەخۆ بەشدار بوون، یەکگرتوو (186.419) دەنگ بە ڕێژەی 8.76%. کۆمەڵ (140.231) دەنگ بەڕێژەی 6.59% و بزووتنەوە (8.862) بە ڕێژەی 0.42%. ئەنجامەکان لە خشتەی (5) دا ڕوونکراونەتەوە.

**خشتەی ژمارە (4) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سێ پارێزگای هەرێم 2010**

| ژ | لایەنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکگرتوو | 51,065 | %7.51 | 103,188 | %12.38 | 59,969 | %14.12 |
| 2 | کۆمەڵ | 62,706 | %9.22 | 79,149 | %9.49 | 3.141 | %0.74 |
| 3 | بزووتنەوە | 1,126 | %0,17 | 6,355 | %0,76 | | |
| 4 | ئەوانی تر | 565,511 | %83.10 | 644,939 | %77,37 | 361,605 | %85.14 |
| | کۆی گشتی | 680,408 | %100 | 833,631 | %100 | 424,715 | %100 |

**خشتەی (5) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سێ پارێزگای هەرێم- 2014**

| ژ | لایەنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکگرتوو | 20,563 | %2.76 | 81,392 | %9.11 | 84,464 | %17.22 |
| 2 | کۆمەڵ | 80,492 | %10.81 | 57,102 | %6.39 | 2,637 | %0.54 |
| 3 | بزووتنەوە | 2,544 | %0,34 | 6,318 | %0,71 | | |
| 4 | ئەوانی تر | 640,890 | %86.09 | 748,414 | %83.79 | 403,351 | %82.24 |
| | کۆی گشتی | 744,489 | %100 | 893,226 | %100 | 490,452 | %100 |

# ـورسایيان لە هەڵبژاردنەکاندا



(فۆتۆ: ڕووداو)

**خشتەی ژمارە (6) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سێ پارێزگای هەرێم 2010 و 2014**

| سێ لایەنە ئیسلامیەکە | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی 2010 | 114,897 | %16.90 | 188,692 | %22.63 | 63,110 | %14.86 |
| کۆی گشتی دەنگدەر 2010 | 680,408 | | 833,631 | | 424,715 | |
| هەڵبژاردنی 2014 | 103,559 | %13.91 | 144,812 | %16.21 | 87,101 | %17.76 |
| کۆی گشتی دەنگدەر 2014 | 744,489 | | 893,226 | | 490,452 | |

**خشتەی ژمارە (7) دەنگی سێ لایەنە ئیسلامیەکە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 تا 2014**

| هەڵبژاردن | ساڵ | دەنگی ئیسلامییەکان | ڕێژە | ژ.دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|
| پەرلەمانی کوردستان | 1992 | 49,108 | % 5,1 | 971,453 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2005 | 205,075 | %11,59 | 1,767,993 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2010 | 367,642 | %18.96 | 1,938,754 |
| پەرلەمانی کوردستان | 2013 | 327,149 | %16.61 | 1,970,317 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2014 | 335,512 | %15.77 | 2,128,167 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2014 | 283,043 | % 13.10 | 2,161,038 |

**خشتەی (8) دەنگەکانی ئیسلامییەکان بەپێی پارێزگاکان**

| ژ | هەڵبژاردنەکان | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | ڕێژە | دهۆک | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگاکان 2005 | 41,304 | %6,36 | 128,096 | %17,39 | 35,675 | %9.31 |
| 2 | نوێنەران 2010 | 114,897 | %16.90 | 188,692 | %22.63 | 63,110 | %14.86 |
| 3 | نوێنەران 2014 | 103,559 | %13.91 | 144,812 | %16.21 | 87,101 | %17.76 |
| 4 | پارێزگاکان 2014 | 88,298 | %11.71 | 128,932 | %14.22 | 65,813 | %13.16 |

**خشتەی (9) دەنگ و ڕێژەی سێ لایەنە ئیسلامیەکە بەپێی هەڵبژاردنەکان**

| ژ | هەڵبژاردنەکان | یەکگرتوو | ڕێژە | کۆمەڵ | ڕێژە | بزووتنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگاکان 2005 | 133,206 | %64,95 | 71,869 | %35,04 | | |
| 2 | پەرلەمان 2013 | 186,741 | %57.08 | 118,574 | %36.25 | 21,834 | %6.67 |
| 3 | نوێنەران 2010 | 214,222 | %58.27 | 144,996 | %39.44 | 8,424 | %2,29 |
| 4 | نوێنەران 2014 | 186,419 | %55.56 | 140,231 | %41.80 | 8,862 | %2,64 |
| 5 | پارێزگاکان 2014 | 155,972 | %55.11 | 117,015 | %41.34 | 10,056 | %3.55 |

**خشتەی (10) تێکڕای دەنگ و ڕێژەی سێ لایەنە ئیسلامییەکە**

| هەڵبژاردنەکان | یەکگرتوو | ڕێژە | کۆمەڵ | ڕێژە | بزووتنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێکڕای هەڵبژاردنەکان | 175,312 | %57,26 | 118,537 | %38,72 | 12,294 | %4,02 |

دەنگ ببات بەرێژەی 1،5%.

لە هەڵبژاردنی 2005 و 2009 ناتوانرێت دەنگی ئیسلامییەکان جیابکرێتەوە بەهۆی هاوپەیمانێتی و لیستی داخراو.

لە هەڵبژاردنی 2013 بەلیستی سەربەخۆ بەشدار بوون و هەرسێکیان توانییان (327،149) دەنگ بهێنن بەرێژەی 16،61%.

## ● دووەم: هەڵبژاردنی پارێزگاکان

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا لە 2005، یەکگرتوو و کۆمەڵ بە لیستی سەربەخۆ بەشدار بوون و هەردوولایان توانییان (205،075) دەنگ بهێنن بەرێژەی 11،59%.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش:

هەولێر (41.304) دەنگ بەرێژەی 6.36%.

سلێمانی (128.096) دەنگ بەرێژەی 17.39%. دهۆک کۆمەڵ لیستی نەبوو، یەکگرتوو (35.675) دەنگی هێنا بەرێژەی 9.31%.

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ساڵی 2014 هەرسێ لایەنە ئیسلامیەکە بەلیستی سەربەخۆ بەشداربوون، کۆی دەنگی هەرسێکیان (283،043) دەنگ بوو بەرێژەی 13،1% بەم شێوەیە:

هەولێر (88.298) دەنگ بەرێژەی 11.71%.

سلێمانی (128.932) دەنگ بەرێژەی 14.22%

دهۆک (65.813) دەنگ بەرێژەی 13.16%.

## ● سێیەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

### ● هەڵبژاردنی ساڵی 2005 :

تەنیا یەکگرتوو بەلیستی سەربەخۆ بەشدار بوو، ناتوانرێت دەنگی دوو لایەنەکەی دیکە دەستنیشان بکرێت.

### ● هەڵبژاردنی ساڵی 2010:

سێ لایەنە ئیسلامییەکە توانیان (376،642) دەنگی هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنن، واتە بەرێژەی 18،96%:

هەولێر (114.897) دەنگ بەرێژەی 16.90%.

سلێمانی (188.692) دەنگ بەرێژەی 22.63%

دهۆک (63.110) دەنگ بەرێژەی 14.86%.

### ● هەڵبژاردنی ساڵی 2014:

سێ لایەنە ئیسلامییەکە (335،512) دەنگیان بەدەستهێنا، واتە بەرێژەی 15،77% بەم شێوەیە:

هەولێر (103.559) دەنگ بەرێژەی 13.91%.

سلێمانی (144.812) دەنگ بەرێژەی 16.21%.

دهۆک (87.101) دەنگ بەرێژەی 17.76%.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەڵبژاردنی 2014 دەنگی سێ لایەنە ئیسلامیەکە 32،130 دەنگی کەمترە لە دەنگەکانی هەڵبژاردنی 2010، ئەگەرچی 189،413 دەنگدەر زیادی کردووە بۆ کۆی گشتی دەنگدەران. لەڕووی ڕێژەییشەوە 3.19% کەمی کردووە.

## دەنگی هەرسێ لایەنەکە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لەو هەڵبژاردنانەدا بەم شێوەیە بوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەی ژمارە (6) دەگەینە ئەم ئەنجامانە سەبارەت بەدەنگی سێ لایەنە ئیسلامییەکە:

لە 2014 دەنگەکانیان لە هەولێر 11،338 دەنگی کەمترە لە دەنگەکانی 2010، ئەگەرچی 64،081 دەنگدەر زیادی کردووە.

لە 2014 دەنگەکانیان لە سلێمانی 43،880 دەنگی کەمترە لە دەنگەکانی 2010، ئەگەرچی 59،595 دەنگدەر زیادی کردووە.

بەڵام لەهەڵبژاردنی 2014 لەدهۆک 23،991 دەنگی زیاترە لەدەنگەکانی 2010، لەگەڵ زیادبوونی 65،737 دەنگدەری نوێ.

واتە لەهەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی دەنگەکانیان ڕوو لە داکشان بووە و لەدهۆکیش بەپێچەوانەوە ڕوو لەهەڵکشان بووە.

## ● چوارەم: دەنگی لایەنە ئیسلامییەکان بەپێی ساڵ

ئەگەر بەپێی ساڵ بڕوانینە دەنگی سێ لایەنە ئیسلامییەکە وەک لە خشتەی (7)دا هاتووە دەگەینە ئەم دەرەنجامانە:

لە ساڵی 1992 دەنگی ئیسلامییەکان بەردەوام لەهەڵکشاندا بووە تا ساڵی 2010 کە بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە. دواتر تووشی داکشان و کەمێک هەڵکشان و داکشان بووەتەوە. زۆرترین دەنگی یەکگرتوو و کۆمەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی 2010یە، بەڵام بزووتنەوە زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی 2009 یە.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و پارێزگاکانی ساڵی 2014 لەیەک ڕۆژدا کران، بەڵام دەنگی سێ لایەنەکە لەهەڵبژاردنی پارێزگا (52،469) دەنگی کەمترە لە دەنگی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان، لەسەر ئاستی هەرێمیش 2،67% کەمی کردووە، کە جێگای هەڵوێستە و لەسەر وەستانە.

لەو هەڵبژاردنانەی فرە بازنە بوون، جوگرافیای دابەشبوونی دەنگی سێ لایەنە ئیسلامییەکە بەم شێوەیە:

لەپارێزگای هەولێر ڕێژەی ئیسلامییەکان کەمترینی 6،36% و زۆرترینیش 16،90% بووە.

لە پارێزگای سلێمانی کەمترین ڕێژە 14،22% و زۆرترین 22،63%بووە.

لە پارێزگای دهۆکیش کەمترین ڕێژە 9،31% و زۆرترین 17،76% بووە.

## ● بەراوردی دەنگ و ڕێژەی ئیسلامییەکان

ئەگەر تەنیا دەنگی سێ لایەنە ئیسلامییەکە وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن وەربگرین دەگەینە ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی (9)دا ڕوونکراوەتەوە.

کەمترین ڕێژەی دەنگی یەکگرتوو لەکۆتا هەڵبژاردنی پارێزگاکان 2014 بووە کە 55،11%، زۆرترین ڕێژەش لە پارێزگاکانی ساڵی 2005 کە 64،95%. زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2010 بووە کە (214،222) دەنگە.

کۆمەڵ بەپێچەوانەوە زۆرترین ڕێژەی لەکۆتا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2014 بووە کە 41،80%، کەمترین ڕێژەش 35،04% لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان 2005. زۆرترین دەنگی لەە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2010 بووە کە (144،996) دەنگە.

بزووتنەوە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2013 زۆرترین ژمارەی دەنگ و ڕێژەی دەنگی خۆی تۆمارکردووە کە (21،834) دەنگە بەرێژەی 6،67% ، کەمترین ڕێژەش 2،29% لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2010.

ئەگەر تێکڕایی ئەو هەڵبژاردنانە وەربگرین کە هەرسێ لایەنەکە بە لیستی سەربەخۆ بەشدار بوون، ئەوا ئەنجامەکان بەو شێوەیە دەبن کە لەخشتەی (10)دا ڕوونکراوەتەوە.

## ● ئیسلامییەکان لە پارێزگاکان:

### ● پارێزگای هەولێر:

لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر دەنگی هەرسێ لایەنەکە لە خشتەی (11) ڕوونکراوەتەوە: لە پارێزگای هەولێر یەکگرتوو بەردەوام لەداکشاندا بووە و لەکۆتا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2014 کەمترین دەنگ و ڕێژەی خۆی تۆمار کردووە. بەپێچەوانەوە کۆمەڵ بەردەوام لەهەڵکشاندا بووە و لە هەمان هەڵبژاردندا بەرزترین دەنگ و ڕێژەی خۆی تۆمارکردووە. بزووتنەوەش بەردەوام دەنگ و ڕێژەی خۆی پاراستووە. کەمێک هەڵیکشاندووە.

### ● پارێزگای سلێمانی:

لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی دەنگی هەرسێ لایەنەکە وەک لە خشتەی (12) ڕوونکراوەتەوە. یەکگرتوو بەردەوام لەداکشاندا بووە و لەکۆتا هەڵبژاردنی پارێزگاکان 2014 کەمترین دەنگ و ڕێژەی خۆی تۆمار کردووە. هەروەها کۆمەڵ بەردەوام ڕووی لەداکشان کردووە بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر. بزووتنەوە دەنگەکانی خۆی پاراستوە و کەمێک زیادی کردووە.

### ● پارێزگای دهۆک:

هەرچی سەبارەت بە پارێزگای دهۆکە وەک لە خشتەی ژمارە 13 ڕوونکراوەتەوە. یەکگرتوو لەپارێزگای دهۆک دەنگەکانی ڕووی لەهەڵکشانە بەشێوەیەکی بەردەوام و لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 2014 بەرزترین ڕێژە و دەنگی خۆی تۆمار کردووە. کۆمەڵ بەبەراورد بەدوو پارێزگاکەی دیکە دەنگێکی لاوازە لەپارێزگای دهۆک. بزووتنەوەش وجودی نەبووە.

**تێبینی: ئەم بابەتە پوختەی توێژینەوەیەکی ساڵی 2014ی توێژەرە کە ئاراستەی چەند سەرکردەیەکی هەرسێ لایەنەکە کراوە.**

**خشتەی (11) دەنگ و ڕێژەی سێ لایەنە ئیسلامیەکە لەپارێزگای هەولێر**

| ژ | هەڵبژاردنەکان | یەکگرتوو | ڕێژە | کۆمەڵ | ڕێژە | بزووتنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگاکان 2005 | 22,523 | %54,53 | 18,781 | %45,47 | | |
| 2 | نوێنەران 2010 | 51,065 | %44,44 | 62,706 | %54,58 | 1,126 | %0,98 |
| 3 | نوێنەران 2014 | 20,563 | %19,85 | 80,492 | %77,69 | 2,544 | %2,46 |
| 4 | پارێزگاکان 2014 | 27,713 | %31,39 | 57,907 | %65,58 | 2,678 | %3,03 |

**خشتەی (12) دەنگ و ڕێژەی ئیسلامییەکان لە پارێزگای سلێمانی**

| ژ | هەڵبژاردنەکان | یەکگرتوو | ڕێژە | کۆمەڵ | ڕێژە | بزووتنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگاکان 2005 | 75,008 | %58,56 | 53,088 | %41,44 | | |
| 2 | نوێنەران 2010 | 103,188 | %54,59 | 79,149 | %41,95 | 6,355 | %3,36 |
| 3 | نوێنەران 2014 | 81,392 | %56,21 | 57,102 | %39,43 | 6,318 | %4,36 |
| 4 | پارێزگاکان 2014 | 66,097 | %51,27 | 55,457 | %43,01 | 7,378 | %5,72 |

**خشتەی (13) دەنگ و ڕێژەی سێ لایەنە ئیسلامیەکە لەپارێزگای دهۆک**

| ژ | هەڵبژاردنەکان | یەکگرتوو | ڕێژە | کۆمەڵ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارێزگاکان 2005 | 35,675 | | | |
| 2 | نوێنەران 2010 | 59,969 | %95,02 | 3.141 | %4,98 |
| 3 | نوێنەران 2014 | 84,464 | %96,97 | 2,637 | %3,03 |
| 4 | پارێزگاکان 2014 | 62,162 | %94,45 | 3,651 | %5,55 |

**دەنگی یەکگرتوو لە هەولێر بەردەوام لە داکشانە و دەنگی کۆمەڵ لە هەڵکشانە**

**دەنگی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە سلێمانی بەردەوام لە داکشانە**

**یەکگرتوو لە دهۆک دەنگی ڕوو لە هەڵکشانە و کۆمەڵیش دەنگێکی لاوازی هەیە**

بۆ ئاوەدانکردنەوەی "باکووری سووریا"

# ترەمپ داوای هاوکاری دارایی و سەربازی لە وڵاتانی عەرەبی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی ئاشکرایان کردووە کە کۆشکی سپی بەنیازە هێزی سەربازیی وڵاتانی کەنداو لە شوێنی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا جێگیر بکات. پلانەکە لەدوای تێکشکاندنی یەکجاریی داعش جێبەجێ دەکرێ، بەڵام کێشەی تەکنیکی و سیاسیی گەورەشی تێدایە.

وەکو لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکیدا دەردەکەوێ، جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، ئەرکی جێبەجێکردنی لایەنی دیپلۆماتیکی پلانەکەی پێ سپێردراوە و بەمدواییەش لەگەڵ عەباس کەمال، بەرپرسی هەواڵگریی میسر، قسەی کردووە بۆ ئەوەی بزانێ قاهیرە ئامادەیە بەشداری لە پلانەکەدا بکات یان نا. عەباس کەمال یەکێک لە بەهێزترین و دەستڕۆیشتووترین بەرپرسانی حکومەتی قاهیرەیە.

بەرپرسانی کۆشکی سپی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە لە چوارچێوەی پلانەکەدا داوا لە سعودیە، قەتەر و ئیمارات کراوە چەندین ملیار دۆلار پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکووری سووریا بخەنەگەڕ و هێزی سەربازیش ڕەوانەی ناوچەکە بکەن. بەرپرسێکی ئیدارەی ئەمریکی لە مبا ره یه وه به (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی گوت: "پەیوەندی بە سعودیە، قەتەر و ئیماراتی عەرەبییەوە کراوە بۆ ئەوەی پشتگیری دارایی و هاوکاریی بەرفراوانتر پێشکەش (بە پلانەکەی کۆشکی سپی) بکەن".

پێشتر ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) ئاشکرای کردبوو کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای لە شای سعودیە کردبوو چوار ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکووری سووریا و ناوچە ڕزگارکراوەکان لەدەستی داعش تەرخان بکات.

لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا، سەرۆکی ئەمریکا چەندینجار ڕایگەیاندووە کە بەنیازە دوای تێکشکاندنی داعش هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بکێشێتەوە و ئەرکی پاراستن و ئاوەدانکردنەوەی سووریا "بۆ خەڵکانی دیکە" جێبهێڵێ. ترەمپ لەمبارەیەوە گوتی: "ئێمە داوامان لە هاوبەشەکانمان (لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) کردووە کە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتری پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیان بگرنە ئەستۆ و پارەیەکی زیاتر بخەنەگەڕ".

ژمارەیەکی زۆر لە ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دژی ئەو پلانەن و پێیانوایە ئەمە نەک هەر ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش خۆشدەکات، بەڵکو بۆشاییەکی ستراتیژیش بۆ ڕووسیا و ئێران و میلیشیا شیعەکان جێدەهێڵێ. بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی دەڵێن بەشداریی هێزە عەرەبییەکان هەم ڕێگە لە دروستبوونی بۆشایی ئەمنی بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش دەگرێ و هەم بەرەنگاری فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکە دەبێتەوە.

هەفتەی ڕابردوو، عادل جوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیە ڕایگەیاند: "ئێمە ئێستا و لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە لەگەڵ ئەمریکا لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی هێز ڕەوانەی سووریا بکەین". بە گوتەی جوبەیر گفتوگۆکان پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە "چ جۆرە هێزێک ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی سووریا بکرێن و سەر بە چ وڵاتێک بن".

ژمارەیەک لە بەرپرسانی واشنتن پێیانوایە تێکشکاندنی داعش لە سووریا تەحەدایەکی گەورەیە و هەرواش دەمێنێتەوە، بەتایبەتیش دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین و هەڕەشەکانی لەسەر ناوچەی مەنبج. جیا لەمە کۆکردنەوەی ئەو هێزە عەرەبییە فرەلایەنە بەربەستی گەورەی لەبەردەمە.

چارڵز لیستەر، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆکردنەوەی هێزێکی هاوبەشی عەرەبی بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا تەحەدایەکی گەورەیە، چونکە ئیمارات و سعودیە سەرگەرمی شەڕێکی قورسن لە یەمەن. حکومەتی میسریش مەیلی بەرگریکردن لە ناوچەیەکی نییە کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی سووریادا نەبێ. حکومەتی قاهیرە بەشێوەیەکی گشتی ناخوازێ هێز ڕەوانەی وڵاتانی دیکە بکا، نموونەی ئەوەش لە شەڕی یەمەندا بەدی کرا، کاتێک سعودیە داوای لێکرد هێز ڕەوانەی شەڕەکە بکات و قاهیرە ڕەتیکردەوە.

لیستەر بە (جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "هیچ ئەزموونێکی پێشوەختە نییە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکات ئەم جۆرە هەنگاو دەتوانێ لە چوارچێوەی ستراتیژێکی سەرکەوتوودا شێوەگیر ببێ". هەڵبەت ئەگەر وڵاتانی عەرەبی ئامادەبن بەبێ مانەوەی سوپای ئەمریکا، هێز ڕەوانەی سووریا بکەن.

ئەوە یەکەمجار نییە ڕیاز باس لە ناردنی هێز بۆ سووریا بکات، لە ماوەی حەوت ساڵی شەڕی نێوخۆی سووریادا حکومەتی سعودیە چەندینجار ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ ناردنی هێزی دەربڕیوە، بەڵام هیچکات هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە نەناوە. لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی ئەمریکادا، سعودیە جەختی لەوە دەکردەوە بەشداری ئەمریکا لە سووریا زۆر سنووردارە و ئەوانیش ئامادەنین بەهێزی پیادە بەشداری ئەو قەیرانە بکەن ئەگەر ئەمریکا شان بە شانی ئەوان و لە چوارچێوەی ستراتیژێکی سەرتاپاگیر بۆ چارەسەری قەیرانەکە بەشدار نەبێ.

شەڕی یەمەن بۆ سعودیە لەچاو شەڕی سووریا ستراتیژیترە، بەڵام ڕیاز لەو شەڕەشدا ئەوەندەی پەنای بۆ هێزی ئاسمانی بردووە، ئەوەندە هێزی پیادەی بەکارنەهێناوە، ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی شەڕی سێ ساڵەی یەمەنە. بۆیەش پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ سعودییەکان ڕازی دەبن هێزی سەربازی بۆ ناوچەیەک بەرن کە ترەمپ دەیەوێ بە هەموو جۆرێک 2000 هێزی سەربازیی وڵاتەکەی لێ دووربخاتەوە؟

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هێزی ئاسمانیی ئەمریکا پشتیوانییەکی بەرچاوی پێشکەش بە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) کردووە. یەکێک لەو خاڵانەی دیپلۆماتەکانی وڵاتانی کەنداو لە بەرپرسانی کۆشکی سپی دەکەن ئەوەیە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە پاش کشانەوەی سەربازە ئەمریکییەکان لە سووریا چ ڕۆڵێکی دەبێ بۆ یارمەتیدانی هێزە عەرەبییەکە.

مایکڵ ئۆهانلۆن، لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی دەڵێت قەبارەی هێزە ئاسمانییەکەش خاڵێکی گرنگە، چونکە "ئەو هێزە ئاسمانییە و بەشدارییەکەی دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ کە لە قەرەی ئەسەد یان ئێران بێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دوو لایەنە ویستیان بە هاوکاریی ڕووسیا ناوچەکان (واتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە) کۆنترۆڵ بکەن".

شەڕی دژی داعش لە چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین خاو بووەتەوە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شەڕڤانە کوردەکانی هەسەدە بۆ بەرگری لە مەنبج ڕوویان لەو ناوچانە کردووە. هەر ئەمەش وایکردووە بەرپرسانی کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری دانانی ستراتیژێک بۆ دەرچوون لە سووریا بە کارێکی قورس بزانن.

## 12000 داعش لە سووریا ماون

بەرپرسێکی ئەمریکی بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ڕاگەیاندووە لە نێوان 5 هەزار بۆ 12 هەزار چەکداری داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا ماون و هەوڵی خۆرێکخستنەوە دەدەن. ئەرکی هێزە عەرەبییەکەش یارمەتیدانی هێزە کوردییەکان دەبێ بۆ ڕێگری لە هەڵسانەوەی داعش. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە بەرپرسانی وڵاتانی کەنداو پەیوەندییان بە کۆمپانیای بلاکوۆتەری ئەمریکییەوە کردووە بۆ ئەوەی بزانن چۆن هێزێکی لەو جۆرە لە سووریا دروست بکەن، کۆمپانیا ئەمریکییەکە چاوەڕێی هەنگاو و بڕیارەکانی دیکەی ترەمپە.



# ئیدارەی ترەمپ ڕێکارەکانی فرۆشتنی چەک بە وڵاتان ئاسان دەکات

**ڕووداو - هەولێر**

مانگی ڕابردوو سەرۆکی ئەمریکا پێشوازی لە شازادەی جێنشینی پاشای سعودی کرد و بە "کڕیاری گەورە"ی چەکی ئەمریکا ناوی برد کە گرێبەستێکی کڕینی چەک و کەرەستەی سەربازی بە بەهای 12.5 ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان واژۆ کردووە. ئیدارەی ئەمریکی دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کردووە بۆ ئەوەی ئاستی فرۆشتنی چەک بە وڵاتان بەرز بکاتەوە، سەرۆکی ئەمریکاش بە شەخسی لەو هەوڵانەدا بەشدارە.

ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکیدا ئاشکرای کردووە کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بە تەلەفۆن داوای لە ئەمیری کوەیت کردووە گرێبەستی کڕینی فڕۆکەی جەنگی بە بڕی 10 ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای بۆینگ تەواو بکات. ئەو گرێبەستە ماوەی ساڵێک بوو ڕاگیرابوو.

کەسانی ئاگادار لە گرێبەستەکەی نێوان کوەیت و بۆینگ بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە کە ترەمپ لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا بەناوی کۆمپانیای بۆینگەوە قسەی کردووە. بۆینگ دووەم کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کەرەستەی بەرگریی ئەمریکایە.

پێشتر هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا خۆی لە گرێبەستی کۆمپانیاکانی چەکی وڵاتەکەی هەڵنەقورتاندووە، بەڵام ترەمپ لە کۆبوونەوە ئاشکرا و نهێنییەکان و هەروەها لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیدا وەکو نێوەندگیری فرۆشتنی چەک و کەرەستەی سەربازی قسە دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، ترەمپ بەشێک لە کابینەی حکومەتەکەشی هانداوە لەو هەوڵەدا بەشدار بن. هەوڵەکانی ترەمپ بەشێکن لە هەڵمەتی "کەرەستەی ئەمریکی بکڕن"، لەو هەڵمەتەدا هەوڵی سووککردنی بەشێک لە ڕێساکانی هەناردەکردنی چەک و کەرەستەی سەربازیی ئەمریکا دەدرێ. ئەمریکا کۆمەڵێک ڕێسای توندی بۆ فرۆشتنی چەکی قورس هەیە، لەوانەش فڕۆکەی جەنگی و تۆپخانەی پێشکەوتووی ئەمریکی.

ئەم ڕێکارە نوێیەی کۆشکی سپی ڕێگە بە وڵاتان دەدات بەشێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر ڕەزامەندیی کڕینی چەکی ئەمریکی وەربگرن، لە کاتێکدا تەواوکردنی هەندێک لەو گرێبەستانە چەندین مانگ یان ساڵی دەخایاند. ئاژانسە بەریتانییەکە زانیویەتی کە ترەمپ بەرپرسانی باڵای ئیداری و سەربازیی ئەمریکاشی هانداوە ڕۆڵی "تەواوکەری گرێبەستەکان" بگێڕن، جیا لەمە داوای لە بەرپرسانی باڵای حکومەت کردووە لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکانی فرۆشتنی فڕۆکە و چەکی قورسدا بەشداربن. دوو لەو بەرپرسانەش ویلبور ڕۆس، وەزیری بازرگانی و جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگرین.

بەرپرسێکی کۆشکی سپی لەوبارەیەوە دەڵێت: "کاتێک بەشداری لە نمایشی ئاسمانیی پاریس دەکەیت، دەبینی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە شوێنی بانگەشە و ڕێکلامی ئەیرباس دانیشتووە. لەو ڕووەوە خەریکە دەدۆڕێین، بۆیە پێویستە کولتووری خۆمان بگۆڕین".

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چاودێریی فرۆشتنی چەک هۆشدارییان داوە لەوەی فرۆشتنی ئاسان و خێرای چەک بە وڵاتان مەترسی ئەوەی لێدەکرێ کە ئەو چەکانە لە داهاتوودا بکەونە دەست گرووپی دیکە. ئەزموونی شەڕ و پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا ئەو نیگەرانییە پشتڕاست دەکەنەوە.

یاریدەدەرێکی ترەمپ کە داوای کردووە ئاژانسە بەریتانییەکە ناوی ئاشکرا نەکات، دەڵێت ئیدارەی ئەمریکی بەنیازە بەشێک لەو بەربەستانەش لابدات کە پەیوەندییان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەم بەربەستانە زۆرجار ڕێگربوون لەوەی کۆمپانیاکانی چەکی ئەمریکا بتوانن چەک بە ژمارەیەک وڵاتی دیاریکراو بفرۆشن.

بەرپرسێکی کۆشکی سپی لەوبارەیەوە گوتی: "ئەم سیاسەتە دەیەوێ هەموو تواناکانی ئەمریکا بخاتە خزمەتی فرۆشتنی چەکەوە کە لە بەرژەوەندی نیشتمانی و ئابووری و ئەمنیی ئەمریکادایە، ئەگەرچی فرۆشتنی چەک کاریگەریی گەورەی لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەبێ". بەڵام ڕەتیکردەوە کە یاساکانی تایبەت بە فرۆشتنی چەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە دەستکاری کرابێ.

ئەم سیاسەتە چەندین مانگە کاری بۆ دەکرێ و پیتەر ناڤارۆ، ئابووریناسی دژە- چینی لە کۆشکی سپی، بە داڕێژەری سەرەکیی ئەو سیاسەتە دادەنرێ. ترەمپ و کۆشکی سپی هیچ ڕێگرییەکیان لەو پلانە نەکردووە.

سیاسەتی نوێی فرۆشتنی چەکی ئەمریکی داوا دەکات هەموو دامەزراوەکانی حکومەتی ئەمریکا لە جێبەجێکردنەکەیدا بەشدار بن، داواش دەکات هێڵە سوورەکان لادەن بۆ ئەوەی گرێبەستی سەربازی لەگەڵ ئەندامانی ناتۆ، سعودیە، وڵاتانی دیکەی کەنداو، ژاپۆن و کۆریای باشوور ئاسانتر ببێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، ئەو کۆمپانیایانەی زۆرترین قازانج لەو سیاسەتە نوێیەی ئیدارەی ترەمپ دەکەن بریتین لە: لۆکهید مارتن، ڕایسیۆن، جەنەراڵ داینامیکس و نۆرترۆپ گرونمەن. لە کانوونی دووەمی 2017ەوە (واتە کاتی دەستبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپ) بەهای پشکی ئەو کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە.

ئەمریکا لە ساڵی ڕابردوودا بە بەهای 42 ملیار دۆلار کەرەستەی سەربازیی فرۆشتووە و بە گەورەترین فرۆشیاری کەرەستەی سەربازیی لە جیهاندا دەزانرێ. ڕووسیا دووەم گەورەترین فرۆشیاری چەکە لە جیهاندا، بەڵام فرۆشی چەکی ئەو وڵاتە نیوەی فرۆشی چەکی ئەمریکایە.

ریچارد نیکسۆن، بیل کلینتن و جۆرج دەبلیو بوش، سێ سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، جەختیان لەسەر پەرەپێدانی بازرگانیی چەکی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی دیکە دەکردەوە، بەڵام ویلیام هارتونگ، بەڕێوەبەری پڕۆژەی چەک و ئاسایش لە ناوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئەمریکا، پێیوایە هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا ئاوا بە ئاشکرا خۆی تێکەڵی ئەو کارە نەکردووە. هیچ سەرۆکێک نەبووە ئاوا بڵندگۆ بۆ فرۆشتنی چەکی ئەمریکی هەڵگرێ.. باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، هەوڵی دەدا دەست لە فرۆشتنی چەکی ئەمریکی وەرنەدات.

دۆناڵد ترەمپ سەرلەنوێ بەشێک لە گرێبەستەکانی فرۆشتنی چەکی کارا کردووەتەوە کە لە سەردەمی ئۆبامادا ڕاگیرابوون، لەوانەش گرێبەستێکی فرۆشتنی چەک بە سعودیە کە بەهاکەی نزیکەی حەوت ملیار دۆلارە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ گازندەی ئەوەیان دەکرد کە سعودیە ئەو چەکانە بۆ شەڕی یەمەن بەکاردەهێنێ.

لە تشرینی دووەمی 2016 (واتە دوو مانگ پێش تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی ئۆباما)، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر فرۆشتنی 40 فڕۆکەی جەنگی (Super Hornet) بە کوەیت دەربڕی. دوای ماوەیەک کوەیت لە گرێبەستەکە کشایەوە. چەند مانگ دواتر کۆمپانیای بۆینگ لە ڕێگەی یاریدەدەرانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاوە داوایان کرد کە ترەمپ جووڵە بخاتەوە دۆسیەکە. ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو خاڵەی لەناو بابەتەکانی نێوان ترەمپ و شێخ سەباح ئەحمەد جابر، ئەمیری کوەیت، دانابوو. قسەی ترەمپ کاریگەریی خۆی دانا و چەند ڕۆژێک دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، میدیاکانی کوەیت هەواڵی تەواوبوونی گرێبەستەکەیان بڵاوکردەوە.

> ئەمریکا لە فرۆشتنی چەکدا بەنیازە ئەو بەربەستانەش لابدات کە پەیوەندییان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە
>
> یاریدەدەرێکی ترەمپ



مانگی ڕابردوو سعودیە گرێبەستێکی کڕینی چەک و کەرەستەی سەربازی بە بەهای 12.5 ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان واژۆ کرد

## هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا

# ئەردۆغان گرەو لەسەر لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن دەکات




"هەنگاوەکەی ئەردۆگان بۆ ڕێگریکردنە لە ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی نەتوانن هاوپەیمانێتییەک بۆ هەڵبژاردن پێکبهێنن"

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو سەرۆککۆماری تورکیا داوای کرد هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا بۆ نزیکەی یەک ساڵ و نیو پێش بخرێ و لە ڕۆژی 24ی حوزەیران بەڕێوەبچێت، هۆکاری ئەم داوایەشی بۆ دۆخی عێراق و سووریا و ناسەقامگیری ئابووریی تورکیا گەڕاندەوە. ڕۆژی هەینی ڕابردوو پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ پڕۆژە بڕیاری پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد.

پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە ماوەی چەند مانگێکە دەنگۆکەی هەیە. جیا لەمە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە ماوەی 15 ساڵە پۆستی باڵای لە حکومەتی تورکیادا هەیە، لەمێژە ڕایگەیاندووە کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەربژێر دەکاتەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تورکیا لە کاتێکی هەستیاردا بەڕێوەدەچن، لەکاتێکدا تورکیا ماوەی نزیکەی دوو ساڵە بە دۆخی ئاوارتەدا تێدەپەڕێت، ئەم دۆخەش دەسەڵاتێکی زیاتر بە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەدات کە گردبوونەوەی ناڕەزایەتی سنووردار بکەن. لە دوای هەوڵی کودێتاکەی تەمووزی 2016، حکومەتی تورکیا دۆخی ئاوارتەی لە سەرانسەری تورکیادا ڕاگەیاند و ئەو دۆخە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. چەند خولەکێک دوای گوتارەکەی ڕۆژی چوارشەممەی ئەردۆغان، پەرلەمانی تورکیا بڕیاری دا دۆخی ئاوارتە بۆ ماوەی سێ مانگی دیکەش درێژ بکرێتەوە.

ئەوە یەکەمجارە لە تورکیا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوەبچێ و ئەم هەڵبژاردنە بە کردەوە تورکیا لە سیستەمی پەرلەمانییەوە بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی دەگۆڕێ، پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران لادەدرێ و لە دەسەڵاتی پەرلەمانیش کەم دەکرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە ئاکامی گشتپرسییەکەی پارساڵی تورکیان کە تێیدا خەڵکی تورکیا بە جیاوازییەکی کەم دەنگیان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسیی تورکیا دا.

بڕیارەکەی ئەردۆغان پاڵنەری نێوخۆیی و ناوچەیی لەپشتە. لەسەر ئاستی نێوخۆیی ڕێژەی جەماوەری ئەردۆغان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. بەگوێرەی دوایین ڕاپرسییەکان 40%ی خەڵکی تورکیا پشتگیری لە ئەردۆغان دەکەن. جیا لەمە بڕیارەکەی سەرۆکی تورکیا پاش کۆبوونەوە و دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) دێت. پارتەکەی باخچەلی بۆ هەڵبژاردنەکانی حوزەیران هاوپەیمانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) دەبێ.

> سەرکردایەتیی جەهەپە لە ماوەی 15 ڕۆژی داهاتوودا بەربژێری خۆیان دیاری دەکەن

لایەنگرانی باخچەلی لە گشتپرسییە دەستوورییەکەی پارساڵی تورکیاشدا پشتگیریان لە پڕۆژەی گۆڕینی دەستوور کرد، پێشخستنی هەڵبژاردنەکانیش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی مەهەپەدا یەک دەگرێتەوە، چونکە ڕەنگە ئەو بڕیارە ڕێگە لە مەراڵ ئاکسەنەر، سەرۆکی پارتی چاک (ئی پارتی) بگرێ کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بێ.

ئاکسەنەر لە کۆتایی 2017 لە مەهەپە جیابووەوە و پارتی (چاک)ی دامەزراند، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا هێشتا شەش مانگ بەسەر یەکەم کۆنگرەی پارتەکەدا تێنەپەڕیوە، بۆیە ناتوانن بەشداری هەڵبژاردنەکان بن. ئاکسەنەر بە ئەنتی - ئەردۆغان و ئەنتی - باخچەلی ناسراوە و لە کاتی گشتپرسییەکەی پارساڵدا دژی گۆڕینی دەستووری تورکیا بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتی بوو. لایەنگریی باخچەلی و هەوادارانی لە گۆڕانکارییە دەستوورییەکە، هۆکاری جیابوونەوەی ئاکسەنەر لە مەهەپە و دامەزراندنی ئی پارتی بوو.

هێنانە پێشەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە زیانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە، لەبەر ئەوەی هەموو پارتە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە قۆناغی ناسەقامگیریی نێوخۆییدا تێدەپەڕن.

پارتی گەلی کۆماریی تورکیا (جەهەپە) کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە، هێشتا نەیتوانیوە بەربژێرێک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەستنیشان بکات. کەمال کلیچدارئۆغلۆ، سەرۆکی پارتەکە، ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە خۆی بۆ ئەو پۆستە بپاڵێوێ، سەرکردایەتیی جەهەپەش ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی 15 ڕۆژی داهاتوودا بەربژێری خۆیان دیاری دەکەن.

پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) هێشتا بەدەست ئاسەوارەکانی دۆخی ئاوارتەی دوای هەوڵی کودێتاوە دەناڵێنێ. نۆ ئەندام پەرلەمانی ئەو پارتە لە گرتووخانەدان، لەوانەش سەڵاحەدین دەمیرتاش کە تاوەکو مانگی شوباتی ئەمساڵ هاوسەرۆکی هەدەپە بوو. جیا لەمە زیاتر لە 90 سەرۆک شارەوانی سەر بەو پارتە لە پۆستەکەیان لادراون. چاوەڕێ دەکرێ ئەولەویەتی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیراندا بڕینی بەربەستی 10% بێ، بۆ ئەوەی وەکو پارت لە نێو پەرلەمانی تورکیادابمێنێتەوە.

پێشتر بڕیار وابوو هەڵبژاردنەکان لە ڕۆژی سێی تشرینی دووەمی 2019 بەڕێوەبچن. دۆرۆسی شمید، سەرۆکی پەیمانگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی فەرەنسا، لە لێدوانێکدا بۆ (فرانس پرێس) پێیوایە پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان بەشێکە لە تەکتیکەکانی ئەردۆغان بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ئۆپۆزیسیۆن کۆنترۆڵ بکات، بەو جۆرەش باڵانسی هێز بۆ لای خۆی بشکێنێتەوە.

بێرک ئەسەن، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بیلکەنت لە ئەنقەرە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ڕەنگە ئەردۆغان بیەوێ هەنگاو بۆ هەڵبژاردن بنێ، پێش ئەوەی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن بتوانن هاوپەیمانێتییەک بۆ هەڵبژاردن پێکبهێنن".

ئەردۆغان لە گوتارەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا ئاماژەی بەو ڕەهەندە ناوچەییەش کرد کە پاڵنەرە بۆ ئەوەی داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ، لەو پەیوەندییەشدا ئاماژەی بۆ دۆخی سووریا و عێراق کرد کە تورکیا لە هەردووکیان هێزی سەربازی جێگیر کردووە.

سوپای تورکیا و میلیشیاکانی سوپای ئازادی سووریا لە ڕۆژی 18ی ئاداری ئەمساڵ دەستیان بەسەر ناوچەی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستاندا گرت. بەرپرسانی تورکیا هەڕەشەی ئەوەشیان کردووە کە ئامانجی دواتریان گرتنی مەنبجە. هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین کە نزیکەی دوو مانگی خایاند، پێگەی جەماوەریی ئەردۆگانی لە نێو ناسیۆنالیستە توندئاژۆکانی تورکیادا بەرز کردووەتەوە و ئاکپارتی و ئەردۆغان دەیانەوێ گرتنی عەفرین وەکو کارتێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاربهێنن.

شارەزایان پێیانوایە لە پاڵ ڕەهەندە سیاسییە نێوخۆیی و ناوچەییەکەدا ڕەوشی ئابووریی تورکیاش یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە پاڵی بە ئەردۆغان و ئاکپارتییەوە ناوە کاتی هەڵبژاردنەکان دەستکاری بکا. هەرچەند ئاستی گەشەی ئابووریی تورکیا لە ساڵی ڕابردوودا 7.4% بووە، بەڵام بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی ئابووری و زەرووەرەتی ڕێکخستنەوەی سیستەمی قەرزی کۆمپانیاکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئابووریی تورکیا بەدۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێ و سەختبوونی دۆخی ئابووری لە 2018 و 2019 پێگەی جەماوەریی ئاکپارتی و ئەردۆغان لاواز دەکات.

## سەردانی کۆشکی سپی دەکات

# ماکرۆن... ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیی ترەمپ!



دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاندووە کە خوانێکی حکومی بۆ ماکرۆن و هاوژینەکەی ڕێکدەخەن

**ڕووداو- هەولێر**

سەرەتای ئەم مانگە سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە بەنیازە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بکێشێتەوە، ئەوکات ڕاوێژکاران و بەرپرسانی سەربازیی کۆشکی سپی هەوڵیان دەدا سەرۆکی وڵاتەکەیان ڕازی بکەن ئەو 2000 سەربازە لە سووریا بهێڵێتەوە. دوو ڕۆژ دوای هێرشەکانی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا بۆ سەر بنکە کیمیاییەکانی سووریا، سەرۆکی فەرەنسا لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند کە بۆچوونی هاوتا ئەمریکییەکەی خۆی گۆڕیوە و ڕازیی کردووە بەوەی هێرشەکانی سەر سووریا سنووردار بکرێن بە بنکە کیمیاییەکان. ئەم دوو لێدوانە چاوەڕوانییەکان بەرامبەر گەشتەکەی ئەم مانگەی سەرۆکی فەرەنسا بۆ ئەمریکا زیاتر دەکەن.

### ماکرۆن... ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیی ترەمپ

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا، لە هەڤپەیڤینێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی: "10 ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆک ترەمپ باسی لە پێویستیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەکرد، ئێمە (واتە حکومەتی فەرەنسا) قەناعەتمان پێ هێنا کە پێویستە لە سووریا بمێننەوە". تاوەکو ئەو کاتەی داعش بەتەواوەتی بنبڕ دەبێ. سەبارەت بە هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر سووریاش گوتی "ئێمە سەرۆک ترەمپمان ڕازی کرد کە پێویستە هێرشەکان سنووردار بکرێن بە بنکەکانی چەکە کیمیاییەکان".

ڕۆژی دووشەممە 23ی نیسان ماکرۆن سەردانی ئەمریکا دەکات و دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاندووە کە خوانێکی حکومی بۆ ماکرۆن و هاوژینەکەی ڕێکدەخەن. ئەوە یەکەمجارە ئیدارەی ترەمپ خوانێکی لەو جۆرە بۆ سەرۆکی وڵاتێک ڕێکبخات، ئەمەش دیوێکی ئاشکرای پەیوەندییە نزیکەکانی ترەمپ و ماکرۆنە کە هەرچەندە لە زۆر سیاسەت و ستراتیژدا (لەوانەش کێشەی گەرمبوونی گۆی زەوی، ناتۆ و ڕێککەوتنە بازرگانییەکان) پێچەوانەی یەکدی بیردەکەنەوە، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا جۆرێک لە هاوڕێیەتیشیان دروستکردووە.

ئالستایەر کەمبڵ لە نێوان ساڵانی 1994 بۆ1997 گوتەبێژی تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیا بووە، پێیوایە پەیوەندی و دۆستایەتیی نێوان ماکرۆن و ترەمپ لە دۆستایەتیی نێوان بلێر و جۆرج بوشی کوڕ، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا دەچێ. ماکرۆن یارمەتیدەری سەرەکیی ترەمپ بوو بۆ هێرشەکانی هەفتەی ڕابردووی سەر سووریا، وەکو چۆن بلێر ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە کۆکردنەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی عێراق. لێکۆڵینەوەی حکومەتی بەریتانیا لە شەڕی عێراق دەریخستووە دۆستایەتی بلێر و بوش ڕۆڵی سەرەکی بینی لەوەی شەڕی عێراق بە کردەوە ڕوویدات.

ساڵێک لەمەوبەر، زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا نیگەرانی پەیوەندی وڵاتەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بوون، ئەوکات دروشمی "یەکەمجار ئەمریکا"ی ترەمپ لە گەرمەی خۆیدا بوو، سەرۆکی ئەمریکا هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ناتۆی بە سست و لەکارکەوتوو ناودەبرد، ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانیشی بە زیانی ئابووریی ئەمریکا دەزانی.

کردنەوەی دەرگای پەیوەندییەکی گەرم لەگەڵ سەرۆکێکی لەو جۆرە تەنانەت بۆ ماکرۆنیش ئاسان نییە، دوور نییە باجێکی گەورەی نێوخۆییشی بەدواوە بێت، لە کاتێکدا تەنیا 14%ی خەڵکی فەرەنسا سەرۆکی ئەمریکایان بەدڵە. ئێستا ماکرۆن نەک هەر نزیکترین سەرکردەی ئەورووپی نزیک لە ترەمپە، بەڵکو سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی قەیرانەکاندا بۆ ڕاوێژ ڕووی تێدەکات، نموونەی ئەمەش لە کاتی هێرشەکانی ئەمدواییەی سەر بنکە کیمیاییەکانی سووریادا بەدی دەکرێ کە تێیدا فەرەنسا ڕۆڵی دەستنیشانکەری ئامانجی هێرشەکانی گێڕا.

ژێرارد ئارۆ، باڵیۆزی فەرەنسا لە ئەمریکا، لە پانێڵێکی ئەمدواییەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بە پێچەوانەی ئەو شتەی لە میدیاکاندا پیشان دەدرێ، پەیوەندی نێوان ماکرۆن و ترەمپ لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دۆستایەتی شەخسی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشە".

### باسی چی دەکەن؟

سەردانەکەی ماکرۆن سێ هەفتە پێش وادەی ڕاگەیاندنی بڕیاری ترەمپ لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانە. ترەمپ سەرەتای ئەمساڵ ڕایگەیاند وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنەکە دەکشێتەوە، ئەگەر دەستکاریی جەوهەریی تێدا نەکرێ. ماکرۆن و یەکێتیی ئەورووپا لایەنگری ئەوەن ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی 2015دا بمێنێتەوە، کە واژۆی ئێران و گرووپی 5 + 1ی لەسەرە.

> ماکرۆن یارمەتیدەری سەرەکیی ترەمپ بوو بۆ هێرشەکانی هەفتەی ڕابردووی سەر سووریا

هەفتەی ڕابردوو وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لە لوگزامبورگ کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا زۆربەی وڵاتانی یەکێتییەکە کۆک بوون لەسەر ئەوەی پێویستە سزاکانی سەر سیستەمی مووشەکیی ئێران و دەستتێوەردانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قورستر بکرێ، لەو ڕێگەشەوە ترەمپ ڕازی بکەن لە ڕێککەوتنەکە دەرنەچێ. فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا سێ وڵاتی بەشدار لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننان. هەفتەی ڕابردوو دیپلۆماتەکانی ئەو سێ وڵاتە لە هەوڵدابوون پێش گەشتەکەی ماکرۆن کۆدەنگییەکی ئەورووپی لەسەر قورسکردنی سزا نائەتۆمییەکان هەبێ، بۆ ئەوەی دەستی ماکرۆن لە دانوستاندن لەگەڵ ترەمپدا بەهێز بێ.

چاوەڕێ دەکرێ چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمریکا و فەرەنسا بێ، پەیوەندی نزیکی هەردوو سەرۆکیش دەکرێ دوایین کارتی گوشاری ئەورووپییەکان بێ بۆ ئەوەی ترەمپ لە بڕیارەکەی سەرەتای ئەمساڵی خۆی پاشگەز ببێتەوە. چاوەڕێ دەکرێ ماکرۆن دوو بژاردەی لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە لەبەردەست بێ، یەکەمیان ئەوەیە داوا لە ترەمپ بکا بە یەکجاری واز لە کشانەوە لە ڕێککەوتنە بهێنێ، دووەمیشیان بریتییە لەوەی داوای کاتێکی زیاتر بۆ دانوستاندنی دیپلۆماتە ئەروپی و ئەمریکییەکان بکا.

ماکرۆن دەزانێ بە دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییە 159 لاپەڕەییەکە، مانەوەی ئەورووپییەکان لە ڕێککەوتنەکە زۆر سەخت دەبێ، لەبەر ئەوەی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کار لەگەڵ کەسایەتی یان دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەمەش ئاسۆی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەورووپا و ئێران لێڵ دەکات. ژمارەیەک لە یاریدەدەرانی ماکرۆنیش بە ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە ماکرۆن چاوەڕێ ناکات لەو مەلەفەدا سەرکەوتوو بێ. سووریا و قەیرانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکانی ترەمپ و ماکرۆن دەبێ. سووریا بۆ ماوەی 23 ساڵ (واتە لە 1923 بۆ 1946) ئینتیدابی فەرەنسا بووە. ئیدارەی ماکرۆن بەنیازن ئەو مێژووە بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکاربهێنێ.

فەرەنسا هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ستراتیژێکی هاوبەشی ڕۆژئاوایی بۆ چارەسەریی قەیرانی سووریا دابڕێژێ، لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەشدا سنوورێک بۆ فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابنرێ. ماکرۆن دەزانێ دارشتنی ئەم سیاسەتە بەرفراوانە تەنیا بە هاوبەشیی ئەمریکا و زلهێزەکانی ئەورووپا دەکرێ. بەڵام ئیدارەی ترەمپ لە 16 مانگی ڕابردوودا سەلماندوویەتی ئامادە نییە لە چوارچێوەی ستراتیژێکی بەرفراوانی هاوبەشدا بیر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکاتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هەڵبژاردن لە کەرکووک و 16ی ئۆکتۆبەر

ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا روویدا، لە کورتترین پێناسەیدا ئەوەیە کە کەرکووک لە دەستی کورد دەرهێنرا. ئیتر هۆکارەکانی چین؟ بۆ روویدا؟ خەتای کێ بوو؟ ئەگەر بەو شێوازە نەبووایە کەرکووک ئاوا بە ئاسانی دەکەوت؟ یاخود کورد تاکەی توانای بەرەنگاربوونەوەی دەبوو؟ یان دەکرا هەر رووی نەدایە؟ وەڵامی ئەمانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی شارەزایان و هەڵسەنگاندنی ورد هەیە و دەکرێت بەشێک لەو وەڵامانە بۆ حوکمی مێژوو جێبهێڵدرێت. بەڵام ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە، گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە: ئایا کورد لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر دەست لە کەرکووک هەڵبگرێت؟ دڵنیام وەڵام لای هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێکی سەر ئەم زەمینە ئەوەیە کە نەخێر نابێت دەستبەرداری کەرکووک بین.

کەواتە کورد چی بکات و چۆن تێهەڵبچێتەوە لە مەسەلەی کەرکووک، ئەم پرسە بۆ ئەمڕۆ لە هەموو شت گرنگترە. نابێ کورد خۆی قەتیس بکات لە نێوان مشتومڕی ئەوەی ئایا ئێستا کەرکووک داگیرکراوە، یان هیچ کێشەی نییە وەکو هەندێک ئیدیعای دەکەن. کەرکووک ئارام بێ یاخود نائارام، داگیرکراو بێت یان (ئازاد)، دەرفەتی کاری سیاسی بۆ کورد کراوەبێت یان قەدەغە، لە هەر حاڵێکدا بێت، کورد مەحکومە بەوەی خەبات لە پێناوی کەرکووکدا بکات. لەکوێ دەرفەت هەبوو بۆ ئەوەی هەنگاوێ لە کەرکووک بچێتە پێش، پێویستە بیقۆزێتەوە.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا کۆمەڵێک رێوشوێن و پلانی مەترسیداریان گرتووەتەبەر بۆ درێژەدان بە سیاسەتی بەعەرەبکردن، بۆیان بکرێ هاوشێوەی سەردەمی سەدام دەست دەکەنەوە بە پاکتاوی رەگەزیی کورد و یەک ماڵی کورد لە شارەکە ناهێڵن. لەم دۆخە سەپێنراوە نەخوازراوەی سەر کەرکووکیشدا پرسێکی تر هاتووەتە ئاراوە کە تا ئەندازەیەک چارەنووسسازە بۆ داهاتووی شارەکە، ئەویش هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە. پرسیار ئەوەیە ئایا کورد گۆڕەپانەکە جێبهێڵێ بۆ نەیارەکانی و چاوەڕێی قەدەر بکات، یان ئەم پرسە بکاتە ئامرازێک بۆ تێهەڵچوونەوە لە مەسەلەی کەرکووک؟

سەرباری هەموو ئەو مەترسیانەی پەیوەندیان بە ژمارەوە هەیە کە لە چەند وتارێکی پێشووتردا بە وردی لەسەر ژمارەی دانیشتووانی کورد و عەرەب قسەمان کردووە، ئەگەر مەترسییەکان لەوەش زیاتر بن کە ئێمە هەستی پێدەکەین، نابێت بە پاساو و بیانووی ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە کورد نەتوانێ پێگەی پێشووتری بپارێزێت، پشت بکەینە مەسەلەی کەرکووک. دەکرا هەموو کورد پێکەوە وەک کارتی سیاسی بۆ گۆڕینی هاوکێشە و دۆخی ئێستای کەرکووک پەنا بۆ هەموو رێگەیەک بەرن، بەڵام کە هەموو کورد پێکەوە نەبوون لە بەکاربردنی ئەو کارتە سیاسیانەدا، لەگەڵ ئەوەی هەر هەنگاوێکی تەنها دەبێتە کارتێکی سووتاو، پێگەی کوردیش لاوازتر دەکات لە ململانێکانی داهاتوودا. بۆیە رۆیشتن لەگەڵ پرۆسەکە ئەگەر بەپێگەیەکی لاوازیشەوە بێت، باشترە لەوەی رابوەستی.

ئەوەی باری کورد راست دەکاتەوە، یەکگرتوویی کورد و یەک هەڵوێستییە، بەڵام ئەمە راستییەکی تاڵە کە هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئێستا کورد لێکترازاو و پەرتەوازە نەبووە، لە رابردوودا سەرباری هەموو ناکۆکی و ناتەباییەکی هێزە سیاسیەکانی کورد، بەڵام هەمیشە کێشەی کەرکووک خاڵی کۆکەرەوە بووە و لە خراپترین حاڵەتەکانی ناوماڵی کورددا، هەر یەک هەڵوێست بووە بەرانبەر بە کێشەی کەرکووک. ئێستا مەسەلەی کەرکووک خۆی بووە بە هۆکارێکی تر بۆ لێکترازان و دوورکەوتنەوە لە یەکتری. لە حاڵێکی وادا کە یەکهەڵوێستیی کورد بووەتە مەحاڵ، ناکرێت کێشەکان بە زەمەن بسپێردرێت و چاوەڕێی قەدەر بکرێت چەرخ بە قازانجی کورد بگێڕێت.

کورد لە کەرکووک لەبەردەم قۆناغێکی هەستیاردایە، ئەم دوو هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا هاوکێشەی کەرکووک لە نێوان سەپاندنی ئەم دۆخەی ئێستای و گۆڕینی بەقازانجی کورد، یەکلایی دەکاتەوە. بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کورد تا ئەندازەیەک کە حوکمڕانی کەرکووک بوو، پێکهاتەکانی تر تانەیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەدا و بە قەبارەی راستەقینەی کوردیان نەدەزانی، ئەمجارە کورد بتوانێ چەند دەنگ بهێنێت ئەوە دەکەنە قەبارەی راستەقینەی و بۆ داهاتوو دەکرێتە بنەمای پێگەی کورد لەو شارە.

لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەنجامەکان روون بوون کە کورد زۆرینەی کورسیەکانی کەرکووک دەبات، بۆیە ئەوکات ئەگەر زۆر پێداگریش نەکرایە لەسەر بەشداریی هەموو دەنگدەرێکی کورد ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا کەس ناتوانێ پێشبینییەکی ورد بکات بۆ دۆخی کورد لە کەرکووک، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە لێشاوێک عەرەبی ئاوارە لە شارەکە نیشتەجێ کراون و مافی دەنگدانیان دراوەتێ. کوردیش بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و بەهۆی بایکۆتی پارتی و بەهۆی نەکردنەوەی رێگەی کەرکووک هەولێر کە پێدەچێت ئیدارەی کەرکووک بە مەبەست ئەوەی بۆ دوای هەڵبژاردن هێشتبێتەوە، چونکە دەنگدەرێکی زۆری کەرکووک لە بنەسڵاوە و لە هەولێرن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری کوردیش بەهۆی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی سەردەمی بەعس هێشتا لە دەرەوەی کەرکووکن و دوور نییە کێشەیان بۆ دروست بکرێت لە چوونەوەیان بۆ دەنگدان، بەهۆی هەموو ئەمانە پێکەوە، رێژەی دەنگدەری کورد کەم دەبێتەوە.

بۆیە ئەرکە قورسەکە لە ئێستادا لە ئەستۆی ئەو کوردانەیە کە لە کەرکووکن و دەتوانن بە دەنگدانیان هاوکێشەکان بگۆڕن. بریا هەموو کورد پێکەوە بە یەک لیست بەشداربووایە کە لەلایەک گیانی بەشداریکردنی زیاتری دروست دەکرد و لەلایەکی تریشەوە دەرفەتی ئازادانەی بۆ هەر تاکێکی کورد دەڕەخساند تاوەکو باشترینی ناو کوردەکان هەڵبژێرن، بەڵام ئێستا رەنگە بەهۆی ململانێی حیزبییەوە هەرکەس دەنگ بە لیستی حیزبی دڵخوازی خۆی بدات کە دوور نییە بەو هۆیەشەوە بەشێک لە دەنگی کورد بەفیڕۆ بچێت، چونکە ئەو لیستانەی دەنگەکانیان ناگاتە ئاستی بەدەستهێنانی کورسی، دەنگەکانیان دەفەوتێت، ئەمەش وادەکات پێگەی کورد لاوازتر بێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان کارێکی هەڵەی کرد کە بێ خوێندنەوەیەکی وردی هاوکێشەکانی داهاتووی کەرکووک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد، لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر داوا لە دەنگدەر و جەماوەرەکەی بکات بەشداری دەنگدان نەکەن. باش وابوو کورد هەموو پێکەوە بە بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراق دۆخی کەرکووک بگۆڕن، کە ئەوە نەکرا، باشترە هەموو خەڵک هانبدرێن بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان بکەن. هەرچەندە تازە دەرفەتی راستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی پارتی نەماوە، تەنها بەوە نەبێت کە یان جەماوەرەکەی سەرپشک بکات لە دەنگدان بە کاندیدە کوردەکانی ناو لیستە کوردییەکان، یان ئەوەتا رایانسپێرێ دەنگ بە لیستێکی دۆست و نزیک لە پارتی بدەن وەک حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی محەممەدی حاجی مەحمود، یان یەکگرتووی ئیسلامی کە هەردوولایان لە کەرکووک بە لیستی جیا بەشدارییان کردووە و ئەگەری ئەوە هەیە بە دەنگەکانی خۆیان و وەرگرتنی بەشێک لە دەنگی پارتی لە کەرکووک، کورسییەک بهێنن.



بەهرۆز شوجاعی

# لە ئیمپریالیزمی فارسیی پەهلەوییەوە تا کۆماری ئیسلامی

## سیاسەتی نکوڵی لە مافە فەرهەنگییەکانی گەلانی غەیری-فارس لە ئێران

کێشەیەکی نێوان هێزە کوردییەکان و رۆشنبیرانی کورد لەلایەک و حکومەت و رۆشنبیرە فارسەکان هەموو جارێک ئەوە بووە کە کورد خۆی وەکوو نەتەوە پێناسە کردووە و لە بەرامبەردا دەوڵەت و رۆشنبیرەکانی، کوردیان وەکوو قەومێکی ئێرانی لەقەڵەمداوە. ئێستا لەلایەن حکومەت و رۆشنبیرەکانییەوە دەست بە هەڵمەتێک کراوە کە تەنانەت ستاتوسی قەوم/ ئەتنیکیش لە کورد بستێنن و وەکوو ژێرمەجمووعەی فارس پێناسەی بکەن.

### بە فارسی پێناسەکردنی زمانەکانی تری ئێران

حەسەن یونسی، یاریدەدەری تایبەتی رووحانی بۆ کاروباری گەلان و کەمینەکانی ئێران، ئەم دواییە بە هەندێ ئاماژەی زمانی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە چەند داتایەکی سنووردار بیسەلمێنێ لە ئێراندا تەنانەت ناکرێ باس لە گرووپی ئەتنیکیی جیاوازیش بکرێت. یونسی بە ئاماژە بە لێکچوونی زمانی لە نێوان کورد، لوڕ و فارس، هەوڵ دەدات ئەوانە بە ریشەیەکی فارسییەوە ببەستێ و لە شەرعیەتی ستاتویی زمانی- ئەتنیک دابیەزێنێ و دەڵێ "ریشەی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ فارسیی دەری یان فارسیی ناوەڕاست و تەنانەت دەگاتە فارسیی سەردەم (ی ئێمە)". لەم تەحریف و شێواندنەوە یونسی دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "لەڕاستیدا 90%ی خەڵکی ئێران لە هەمان ریشەن. بۆیە وا نییە خەیاڵ بکەین کە کورد، لوڕ و مازەنی هەر یەک قەومێکی سەربەخۆن."

دەبێ ئاماژە بە گاڵتەجارییەک لەم سیاقەدا بکەم، هەتا ئێستا سیاسەتی فەرمی لە ئێران کورد و لوڕ و بەلووچی وەکوو قەوم یان وەکوو گرووپی ئەتنیکی پێناسە دەکرد. لێرەدا یونسی هەنگاوێک دەچێتە پێش، تەنانەت مافی قەومیەتیشیان لێ دەستێنێ. ئەویش بە پشتبەستن بە تەحریفی مێژووی زمان و فەرهەنگی ئەو نەتەوانە. چونکە، بەپێی هەموو ئێرانیستەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، کوردی، لەکی، بەلووچی، سمنانی، تاتی و تالیشی و چەندین جۆرە زمانی تر دەکەونە گرووپی باکوور- رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، بە پێچەوانەی فارسی کە دەکەوێتە گرووپی باشوور- رۆژئاوا. ئەم زمانانە لە فارسی جیا نەبوونەتەوە کە بکەونە ژێر مەجمووعەی زمانی پارسی، بەڵکو مێژووی جودابوونەوەی زمانە باکوور و باشوورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش 2800 ساڵ. واتە پێش نزیکەی 3000 ساڵ زمانێکی پرۆتۆ ئێرانی هەبووە، بەڵام ئەو زمانە نە پرۆتۆ فارسییە و نە پرۆتۆ باکوور- رۆژئاواییە، بەڵکو دایکی هەموویانە. لەو پرۆتۆ- ئێرانییە دوو کۆمەڵە زمانی باکوور- رۆژئاوا و باشوور- رۆژئاوا دروست بووە. واتە پێش ئەوەی دەقێکی فارسیش هەبێت، زمانێکی باکوور رۆژئاوایی، واتە زمانی میدییەکان زمانی کارگێڕیی ئیمپراتۆرییەک بووە. هەریەک لە زمانەکانی باکوور- رۆژئاوا و باشوور- رۆژئاوا سێ قۆناغی مێژوویان تێپەڕ کردووە. باشوور- رۆژئاوا واتە فارسی لە فارسی باستانی (هەخامەنشی)، فارسی ناوین (ساسانی) و فارسی نوێ یان دەری کە پاش ئیسلام سەری هەڵداوە. باکوور- رۆژئاواییەکان بریتین لە زمانی میدییەکان، پێش فارسی، زمانی پارتی (ئەشکانی) پێش فارسی ناوین و زمانە باکوور- رۆژئاواییەکانی ئەمڕۆ کە کوردی و سمنانی و بەلووچی و مازەنی و گێلەکی و تالشی و تاتی (ئازەری) وەکوو بەرماوەی پەهلەوانی یان پارتی پێناسە دەکرێن. لەبەر دراوسێتی لەگەڵ فارس، هەندێ زمانی باکوور- رۆژئاوایی وەکوو لوڕی تایبەتمەندیی رەسەنی باکووری لەدەستداوە، بەڵام هێشتاش ئەوانەی کە باسکران، بەپێی رێزمان و دەنگسازیی زمانەکەیان بە تەواوی وەکوو باکوور- رۆژئاوا و بەرماوەی میدی و پارتی پێناسە دەکرێن. بۆیە شێواندن و تەحریفی یونسی نکۆڵیکردن لە مێژووی زمانی کوردی و خوشکە زمانەکانیەتی. یونسی لێرەدا هەنگاوێکی تریش لە تەحریفدا دەچێتە پێش و تالشی خوشکەزمانی کوردی وەکوو "فارسی قەدیم/باستانی" پێناسە دەکات، لەکاتێکدا تالشی یەکێک لە زمانە باکوور- رۆژئاواییەکانە کە قەت نزیکی فارسی کۆن و تازە نییە و دووربوونی لە فارسییەکان لە بواری رێزمان و دەنگسازیدا تەنانەت لە کوردی باشووری و لەکیش زیاترە. تەحریفێکی تری یونسی لە مێژوو پێناسەکردنی ئازەریی کۆن (ئەو زمانەی ئازەرییەکان پێش ئەوەی تەترێک بکرێن قسەیان پێ دەکرد) وەکوو فارسییە. ئازەری کۆنیش وەکوو کوردی زمانێکی باکوور- رۆژئاوایی بووە و دیالێکتێکی فارسی نەبووە و نییە، بەڵکو 3000 ساڵ پێش ئێستا هاوتەریب لەگەڵ فارسی لە پرۆتۆ- ئێرانی دروست بووە و بەرەو ئاراستەیەکی تر گەشەی کردووە و ئێستا تەنیا چەند دێهاتێکی ئازەری قسەی پێ دەکەن. نموونەیەک لە ئازەریی کۆن لە شیعری شێخ ×ەفیی ئەردەبیلی (باپیرە گەورەی شا ئیسماعیلی تورککراوی سەفەوی) لێکچوونەکەی لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا پیشان دەدات:

بەمن جانی بدە ئەز جانوەر بوم/
بەمن نوتقی بدە تا دەماوەر بوم
بەمن گۆشی بدە ئەز بشنەوا
بوم / هەر ئانگە ڤانگە بوو ئەز ئا
خەبەر بوم

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئازەریی کۆن فارسی نەبووە، جێناوی "ئەز" کە ئێستا لە زازاکی و کرمانجیدا هەیە، لە زمانی پارتی/ پەهلەوانیدا هەر "ئەز" بووە، بە پێچەوانەی فارسی ناوین کە "ئەن" و فارسی باستانی کە "ئەدەم" بووە. لە ئەوستاییشدا "ئەزەم" بووە. دەردەکەوێت کە لە کاتی فارسی باستانییەوە ئەم زمانە نە دیالێکتێکی فارسی بووە نە لە گرووپی باشوور- رۆژئاوادا بووە، بەڵکوو دەکەوێتە ناو گرووپی باکوور- رۆژئاوایی میدی/ پارتی و کوردی. واتە ئەگەر ئازەری، کوردی، تالشی و بەلووچی و سمنانی نزیکەی هەزار ساڵ پێش ئێستا لە یەک جیابووبن، کۆی ئەم زمانانە پێش 3000 ساڵ وکوو لقێک لە زمانی پرۆتۆ- ئێرانییەوە سەرچاوەیان گرتووە، تەنانەت لە رووی دەنگسازی، فەرهەنگ، وشەسازی و رستەسازییەوە زۆر لە فارسی کۆنترن و خاوێنترن، چۆن دەبێ وەکوو زاراوەی فارسی پێناسە بکرێن؟

### حوکمی سروشتی بۆ سەروەریی زۆرینە

یونسی باسی مافی هاووڵاتێنی دەکات و دەڵێ: "نابێ هاووڵاتی پلە یەک و دوومان هەبێت" و پاش چەند ئاماژەیەک بە دەستووری ئێران، باسی فەلسەفەی حوکمڕانی لە ئێران دەکات و بەروادێک لەگەڵ رژێمی پێشووی ئێران دەکات و دەڵێت: "لە رابردوودا دەوڵەت حاکم بوو، بەڵام ئێستا خادمە". سەیرە لە سەردەمی پاش شۆڕشی ئێراندا هەژاری و بێدەرفەتی لە رۆژهەڵات زیاتر بووە، سیاسەتی چەوساندنەوەی گەلانی غەیری فارسیش توندتر بووە، کەچی یونسی رژێمی پەهلەوی دەکاتە حاکم و کۆماری ئیسلامی دەکاتە خادم. تەنانەت باسی تەبعیز و تەمییزی ئیجابی لەبەرامبەر کورد و بەلووچ دەکات، چونکە وەکوو ئەو دەڵێ، لەوێ "دواکەوتوویی مێژوویی" هەیە. ئاماژە بەوە ناکات کە ئەو "دواکەوتوویی مێژوویی"یە لەبەر سیاسەتی کۆڵۆنیزەکردن و دواخستنی ئەو ناوچانەیە. تەمییزی ئیجابی هیچ، با حکومەتە ناوەندیەکەی فارس بەلای کەم تەمییزی سلبی لە بەرامبەر ئەو گەلانە نەکات. بەڵام یونسی نکۆڵی لەوە ناکات کە زۆرینەی فارس بە پێچەوانەی کەمینە ئەتنییەکانی تر، زۆربەی دەرفەتەکانیان لەبەردەستە و ئەمە بە سروشتەوە دەبەستێ کاتێک دەڵێ: "لە ئێرانی ئیسلامیدا کە زۆرینە شیعەی دوازدەیی و فارسن، بە شکڵێکی سروشتی، یاسا وا حوکم دەکات کە هەمیشە زۆرینە دەرفەتی زیاتری بەدەستەوە بێت". واتە زۆربوونی دەرفەتی ژیان و دەربڕینی ناسنامەی زمانی و فەرهەنگی بۆ قەومی فارس لە رووی سروشتی و قانوونییەوە رەوایە. ئەمە لەگەڵ گوتارەکەی کە دەڵێت "نابێ هاووڵاتیی پلە یەک و دوومان هەبێت" ناگونجێ، چونکە زۆربوونی دەرفەت بە واتای دروستکردنی پلەی جیاواز بۆ هاووڵاتییە. یونسی هەروەها دەربڕینی خواستە رەواکانی نەتەوەکانی غەیری فارس بە "فیتنە" و "قەومگەرایی" تۆمەتبار دەکات و پێیوایە خەڵک بەپێی سروشت بەدوای ئەو جوداخوازییە ناکەون.

### ئێرانی واتە فارس!

وا دیارە یونسی چووەتە سەر هێڵی ئەندامانی فەرهەنگستان یا ئەکادیمیای زمانی فارسی لە تاران کە لەدژی چەسپاندنی مادەی پازدەی دەستووری ئێران راوەستان و ئەندامێکی ئەو دەزگایە بە ناوی محەممەد بەقایی ماکان رایگەیاند کە "هیچ کەسێک لەدژی پەروەردە بە زمانی دایک نییە"، چونکە بە بۆچوونی ئەو ئاغایە "ئێمە قەت لە ئێران غەیری فارسمان نییە، هەموومان فارسین و فارس واتە ئێرانی!"

ئێران تا کۆتایی سەردەمی قاجار تا رادەیەک بەشێوەی نامەرکەزی حوکمڕانی دەکرا. پاشان لە سەردەمی حکومەتی رەزاخانی میرپەنجدا سیاسەتی ناوەندیکردن و فارسکردنی ئێران پەیڕەو کرا. چەندین نەتەوەی غەیری فارس لەدژی ئەو ناوەندیکردنە راوەستان، لەوانە شۆڕشی سمکۆ لە کوردستان، شۆڕشی لوڕ و بەختیارییەکان. سەرانی ئەم شۆڕشانە هەموویان نامەردانە بە فێڵ دەستگیرکران و کوژران. نزیکەی یەک ملیۆن و نیو لەک و لوڕ بوونە قوربانیی سیاسەتی ناوەندیکردن و فارسیکردنی رەزاشا، بەڵام ئەم سیاسەتە سەرنەکەوت و سەرەڕای سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی تواندنەوە، هێشتا کورد و لوڕ و گەلانی تری ئێران زیندووتر لە جاران لە ناسنامەی زمانی و فەرهەنگییان خاوەن دەردەکەون. درزی نێوان فارس و غەیری فارسیش رۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت.

### ئەنجام

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە بووە و ئێستاش فرەنەتەوەیە، بەڵام حوکمڕانانی فارس دەیانەوێ بە ئەندازیاریی ئەتنیک بە رێگای تەحریفی مێژوو، زمان و فەرهەنگ، عەجەمستانێک دروست بکەن کە بەپێی چەمکی نەتەوە-دەوڵەتی ژاکۆبینیست یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک فەرهەنگ، یەک ئاڵا و یەک دینی تێدا بێ. سەردەمی نەتەوە-دەوڵەتی ژاکۆبینیست گوزەراوە و ئەگەر ئەم حوکمڕانانە پێداگری لەم سیاسەتە بکەن، دوور یا نزیک هەموو گەلانی غەیری فارس لە ئێرانیبوون نامۆ دەکرێن و ئێران ئیتر دەچێتە ناو زبڵدانی مێژوو. ئیمپریالیزمی فارسی رەزاشا بە مردنی خودی رەزاشا لە جوهانسبێرگ مرد، ئیمپریالیزمی فارسیی کۆماری ئیسلامیش دەتوانێ لە چەند دەیەیەکی ئایندەدا ببێتە ژانی لەدایکبوونی چەندین وڵاتی سەربەخۆی وەکوو عەجەمستان (پارسیا)، ئازەربایجانی باشوور، کوردستان، بەلووچستان و گەیلان و تالشستان و هتد.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی بۆ وا بێمنەتە؟

1

پتر لە هەفتەیەکە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە و حیزبەکانی سلێمانی (بە حیزبە بلوورییەکانیشەوە)، بەشێوەیەک حەماس گرتوونی کە پێیانوایە شەڕی مان و نەمان دەکەن. لەبەرامبەر ئەواندا، پارتی بە ئەعسابێکی سارد و بەکاوەخۆ ئیشی خۆی دەکات. لە ماوەی ئەو هەفتەیە زۆرترین بەرکەوتن و کێشمەکێش لە نێو حیزبەکانی سلێمانیدایە، لە هەولێریش (دەنگدەرانیان لە کەمپینی یەکێکیان دێتە دەر و دەچێتە ئەوەی دیکە) و مەیدانخوازی بەرامبەر پارتی دەکەن. پارتی نایەوێ ببێتە تەرەفی هیچیەک لەو حیزبانە، چونکە دەزانێ ئەوە وا دەکات هەم دەنگیان پێ زیاد ببێ و هەمیش ئاراستەی گوتاری نیشتمانیی خۆی لێ بشێوێنن.

لە بنەڕەتدا، پارتی باوەڕی بەو هەڵبژاردنە نەبوو، بۆیەش وەک خاوەنی پرۆژەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی حەماسێکی ئەوتۆی بۆ بەغدا نییە. تەنانەت بەشێوەیەکە کە جەنابی سەرۆک بارزانی دوور و نزیک بەشداری کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنی پارتی نەکردووە و پێناچێ لەمەودواش بیکات. پارتی باوەڕی وایە کە دەنگدەرەکانی لە هەموو بارودۆخێکدا ئەگەر دەنگیشی پێ نەدەن، ناچن دەنگ بە رکابەرەکانی بدەن، بەڵام بۆ حیزبەکانی سلێمانی و یەکێتی تەحەددییەکی یەکجار گەورەیە ئەگەر نەتوانن ئەو ئەنجامانە بەدەستبێنن کە چاویان تێبڕیوە.

ئاراستەی بانگەشەکان هیچ لەوە ناچێت کە هەڵبژاردنەکە بۆ پەرلەمانی بەغدا بێت و هی وا هەیە دەڵێ ئەگەر دەنگ بێنن، تێکڕای سیستەمی حوکمڕانی دەگۆڕن! لە گوتارەکانیشیاندا، بێ ئەوەی باسی ئەو سیستەمە مەزهەبی و تائیفییە بکەن کە لە بەغداوە حوکمی وڵاتی بەناو عێراق دەکات، دەیانەوێ ئۆباڵی هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییەکان بخەنە ئەستۆی پارتی! لە کاتێکدا کە پارتی سەرباری سێ ساڵ شەڕکردن لەگەڵ داعش، هیچ حزوورێکی لە بەغدا نەبووە، بگرە ئەوە یەکێتی و حیزبەکانی سلێمانی بوون کە لە پەرلەمانی بەغدا و حکومەتدا بوون و، بە بەرچاوی ئەوانەوە خەڵکی کوردستان سزا دەدرا و ئەوانیش جگە لە چەند پەرلەمانتارێکی جوامێر و کوردپەروەر، دەنگیان لێوە نەهات و بەپێچەوانەوە تەنانەت هانی بەغداشیان دەدا لەوە خراپتریش بە کورد بکات. ڕەنگبێ پارتی لە کەرکووک کورسییەکانی لەدەست بدات، بەڵام لە شوێنی دیکە تۆڵەی دەکاتەوە و وەک یەکێک لەو سێ چوار حزب و قەوارانە دەمێنێتەوە کە بێ ئەو هیچ هاوپەیمانییەک بۆ پێکهێنانی حکومەت سەرناگرێت.

## شمشێری دوودەم پارتی نابڕێت

2

هەوڵی حزبەکانی سلێمانی بۆ دەستخستنی دەنگی پارتی و یەکێتی لە هەولێر، دهۆک و نەینەوا بێسوودە، ئەوەی مونافەسەی لەسەر دەکەن پتر ئەو کورسییانەن کە لە پارێزگای سلێمانی و کەرکووک هەن. دیوێکی هەرە گرنگی ریفراندۆم ئەگەر دەنگدان بووبێت بە سەربەخۆیی، دیوەکەی دیکەی پاڵپشتییەکی جەماوەریی گەورە بوو بۆ بۆ ئەوانەی بڕیاریان لە ریفراندۆم دا. بەڵام هەڵوێستی حیزبەکانی سلێمانی بە کەمپینی نەخێریشەوە، لای خەڵکی دەنگدەر ئاشکرایە. هاوکات خیانەتی شانزدەی ئۆکتۆبەریش برینێکە هێشتا خوێنی لێ دەتکێ و، تەنانەت کارشکێنی و هەڵپەهەڵپی ئەو حیزبانە بۆ دیداری عەبادی (وەک سەندرۆمی ستۆکهۆڵم) لەوەی کە ئیش بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەستووریی کوردستان بکات و، بودجە نەنێرێت تا ئەم حکومەتەی ئێستا فەشەل بێنێت، شتێکی شاراوە نییە. بۆیە ئەو حیزبانە ناتوانن تەجاوەزی ئەو مەیدانخوازییە بکەن کە پارتی و بەشێکی یەکێتی لە 25ی سێپتەمبەردا بەرامبەر بەغدا کردیان و لەوەشیان زیاتر پێ ناکرێت کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی لەژێر هەموو گوشار و هەڕەشەکاندا، کوردستانی هێناوەتەوە ئاستی ئەو کاتەی کە داعش هێرشی سەر کوردستانی نەکردبوو، بگرە هەنگاوێک ئەولاتر بەشێکی بودجەی کوردستانی گەڕاندووەتەوە و موزایەدەچییەکانیشی دەمکوت کردووە.

ئەو خاڵەی لەم هەڵبژاردنانەدا زۆر هەڵوەستەی لەسەرە و جێگەی پرسیارە، ئەوەیە کە مادام پارتی لە کەرکووک بایکۆتی هەڵبژاردنی کردووە، (کە وەک شمشێرێکی دوودەم وایە) دەنگدەرەکانی دەنگ بە کێ دەدەن؟ لە راستیدا حیزبەکان نەدەبوو قەبوڵی ئەو واقیعی داگیرکارییەیان کردبایە، دیارە تا رۆژی هەڵبژاردنیش دەرفەت ماوە تا خۆیان لە واقیعی (حیزبی هۆڵ) رزگار بکەن و مێژوو بۆ خۆیان تۆمار بکەن. بەڵام پێناچێ ئەوە رووبدات، چونکە یەکێتی لەوێ بەڵێنی پاداشتی 16ی ئۆکتۆبەری پێدراوە و رێگە نادەن بەو شێوە دراماتیکیە بکەوێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، یەکێتی بە دوو ئاراستەدا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەگەر لە کەرکووک سەرکەوت، بە خەڵک بڵێ فەرموون ئەوە بەبێ پارتیش ئێمە هەر حاکمی کەرکووکین! ئەگەریش سەرکەوتنەکەی لەو ئاستەدا نەبوو کە چاوەڕوان دەکرێ، ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی پارتی. بۆیە هەرچەندە بەشێکی زۆری دەنگدەری پارتی لە دەرەوەی کەرکووکن، بەڵام پارتی لە دوا ساتەکاندا و بە ئاشکرا دەنگدەرانی خۆی سەرپشک دەکات لەوەی دەنگ بەکام حیزب و کاندید بدەن.

## کەڵەبابی ناوەخت!

3

یوسف محەممەد ئەگەرچی سەرۆکی لیستی گۆڕانە لە سلێمانی و لە هەولێر بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات، دیسان گۆڕانی بە پەند برد. ئەو جارێک لەو کاتەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو، چوار ساڵ ئارامییەکەی گۆڕانی کردە قووڵترین قەیرانی سیاسی و ئێستاش بە داوای دادگاییکردنی بە قەولی ئەو "ریفراندۆمچییەکان"، لوغمێکی دیکەی لەبن پێی گۆڕاندا تەقاندەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو برادەرە خۆی بە نامەی رەسمی داوای لە پەرلەمان کردووە جیا لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، موسادەقە لەسەر رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکات (کە پەرلەمانیش 25ی ئەیلولی دیاری کرد). هەر ئەم برادەرە لە یەکەم کۆبوونەوەی بەرفراوانی حیزبەکان لە 2014دا بەشدار بوو کە تێیدا بڕیار درا کۆمیتەکانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دابمەزرێن و، هەر لە سەردەمی ئەو برادەرەشدا، یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ریفراندۆم لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕی! بۆیە ئەو کێشەی لەگەڵ ریفراندۆمچییەکان نییە، بەقەدەر ئەوەی لەو پرۆسەیەدا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکرد.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# هەڵبژاردنی بەعێراقیبوونەوە

پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن، کادیرێکی دۆست لە یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان قسەی لەگەڵ کردم بۆ خۆپاڵاوتن، یەکێک لەو ئارگۆمێنتانەی دەیویست لەڕێگایەوە قایلم بکات بە خۆپاڵاوتن، ئەوە بوو کە دەیگوت: "ئیتر ئێستا هەڵبژاردنی گرنگ هەڵبژاردنی عێراقە، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئەو نرخەی نامێنێت".

هەرچەندە هەر هەڵبژاردنێک بۆخۆی گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام مەخابن کە ئارگۆمێنتی ئەم کادیرە تارادەیەک گوزارشت لە دۆخێکی راستەقینە دەکات.

راستییەکە ئەوەیە لە هیچ قۆناغێکدا وەک هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەڵبژاردنەکانی عێراق بە گرنگی تەماشا نەکراوە، ئەم راستیە ئەگەر راستییەکی ئەبستراکت بێت، یان جۆرێک لە هۆشیاری بێت لە زیهنیەتی سیاسییەکانی کوردستاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و لە دەرئەنجامدا دەبێتە فاکتێک کە واتای زۆر لە خۆیدا هەڵدەگرێت، چونکە دواجار هۆشیارییش هەر جۆرێکە لە راستی و بوونی خۆی هەیە.

ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا بە پلەی نایاب هەڵبژاردنێکی عێراقیانەی تەمام عەیارە و ئەگەر بە رێکوپێکی بەڕێوە بچێت و تێکنەچێت، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دەستەبژێری حوکمڕان لە بەغدا کە مەبەستم لەو دەستەبژێرە پێکهاتەی شیعەیە.

ئاخر چ کورد و چ سوننە تارادەیەکی زۆر بە جۆرێک لە شکست و شپرزەییەوە هاتوونەتە ناو ئەم هەڵبژاردنە و دەڕۆنەوە بۆ بەغدای پایتەخت. خۆمان وەکو کورد کەمێک حاڵمان باشترە لەچاو پێکهاتەی سوننە کە لە دۆخێکی نزیک لە دۆخی لەناوچوون و سڕینەوەدا دەبینرێن.

پارتێکی وەک پارتی ئیسلامیی عێراقی کە جاران تارق هاشمی سەرکردایەتی دەکرد و پارتێکی بەهێزی سوننە بوو، لیست و بەربژێری نییە و دەنگدەرانی ئازاد کردووە لەوەی دەنگ بە کێ دەدەن و پرۆژە سیاسییەکەی بەتەواوی تەفروتونا بووە.

لەملاشەوە کورد کە جاران بە پۆزەوە لە کەرکووک هەڵبژاردنی دەکرد و هەڵبژاردنی لەو شارەدا وەک هۆکارێک بۆ زیاتر قایمکردنی پێگەی خۆی و سەلماندنی شەرعیەتی خۆی و کوردستانیبوونی کەرکووک بەکاردەهێنا و سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنی تۆمار دەکرد، ئێستا بەلاوازی و لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی ناوەندیدا هەڵبژاردنەکە دەکات و دڵنیا نییە لە سەرکەوتن.

گەورەترین پارتی دەسەڵاتداری کوردستانیش کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە بڕیارێکی هەڵەی ناڕوون، بەشداری هەڵبژاردنەکەی کەرکووک ناکات! کە ئەمە ئەوپەڕی دۆخی پاسیڤبوونە و تائێستەش کەس بەتەواوی تێناگات پارتی بڕیارێکی لەو شێوەیە خراپی بەناوی "نەبوونی شەرعییەتەوە" بۆچی داوە؟

کورد کە جاران مڕی لە موسڵ و دەشتی نەینەواش خۆشکردبوو، کەرکووکیشی لەدەست بوو، جار جارەش باسی لە گریمانەکانی هەڵوەشانەوەی عێراق دەکرد، ئێستا لەناو ماڵی خۆیدا هەڵبژاردنێک و ململانێیەکی سەخت دەکات بۆ بوونەوە بە عێراقی، بۆ چوونەوە بۆ بەغدا و بۆ بوونەوە بە بەشێکی کاریگەر لە عێراقی گەورە.

هاوپەیمانێتییەکانی پاش هەڵبژاردنیش زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە داخۆ ئەم رەنگی بەعێراقیبوونەوەیە تا چەند تۆخ دەبێتەوە؟ بێگومان ئەگەر کورد بچنەوە پاڵ یەک، کەمێک لەو رەنگە عێراقییە کاڵ دەبێتەوە، بەڵام خۆ ئەگەر هاوپەیمانێتیەکانیش عێراقی بن لە نێوان کوتلە جیاجیاکاندا، ئەوا رەنگە عێراقییەکە بەتەواوی تۆخ دەبێتەوە.

مۆتەکەی "بەعێراقیبوونەوە" کە کورد بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسی خۆی هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات، لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا زۆر بە روونی دەردەکەوێتەوە.

کار گەیشتبووە ئەوەی کوتلەی بەغدای بەهێزترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی، بەلایەوە شتێکی باش بێت، ئەگەر ئەندامێکی خۆی بنێرێتە ناو لیستێکی عەرەبی عێراقی.

لە بەرایییەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا، لە بڕیارێکی سەرپێیانەی ناسیاسیدا، کوتلەی گۆڕان لە پارلەمانی عێراق خەریک بوو یەکێک لە وەرەقەکانی خۆی بخاتە ناو ریزەکانی کوتلەکەی عەبادی، کە دواتر بە عەقڵی عاقڵمەندانی ناو گۆڕان ئەم هەنگاوە ناسیاسییە راگیرا، دیارە من سیاسەتی لەم چەشنە ناونانێم خیانەت و جاشایەتی، بەڵام پێی دەڵێم بە "عێراقیبوونەوە" و تێزەکەی خۆمی پێ دەسەلمێنم.

کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەمیشە لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە و هەمیشە مێژووی خۆی دووبارە دەکاتەوە، باوەڕ ناکەم لە هیچ کوێی دنیا، بە ئەندازەی کوردستانی عێراق ئەو تێزە راست بێت کە دەڵێت: "مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە".

جا بۆ کوردستان دەبێت ئەم تێزە بە گۆشەنیگای کارڵ مارکس بڵێینەوە و تۆزێک بەهاراتی شرۆڤە واقیعی و زانستییەکانی ئەوی پێوە بکەین و بڵێین: "مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدی".

بەڵێ بەڕاستی مێژووی کورد لە هەرێمی کوردستان خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدی، بەشێوەیەک کە کورد، دووبارە دەبێتەوە بە عێراقی و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، خەریکە جارێکی تر مێژووی پاش 11ی ئادار دووبارە دەکاتەوە و جارێکی تر ئەوەی لە چوارچێوەی عێراق و لەشێوەی هەرێمێکدا هەیەتی، دەیدۆڕێنێ.



مەجید نیزامەدین گلی*

# ئەو عێراقەی کە کەم کەس پێشبینی دەکات

پشتگوێخستنی عێراق کارەساتی بەدواوەیە. ئەمە وانەی کەوتنی موسڵ و رووداوەکانی حوزەیرانی 2014 بوو بۆ جیهان. لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق، ئەمجارە ئەمریکا تەنیا تەماشای هەڵبژاردنەکان ناکات وەکو ئامرازێک بۆ شەرعیەتدان بە حکومەتێکی "بەهێز"ی عێراق یاخود تاران، تەنیا گرنگی بە وردەکارییەکانی نێوماڵی شیعە نادات و سوننەی دۆڕاو و کوردی پڕ لە تموحی سەربەخۆیی لەبیر بکات. ئەمجارە سعودیەش بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێت و رووسیا چاوی لە کورد و نەوتی عێراق بڕیوە، لەکاتێکدا تورکیا جگە لە هەولێر، لە بەغداش بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێت.

زۆر دەرفەت هەیە لە عێراق دەکرێ ببنە بەرژەوەندی بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت باسی ئەو بەرژەوەندیانە بکەم کە لایەنە نێودەوڵەتیەکان وا دەردەکەون کاری لەسەر دەکەن و گرنگە لایان دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە دۆخێک بڕەخسێنێ، پێچەوانەی ئەم ئامانجە سەرەکیانەیان نەبێت.

### ئامانجەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی:

**یەکەم:** دۆخێکی وا لە عێراق دووبارە نەبێتەوە کە ناچاریان بکات پارە و چەکی زیاتر خەرج بکەن.

دووەم: لەمە زیاتر عێراق نەبێتە ئامراز بۆ پلانە ئیقلیمییەکانی ئێران و بەغدا لای کەمی ئەوەندەی تاران لە ریازەوە نزیک بێت.

### ئامانجەکانی ئێران:

**یەکەم:** بەردەوامی باڵادەستیی شیعە لە عێراق هەر پێویستی بە رۆڵی تاران بێت.

**دووەم:** عێراق ئەوەندە پێویستی بە ئەمریکا و سعودیە نەبێت کە بەغدا ناچار بکات ببێتە بەربەست لە پێش پرۆژە ئیقلیمییەکانی تاران.

**سێیەم:** هەرێمی کوردستان بێهێز بمێنێتەوە، بەڵام تووشی شەڕی ناوخۆ و ئاژاوەی سەرتاسەری نەبێت.

**چوارەم:** نە عێراقە عەرەبییە بەهێزەکەی سەدام حوسێن و نە عێراقە رووخاوەکەی حوزەیرانی 2014 دووبارە نەبنەوە.

### ئامانجەکانی رووسیا:

**یەکەم:** عێراق چەکی رووسی زیاتر بکڕێت

**دووەم:** کۆنتراکتە نەوتییەکانی کۆمپانیای رۆسنەفت لەگەڵ حکومەتی هەرێم نەکەوێتە مەترسییەوە.

**سێیەم:** هیچکام لە ئەمریکا و ئێران باڵادەستیی رەهایان لە عێراق نەبێت و دەرفەتێک بۆ مۆسکۆ بمێنێتەوە.

### سعودیە و کەنداو (جگە لە قەتەر)

**یەکەم:** ببنە سپۆنسەری سەرەکیی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق

**دووەم:** جگە لە تاران، بەغدا گوێ لە ریازیش بگرێت

### ئامانجەکانی تورکیا

**یەکەم:** لە بەغدا زیاتر نزیک ببنەوە و پەیوەندییەکان لەگەڵ هەولێر و بارزانی ئاسایی بکەنەوە.

**دووەم:** هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە هەماهەنگیی زیاتر بکەن لە دژی پەکەکە.

سێیەم: هەرێمی کوردستان ئەوەندەی سەردەمی پێش 16ی ئۆکتۆبەر بەهێز نەبێت و بێمنەت نەبێت لە بەغدا.

جاران زیاتر ئەمریکا و ئێران و تورکیا دەستی هاوپەیمانێتیان درێژ دەکرد و ئۆفەری جدییان هەبوو بۆ لایەنەکان لە عێراق. بەڵام لە عێراقی دوای داعش و هاتنی رووسیادا بۆ ناوچەکە، لایەنی نێودەوڵەتیی دیکە دێنە پێشەوە. گرنگیدانی رووسیا و وڵاتانی کەنداو بە مەیدانی عێراق دەرفەتی زیاتر بە کورد دەدات و لایەنە کوردیەکان دەتوانن سوود لەو دەرفەتانە وەرگرن، بەڵام هێڵە سوورەکەیان لەبیر نەچێت کە ئەمریکایە. لە خوارەوە روونی دەکەمەوە بۆچی تێگەیشتن لەم خاڵە بەتایبەتی بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکان دەکرێت گرنگ بێت.

من ناڵێم سەت لە سەت گوێڕایەڵی هەموو شتێک بن کە ئەمریکییەکان دەیڵێن، بەڵام ئاگاداری هێڵە سوورەکانی ئەمریکا بن و زەرەر ناکەن ئەگەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا بجوڵێنەوە. ئەمریکا هێزی ئیقلیمی و مامناوەندی وەکو ئێران و رووسیا و تورکیا نییە، زلهێزە. راستە لەبەر فراوانیی بەرژەوەندییەکانی، ئاژاوەی سیاسیی ناو واشنتن، نەبوونی ستراتیژیا و کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ئەمریکی زۆر جار ئەمریکا کاردانەوەی خێرای نییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە وڵاتێکی وەکو عێراق، بەڵام بیرمان نەچێت ئەگەر شتێک سەرنجی بڕیاربەدەستانی ئەمریکای راکێشا و بەهەڕەشەیان بینی و لەبەرژەوەندیی سیاسییان بوو کە کاردانەوەیان هەبێت، ئەوە ئەمریکا دەتوانێت زۆر شت بکات کە هیچ وڵاتێکی دیکە ئەو توانایەی نییە.

زۆر شرۆڤە لە میدیای جیهانی و ئەمریکی و لۆکاڵیدا هەیە کە دەڵێت جیهان بەرەو دووجەمسەری گەڕاوەتەوە، یان دونیای لیبراڵ کۆتایی هات، یان رۆڵی ئەمریکا بەرەو کۆتایی دەڕوات. ئەمانە هەمووی قسەی تیۆرین کە بۆ وانەکانی بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆکان باشن و لەسەر ئەرزی واقع بوونیان نییە و، نابێت ئەم جۆرە شرۆڤانە کاریگەرییان هەبێت لەسەر شێوازی بڕیاردانی سەرکردەیەک لە عێراق و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەگەر ویستێکی سیاسی جدی لە واشنتن هەبووایە بۆ باڵادەستی لە سووریا و ئۆکراینا، فلادیمیر پوتن بە یەک کەشتی فڕۆکەهەڵگر و ئابوورییە 1.3 ترلیۆن دۆلارەکەیەوە چی پێدەکرا بەرامبەر بە ئەمریکایەک کە تەنیا ئابووریی ویلایەتی کالیفۆڕنیای دوو ئەوەندەی ئابووریی هەموو رووسیایە؟ ئێرانێک بە قەرز چەک و مووشەک بۆ حوسییەکانی یەمەن دەنێرێت، بەرامبەر بە ئەمریکا چی پێ دەکرێت؟

سەرەتای ئەم مانگە بە یەک تویتی دۆناڵد ترەمپ و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز، رووسیا کەشتییەکانی لە کەنارەکانی سووریا دوورخستەوە و ئێران و میلیشیاکانی دەیان بنکەی سەربازییان چۆڵ کرد. جگە لە ئیدانەکردن، کاردانەوەی رووسیا و ئێران بۆ هێرشەکانی ئەمریکا چی بوون؟ من بە زمانێکی نەرمتر هەفتەی رابردوو لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەم پرسیارەم لە باڵیۆزی رووسیا کرد و ئەو لە وەڵامدا دەستی بەرز کردەوە و گوتی کاردانەوەکەمان ئەمە بوو. مەبەستی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو کە رووسیا داوای بەستنی کردبوو بۆ ئیدانەکردنی هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی ئەسەد.

مەبەستم کەمکردنەوەی گرنگیی رۆڵی ئێران و رووسیا و هێزە ئیقلیمییەکانی دیکە نییە، بەڵام زۆر گرنگە لەو راستیە نێودەوڵەتییە بگەین کە سەرکەوتنی مۆسکۆ و تاران لە سووریا و یەمەن و ئۆکراینا، مانای بێهێزیی ئەمریکا نییە، هێندەی مانای بێباکی و گرنگینەدانی ئەمریکایە. تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە. بۆ ئەمریکا، سووریا و ئۆکراینا و یەمەن ئەوەندەی عێراق گرنگ نین، ئەوان بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن چەند ترلیۆن دۆلارێک و هەزاران سەربازیان کردە قوربانی. دۆناڵد ترەمپ بیەوێت یان نا، داعش وانەیەکی جەماعی بەهەموو ئەمریکا داوە کە پشگوێخستنی عێراق کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

### ئەمریکا یان ئێران؟

لەوانەیە دۆخێکی نێودەوڵەتی دروست بێت کە کورد ناچار بکات لە قۆناغێکدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. ئێستا کورد و زۆربەی لایەنەکانی دیکە لە عێراق بۆ نزیکبوونەوە لە واشنتن پێویستیان بەوە نییە دژایەتی ئێران بکەن، بەڵام ئەمە لەوانەیە بگۆڕێت. رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئێران لە سووریا و عێراق یەکێکە لە ئەگەرەکان. هۆکاری ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لەوانەیە بڕیاری ئیدارەی ترەمپ بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و لەوانەشە هۆکارەکەی ئەم هەڵبژاردنانەی عێراق بێت.

ئەگەر لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە، لایەنەکانی سەر بە ئێران بەتایبەتی لە حەشدی شەعبی دەستبگرن بەسەر تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتدا لە عێراق، ئەوە عێراق لە ئەمریکا دووردەکەوێتەوە و بەتەواوی دەچێتە بەرەی ئێرانەوە. ئەوکات ئەمریکا لەوانەیە قورسایی سەربازی و ئابووریی خۆی بخاتەگەڕ بۆ بەهێزکردنی هەولێر لەبەرامبەر بەغدا. ئەوکات بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پێویستە ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: ئێران یان ئەمریکا؟ هیوادارم نوخبەی سیاسی و هەموو لایەنەکانی کوردستان یەکدەنگ بن لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و ئامادەی ئەم سیناریۆیەی دوا هەڵبژاردنەکانی عێراق بن.

بێگومان ئەمە یەکێکە لە ئەگەرەکان و لەوانەیە روونەدات. لە وتاری داهاتوودا باسی ئەگەری روونەدانی رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئێران دەکەم و چۆن کورد خۆی بۆ ئەگەری عێراقێکی سەقامگیر و هاوپەیمانی ئەمریکا ئامادە بکات.

***بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە بارەگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دایکێک و دوو کچەکەی بیر لە براندێکی کوردی دەکەنەوە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel : 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net











